خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب
د. لوقمان رەئوف ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر بابان ئەنوەر

# چەپی نوێ

د.ئەکرەمی میهرداد

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 133 )

ناوی کتێب: چەپی نوێ
بابەت: فکری
ناوی نووسەر: د.ئەکرەمی میهرداد
تایپ و هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال
بەرگ: ئومێد محەمەد
چاپخانە: حەمدی
ساڵی چاپ: 2016
چاپ: یەکەم
تیراژ: 500 دانە
نرخ: 1500 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن (1443)ی ساڵی 2016ی پێدراوە

# چەپی نوێ

د.ئەکرەمی میهرداد

2016

# نەوەی سێیەمی
# بزوتنەوەی سۆسیالیستی

## (ڕێبازی سۆسیالستی دیموکراتی)

**پێشەکی:**

سیستمی مۆدێرن، یان جیهانی دیموکراسی و ئەو سەردەمەی، کە بە پەیدابوونی سەرمایەداری و دەوڵەتی مۆدێرن دەناسرێتەوە (واتە دەوڵەتی نەتەوە و نیشتمان، نەك دەوڵەت و دەسەڵاتی بنەماڵە ئەرستۆکراتییەکان و پاڵپشتی ئایینی، یان مەزهەبی و هۆکار و قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی هێز و سەربازی) تا ئێستا چوار قۆناغی گرنگی بەخۆوە بینیوە. ئەم چوار سەردەم و قۆناغە بەو پێیەی، کە بەیانگەری ڕەوتی مێژوویی و دیموکراسی و مۆدێرنیزمە، هەر بەو ئەندازەیەش سەردەمەکانی گەشەی دیموکراسیش لەخۆیدا هەڵدەگرێت، کەلەو سەردەمانەدا پرسی پێشکەوتنی ئابووری و سیاسی و مەسەلەی ماف و ئازادییەکانیش بۆ خەڵکی ئەو وڵاتانە لە ئەوروپا و ئەمریکای باکور دەخاتەڕوو.

## سەردەمی یەکەم

بەسەردەمی خەباتی هاوبەشی و بەرەیی و پێکەوەیی تـەواوی بکەرەکانی دیموکراسی دەناسرێتەوە، واتە هەر چـوار بکەرە سەرەکییەکەی دیموکراسی (دەســەڵات و سیستەمی سیاسی نیشتمان و نەتەوە و ئابووری بـازاڕ، خاوەندارێتی تایبەتی و پرسی ماف و ئازادییەکان بۆ هــەمــووان، سەرەنجام بــوون و کاریگەری هەموو ئەو بکەرانەی، کە لەروانگە و بەرژەوەندی تایبەتی و جیاوازی خاوەنەکانیان، کەلەبزوتنەوەی مافەمەدەنی و سەرەتاییەکان، بزوتنەوەکانی سۆسیالستی، بزاڤەکانی ژنان و فێمێنیستی و بزوتنەوەی لاوان، بزاڤی ژینگە پارێزی و ئاشتی خوازی و ئینجا بزوتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوەکانە) پێکەوە و لە خەباتی


هاوبەشدا کاردەکەن بۆ هێنانەدی دیموکراسی و لەناوبردنی سەردەمی پێش دیموکراسی، پاشەکشەی ئەو دەسەڵات و هێزانەی کە ڕێگرن لە خەبات و هیوای ئازادی، یەکسانی، هاوکاری. ئەم سەردەمە لە فکر و فەلسەفەدا لەسەردەمی جان جاك رۆسۆ هەتا سەردەمی ئیمانۆیل کانت دەخایەنێ و تیۆری (هاوپەیمانی کۆمەڵایەتی) نێوان ئەو هێز و بکەرانە (بەپەیڕەوی لە رۆسۆ) دەبێتە چوارچێوە و دیدگای فەلسەفی و سیاسی بۆ رێکخستنی ئەم هێزانە لەخەباتی هاوبەشدا. بیروباوەڕەکانی ئیمانۆیل کانت کە بەلوتکەی سەردەمی رۆشنگەری و بەیاننامەی رۆشنی مۆدێرنیزم ئەژمار دەکرێت لە هەوڵی ئەوە دابوو، یەکەم بەدەستهێنانی ئاشتی بەردەوام و پایەدار، کەناوەڕۆکەکەی دەبێتە رێکەوتنی جیهانی نەتەوە و نیشتمانە سەربەخۆ و سەروەرەکان بۆ جیهانگیرییەکی پڕ لەئاشتی و رێکەوتن، دووەم ئەم جیهانگریەی مرۆڤ دەبێتە ناوەڕۆکی رێکەوتن و ئاشتی جیهانی و لەم زەمینەیەدا (کانت) وتە هەرەبەناوبانگەکەی خۆی دەکات: کە زەمینەی مۆدێرینزم و بوارەکانی ئابووری سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەیارمەتی هێزەکانی هۆشیاری، ئیرادە و ئەخلاقی مرۆڤانە دەبێت مرۆڤ بکرێتە ئامانج و رێگا بەهیچ کەسێك نەدرێت، کە هیچ مرۆڤێك بکاتە هۆکار بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی، واتە مرۆڤ دەکرێتە لوتکەی ئامانجەکانی ئـازادی و یەکسانی و برایەتی. دیارە ئەمەش بەو مانایە دەبێت کە سیستەمی مۆدێرن بە پەیڕەوی لە هەرسێ شۆڕشە گەورەکەی جیهان (بەریتانیا، ئەمریکا و فەرەنسا) مرۆڤ بەشدار و بەهرەمەند بکات لە ماف و ئازادییەکان بەهۆی دەوڵەتی یاسا و مافەکانەوە.

بەڵام لەدوای بەدەسەڵات گەیشتنی دەوڵەتی مۆدێرنی

نەتەوە و نیشتمان، دوو بکەری یەکەمی ئەم سیستەمە (واتە بکەرەکانی سیستەم و سیاسەت بە پشتیوانی دەوڵەتی نەتەوە و نیشتمان و دواتر دەسەڵات و بکەری ئابووری بەپاڵپشتی ئابووری سیاسی و بازار و خاوەندارێتی تایبەتی) هەوڵدەدەن کەدەسەڵات و سیستەم و کۆمەڵگە کۆنترۆڵبکەن و لەروانگەی بەرژەوەندی و هێزی خۆیانەوە سەرلەنوێ ئارایشتی جیهان بدەنەوە، رووە دزێو و سود پەرست و هەژمونگەراکەی سەرمایەداری پیشانی خەڵك بدەن.

ئەم قۆناغە کە بە **سەردەمی دووەم**ی دیموکراسی دەناسرێت باشترین فکر و فەلسەفەی خۆی لە دیدگا و جیهانبینی فەیلەسوفی سیاسی ئەڵمانی (هیگڵ) دا پەیدادەکات، هیگڵ لە کتێبی (بنەماکانی فەلسەفەی هەق) دا باشترین و توندڕەوترین داکۆکی لە سیستەمی مۆدێرنی دەوڵەتی نیشتمان و نەتەوە و ئابووری بازاڕ و خاوەندارێتی دەکات[1]. سەردەمی دووەم لە مۆدێرنە و دیموکراسی، قۆناغی پاوان خوازی و هەژمونگەرایی ئابوری و سیاسەتە، بەسەر سەرجەم بوارەکانی ژیان و پاشەکشەی ماف و ئازادی و بکەرەکانی دیکەی سەردەمی سەرمایەداری. لەم سەردەمەدا مۆدێرنە و عەقڵانییەت لە سیستەم و دەسەڵاتی سیاسیدا بەپشتیوانی نەتەوە و نیشتمان، یان ئەوەی کە لە فەرهەنگی فکر و سیاسەتدا پێی دەوترێ دەوڵەتی مۆدێرن بەهاوکاری و پشتیوانی ئابوری و بازار و خاوەندارێتی تایبەتی دەیانەوێ، کە دیموکراسی و سیستەم و عەقڵانییەت بکەنە عەقڵانیەتی ئامێری و بیکەنە هۆکار، هێزێك بۆ پاوانکردنی دەسەڵاتی سیاسی سەرمایەداری و بردنی زۆرترین و سوود و قازانجی ئابوری. بێگومان ئەم دوو رەوشە لەسەر حسابی ژیان و ماف و ئازادی زۆربەی خەڵك بەئەنجامدەگات، لەم سەردەمەدا

خەڵك بەگشتی و کرێکاران و هەژاران بەتایبەتی دەکەونە بەر رەحمەتی زاڵمانەی سەرمایەداری، سەرمایەداریش رووخساری سود پەرستی و دەسەڵاتی زاڵمانەی خۆی بۆماویەکی زۆر دەسەپێنێت، لەم قۆناغەدا هاوکێشەی سیستەمی مۆدێرن و عەقڵانی بەم شێوەیەی لێدێت:



## سەردەمی سێیەم،

بەڵام هێندەی نەخایاند خود و بکەرەکانی دیکەی ناو سیستەمی مۆدرێرن و دیموکراسی هاتنەمەیدانی خەبات و نەیاری بەرامبەر هەردوو بکەری دەسەڵات و ئابوری، ئەو ”خود“انە لەروانگەی داواکاری ژیانی ئابوری و یەکسانی و بەهرەمەند بۆ هەموو کەس لە هەوڵ و بیروباوەرەکانی سۆسیالیزمی سەرەتایی، یان سۆسیالیستی یۆتۆپیدا پەیدابوون و لێرە بەدواوە بەردەوام بزاڤەکانی سۆسیالیستی بەهەموو شێوەکانی سەرەتایی، مارکسیزم، سۆسیال دیموکراسی، سۆسیالیزمی رادیکال و فەلسەفی و سەرەنجام سۆسیالیستی دیموکراتی، تا ئێستا لەمەیدان و هەرچۆنێك بۆیانکرابێت دیدگا و خەباتی خۆیان بەردەوامکردوە. ئەم بکەرە سۆسیالیستی یە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە، یان لە ساڵانی بیستی سەدەی نۆزدە بەدواوە لە خەباتدا بوون بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئازادییە سەرەتایی و مەدەنی و سیاسییەکان بۆ تەواوی خەڵك، نموونەی ئەم بزاڤەش لایەنگرانی (بەیاننامەی خەڵك)ن لە بەریتانیا بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانە و لەپێش هەمووشیانەوە مافی دەنگدانی گشتی پاشان بزاڤی کرێکاری سیاسی چارتییەکان بۆ کەمکردنەوەی کاتی کارکردن و بەدەستهێنانی یاسای کار لەوڵاتانی لاتینی یان وڵاتانی فەرەنسا، ئیتاڵیا و ئیسپانیا سەرهەڵدانی بزاڤەکانی سەندیکایی و لە بەرتانیاش سەرهەڵدانی بزافەکانی سۆسیالیستی و فابی، کە دەیانویست ریفۆرمی سیاسی و ئابوری لە سودی خەڵك بەگشتی بخەنە ناو یاسا و سازوکاری دەوڵەتی مۆدێرنەوە.

سەرهەڵدانی بزاڤەکانی مافی مەدەنی و سیاسی و مافی ژیان تاڕادەیەك زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکای گرتەوە، لەو نێوەشدا پەیدابوونی بزاڤەکانی فێمینستی و بەتایبەتی سەرهەڵدانی فێمینیزمی لیبڕاڵ و مارکسی بۆ داوای ئازادی و سەربەخۆیی ژنان لە یاسای گشتی و ماف

و ئازادییەکاندا[2]. بێگومان لوتکەی بزاڤەکانی سۆسیالیستی و کرێکاری بەشێوەی مارکسیزم و لەنیوەی دووەمی دەیەی نۆزدە دەبێتە بزووتنەوەیەکی بەهێزی جەماوەری و جیهانی، کەتوانی هــەردوو ئەنتەرناسیۆنالی جیهانی کرێکاران و سۆسیالیستی لەسەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا بکاتە ئەڵتەرناتیڤی بەهێز و رکابەری مۆدیرنەی سەرمایەداری.

لەکاتێکدا کــە ئــەوروپــا و ئەمەریکا پــڕدەبــێــت لە بزوتنەوەکانی ئازادیخوازی و داواکــاری ماف و ئــازادی و بەهێزبوونی بزوتنەوەکانی سۆسیالیستی، بێگومان زەمینە و هەلومەرجێك دەڕەخــســێ کە تاکی هۆشیار وخــاوەن ئیرادە، ئەخلاقی باڵا دیدگا و روانگەی فکری و فەلسەفی بۆ رەخنەگرتن لە مۆدێرنەی سەرمایەداری و سیستمی باڵادەست بخاتە مەیدانەوە. ئەم روانگە و دیدگا هۆشیار و بەئیرادەو خاوەن ئەخلاقە لە بیروباوەرەکانی فریدریك نیچەی فەیلەسوفی ئەڵمانی بەباشی بەیانکراوە، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە بکەرە گرنگەکانی سەردەمی سێیەم بۆ رەخنە و نەیاری لەبەرامبەر سیستەمی مۆدێرن ودیموکراسی. خود و بکەری سێیەم لە روانگەی خۆشی و چێژەکانی ژیانی تاکەوە دەبێت ئەم داوایە لە زەمینەی هەق و مافی غەریزی و ئیرۆسیدا پەیدا دەبێت و بیروباوەڕەکانی (سیگمۆند فرۆید)ی پزیشك و دەروونشیکاری نەمسایی دەبێتە مانیفێستی ئەو ئاسۆ و داواکارییە گشتییە بۆ هەمووکەس. بەمجۆرە سێ بکەری گرنگ و کاریگەر لەسەردەمی سێیەمدا دێنەمەیدانی ژیان و خەبات، لەبەرامبەر هەژموون و سودپەرستی هــەردوو دەسەڵاتە بەهێزەکەی مۆدێرنە، دەسەڵاتی ئابوری و ئەم سێ بکەرە لە سێ بیروباوەری گرنگ و کاریگەری (مارکس، نیچە و فرۆید) دەبنە سێ هێرشی میتۆدی و فکری و نەیاری دیموکراسی و سەرمایەداری مۆدێرنەی سیاسەت و ئابووری هەژموونگەر.

## سەردەمی چوارەم:

دەبێتە سەردەمی بەهێزبوون و کاریگەری و خۆ سەلماندنی ئەو بکەرە گشتیانە و لەیاسای وڵاتانی ئەوروپی و ئەمەریکی لەدوای پەسەندکردنی (جاری گەردوونی مافی مـرۆڤ) لەساڵی (1948) پەیدادەبێت. لەم سەردەمەدا سەرەڕای بەشداری و بەهرەمەندی رێژەیی خەڵك، کرێکاران، فەرهەنگی گشتی، داواکاری ئابووری، مافی ژیان و ئازادی و بەشداری سیاسی و مافەکانی تاك و پەسەندکردنی سەروەری و سەربەخۆیی بۆ نەتەوەکان، بەڵام زەمینەو هەلومەرجێکی گشتی و جیهانی بەشێوەیی یاسایی بۆگەشەی زیاتری ئەو خود و بزوتنەوانە دەرەخسێ بۆ دەسکەوت و بەهێزی و کاریگەری و بەردەوامبوونیان [3]. گەورەترین دەسکەوتی ئەم سەردەمە (بێگومان بەشێوەی رێژەیی) پەیدابوونی دەوڵەتی رەفایە لە ئەوروپای رۆژئاوا و ئەمەریکای باکور، کە تائێستا کۆمەڵگە و سیستەم و مرۆڤی ئەو وڵاتانە لەبەرهەمەکەی بەهرەمەنددەبن. لـەم سـەردەمـەدا چەند بزوتنەوەی بەهێزو کاریگەر لە ئاستی وڵاتەکان و لە ئاستی جیهانیشدا دێنەمەیدان و کاریگەرییان دەبێت، کە ئەمانەن: بزوتەوەی مافە مەدەنییەکان لە (USA) لەسەرەتای دەیەی (1950)، بزوتنەوەی کرێکاری و سۆسیال دیموکراتی لە ئەوروپای رۆژئاوا، بزوتنەوەی سەندیکالیستی یان ئانارکۆ سەندیکالیزمی (فەرەنسی، ئیسپانی، ئیتاڵی، یۆنانی، پرتوگالی)، بزوتنەوەی فێمێنیستی سۆسیالیستی و ئازادیخوازی ژنان، بزوتنەوەی نەتەوە چەوساوە و زوڵم لێکراوەکان بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، بزووتنەوەی خوێندکاران و لاوانی فەرەنسا و ئەوروپا لەساڵی (1968) بەدواوە، بزوتنەوەی ژینگە پارێزی و ئاشتی خوازی ئەوروپا و ئەمەریکا. ئەم بزووتنەوانە

دەبنە زەمینەو ژینگەی سەرهەڵدانی نەوەی سێیەمی بزاڤی سۆسیالیستی، کە زۆربەی لێکۆڵیاران وشارەزایان سەرەتای دەیەی (1960)بەسەردەمی سەرهەڵدانی ئەم نەوەیە دەزانن، کە بە سۆسیالیستی دیموکراتی دەناسرێن و رێگای سێیەمە لەنێوان هەژمونگەری کۆمۆنیزمی رووسی و ئۆردوگایی لەلایەك و سۆسیال دیموکراسی ئەوروپای رۆژئاوا، کە بەریفۆرمیزم و پارێزەری سیستەمی سەرمایەداری ناسراوە، لەلایەکی ترەوە.

## سێ نەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی

(سۆسیالیزم ئەڵتەرناتیفی ئابووری ململانێ و سود پەرستی سەرمایەدارییە، کە لە هەوڵی هێنانەدی هاوکاری و یەکسانی کۆمەڵایەتی راستەقینەدا دەیەوێت نایەکسانی ئابوری کەم بکاتەوە، چاودێربێت بەسەر بازاڕی کار و سەرمایەدا)[4]. بزاڤی سۆسیالیستی هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە، وەکو بیروباوەڕ و ئامۆژگاری هەندێك لە بیرمەندان، تادەگاتە سەردەمی زێرینی ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم و دووەم، پاشان بەهێزبونی هەردوو باڵی سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزمی لینینی و تادەگاتە ئەم سەردەمە، بڕوایان بەم پێناسە گشتییە بۆ بەدیلی سۆسیالیستی لەبەرامبەر دەسەڵات و ئابوری سەرمایەداریدا هەیە.

لەسەرەتای سەدەی نۆزدە لایەنگرانی (کلۆد هێنری سان سیمۆن) تیۆرمەندی کۆمەڵایەتی فەرەنسیو (رۆبرت ئۆین) چاکسازی کۆمەڵایەتی ئینگلیزی، (زاراوەی سۆسیالیزمیان بەکارهێناوە). ئەم دووکەسە هەردووکیان بڕوایان بەئامۆژگاری و پەروەردەی کرێکاران و سەرمایەداران هەبوو، بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم و چاکسازی لە پێناو هێنانەدی کۆمەڵگەی هاوکاری و یەکسان لەبەرهەم و دابەشکردندا. (لویی بلان) کە یەکێکە لە تێکۆشەرە سۆسیالیستە کاریگەرەکانی فەرەنسا و لەو سەردەمەدا بڕوای بە ریفۆرمی ئابوری و سیاسی و هێنانەدی خۆشگوزەرانی هەبوو لە ریگای یاسا و کاری پەرلەمانییەوە. ئەو لایەنگری ئەو هەلومەرجە بوو بۆ دەوڵەت و کۆمەڵگە، کە ئێستا پێی دەڵێن (دەوڵەتی رەفا). بەڵام بۆچونەکانی (شارڵ فۆرییە)ی فەڕەنسی دەیخوازی کە گۆڕانکاری بنەڕەتی لەناو کۆمەڵگەدا بکرێت لەڕێگای ئەو گروپانەی، کە خۆی هانی پێکهێنانی دەدان. لەناو ئەو گروپانەدا کۆتوبەندی

دابەشکردنی کارو بیرۆکراسی و دابونەریتی کۆنی تاك هاوسەری و جیاوازی چینایەتی بوونیان نەبوو. (پییر جۆزیف پرۆدۆن) رادیکالیست و شۆڕشگێڕی فەڕەنسی، کە دەیوت (دارایی و سامان دزیین) دەیویست بە پشتبەستن بە رێکخراو و سەندیکاکانی (نیاز و پێویستی ژیان) خەبات و کۆمەڵی سۆسیالیستی بە شێوەی بیرکردنەوەی خۆی ئاوابکات.

بڕوای ئەم بەشە لە سۆسیالسیزمی سەرەتایی جیاواز بوو لەگەڵ دیدگای رێبازی رادیکاڵ و شۆڕشگێری ئەو سەردەمەی بزاڤی سۆسیالیستی، کە دەیانویست لەڕێگەی شۆڕش و راپەرین و هەندێك جاریش توندوتیژی و تیرۆریزمەوە دەسەڵاتی سیاسی بگرن، پاشان بەرنامەی سۆسیالیستی لە زەمینەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا بەدیبهێنن. (لویی ئۆگست بلانکێ) کەخۆی و لایەنگرانی ئیلهامیان لە بیروباوەڕی (فرانسوا نۆیڵ بابۆف)ی ئانارشیست و ئاشوبگەری فەرەنسی وەردەگرت. بابۆف و لایەنگرانی لەسەرەتادا شۆڕشی فەرەنسییان وەکو شۆڕشی یەکسانی خواز و دڵخواز سەیردەکرد، بەڵام پاشان گومانیان لە دەسەڵاتی بۆرژوازی پەیداکرد، بۆیە دەیانویست هەر بەشێوەی شۆڕش ئەو دەسەڵاتە لابەرن و خۆیان بچنە سەر دەسەڵات. لایەنگرانی بلانکێ دەوری بەرچاویان هەبوو لە چالاکی شۆڕشگێرانەی چەند دەیەیەك لە فەرەنسا، کە سەرئەنجام لە (کۆمۆنی پاریس)دا لەساڵی (1871) رەوتی زۆرینەبوون و ئەوان و بەشەکانی دیکەی بزاڤی کرێکاری و سۆسیالیستی توانییان بۆماوەی دومانگ پاریس کۆنترۆڵبکەن و دەسەڵاتی کۆمۆنە دامەزرێنن[5]. سەرەرای ئەوەی کە ئەم بیروباوەڕە سۆسیالیستی یانە هەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدە تا ناوەڕاستی ئەو سەدەیە، دیدگا و میتۆدی گشتی و پلورالیستی بزاڤی کرێکاری و سۆسیالیستی

بوون، بەڵام نەیانتوانی دوو بەرهەمی کاریگەر بۆ ئەو بزاڤە بەدەستبهێنن: یەکەم، نەبوون و هەوڵنەدان بۆ هێنانەدی دیدگا و بەرنامەیەکی گشتی فەلسەفی، سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتی بۆ بزاڤی سۆسیالیستی، کە پاشان مارکسیزم بەم کارە هەستا. دووەم، ئەم بزوتنەوانە یان لەڕاستیدا ئەم پەیڕەوانە نەیانتوانی لەگەڵ یەك هاودەنگی و هاوکاری جیهانی یان ئەوروپی بەدەستبهێنن، هەموویان بەشێك بوون لە بزووتنەوەی نیشتمانی وڵاتەکەی خۆیان و کاریگەری ئەوروپییان بەدەستنەهێنا، کە دیسان مارکسیزم لەنیوەی سەدەی نۆزدە بـەدواوە بەم کارە هەستا. سەرئەنجام ئەم پەیڕەوە سەرەتاییانەی سۆسیالیزم نەبوونە بزاڤێکی بەردەوام و نەبوونە نەوەیەك لە بزاڤی سۆسیالیستی لە مەیدانی ئابوری و سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی جیهانی مۆدێرن.

نـــەوەی یەکەمی بـزوتـنـەوەی سۆسیالیستی، وەکو بزاڤی سیاسی و جەماوەری لە ئاستی جیهانی مۆدێرندا (ئەوروپا و ئەمەریکا) لەسەر دەستی بەهێز و توانای مارکسیزم پەیدادەبێت، لە ژیانی ئەم نەوەیەدا رەوت و لێکۆڵینەوەی مارکسیستی لە هەموو رەوتەکانی دیکەی ناو بزاڤی سۆسیالیستی بەهێزتر و گشتی تر دەبێت. مارکسیزم، وێڕای دیدگای فەلسەفی و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی تایبەت بەخۆی، بەهێز و کاریگەریش بوو لە پێکهێنان و بەهێزبوونی پارت و فیدراسۆنە کرێکاری و سۆسیالیستیەکان لە تەواوی وڵاتانی ئەوروپی و ئەمەریکیدا. ئەم کارە بەتایبەت دەربارەی هەردوو فیدراسیۆنی کرێکاری و سۆسیالیستی جیهانی راست بوو،((یەکێتی جیهانی کرێکاران)) کە بە ئەنتەرناسیۆناڵی یەکەم لە مێژوودا ناسراوە بە پێشڕەوی و رێنمایی بیروباوەڕەکانی مارکس لە ساڵی (1864) لە لەندەن

دامەزرا و ((نێونەتەوەی دووەم)) کە لەساڵی (1889) دامەزرا و پاریس لەئامێزی گرت و تا ساڵی (1914) بەردەوامدەبێت. هەرچەندە لەم دو ئەنتەرناسیونالەدا جگە لەڕەوتی مارکسیزم، دوو رەوتی دیکەش هەبوون، کە ئەوانیش رەوتی ریفۆرمیست و ئانارشیست بوون، بەڵام رەوتی شۆڕشگێڕی سۆسیالیستی و کرێکاری بە رێنمای مارکسیزم بەهێزترین رەوتی ناو هەردوو ئەنتەرناسیوناڵ بوو. سەرئەنجام مارکسیزم لەڕێگەی ئەو دوو ئەنتەرناسیۆنال و پارتەکانی سۆسیال دیمورکراسی و بزاڤی بەهێزی کرێکاریەوە سەردەمی زێرینی خۆی [6] هەتا ساڵی (1914) بەردەوامکرد.

نەوەی دووەمـی بزاڤی سۆسیالیستی لـەدوای کۆتایی هاتنی تەمەنی ئەنتەرناسیۆنالی دووەم، واتە لە ساڵی (1914) دەستپێدەکات. زۆربــەی سەرچاوەکان و مێژوونوسانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی لەو بـاوەڕەدان کەساڵانی نێوان 1864-1914 بەسەردەمی سەرهەڵدان و بەهێزبوون و وەرچـەرخـانو کاریگەربوونی بزوتنەوەی سۆسیالیستی ئەژماردەکرێت لە سیاسەت و فەرهەنگ و ژیانی ئابوری و سیاسی ئەوروپا و ئەمەریکا، کە ئەم سەردەمە دەبێە تەمەنی نەوەی یەکەمی بزاڤی سۆسیالیستی. بەڵام نەوەی دووەم کەلەسەرەتای جەنگی جیهانی یەکەمەوە دێتە مەیدان بەهەردوو باڵی ریفۆرمیست (سۆسیال دیموکرات) و توندڕەوی شۆڕشگێڕی (کۆمۆنیست)ەوە، دەبنە دوو باڵی بەهێز و جیاواز و دژ بەیەك لە بزاڤی سۆسیالستی دا و تەواوی سەدەی بیستەم دەبێتە سەدەی براکوژی نێوان سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزم لە ئاستی جیهانیدا.

سۆسیال دیموکراسی درێژکراوەی باڵی ریفۆرمیست و شێوە مارکسی ناو ئەنتەرناسیوناڵی دووەم بوون کە لە

پەیڕەوەکانی ئەڵمانی (ئیدوارد برنشتاین)، فەرەنسی (جان جۆریس)، مارکسیستی نەمسایی (ئاسترۆ مارکسیست، کارل رینەر، ماکس ئادلەر، ئۆتۆباوەر) و پەیرەوی بەریتانی (سۆسیالیزمی فابی و پارتی کرێکاران) توانییان بەهێزترین پارتی سۆسیالیستی، یان لە راستیدا پارت و بزوتنەوەی جەماوەری و کرێکاری لەتەواوی ئەوروپای رۆژئاوادا پێکبهێنن.

کۆمۆنیزمیش لەرێگای بیروباوەڕەکانی لینین (لینینزم) و کۆمۆنیزمی روسی و ستالینەوە، توانییان لەوڵاتانی رووسیا (یان سۆڤیەت) و تەواوی وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات، کۆمۆنیزمی ئۆردوگایی پێکبهێن و لە ساڵ (1917)وە هەتا ساڵی (1991) کاریگەری بەهێزیان لەسیاسەتی جیهانیدا هەبوو، وەکو ئۆردوگایەکی سیاسی و ئابووری لەبەرامبەر ئەمەریکا و هاوپەیمانانی رۆژئاوایی. سیاسەت و بەرنامەی بەناو سۆسیالیستی ئەم ئۆردوگایە لەو سەردەمەدا (1917 – 1991) لەم چەند خاڵەدا بەیاندەکرێت: یەکەم، ئاستی نزم و هەژارانەی ژیانی ئابووری لەم ئۆردوگایەدا. دووەم، نەبوونی ئازادی و دیموکراسی و دەسەڵاتدار بوونی دیکتاتۆری سیاسی ئەحزابی کۆمۆنیستی پەیڕەوی سۆڤیەت و سێیەم: ناسیۆنالیزم لەهەردوو ئاستی هەریەکێك لەو وڵاتانە، یان لە ئاستی ئۆردوگاییدا و بەتایبەتی ناسیۆنالیزمی قەڵای مەزنی سۆسیالیزم کە (شورەوی)یە[7]. سیاسەتی ناسیۆنالستی ئۆردوگای کۆمۆنیستی بەومانایەدێت، کە بەرژەوەندی جیهانی و ئەنتەرناسیۆنالیستی کرێکاری و سۆسیالیستی لە جیهاندا کراوەتەپاشکۆ و قوربانی، بۆ پاراستنی ئۆردوگای مەوجودی کۆمۆنیستی و هەموو سیاسەتە جیهانییەکان تەنها لەڕوانگە و بەرژەوەندی سۆڤیەت و ئۆردوگا و کاریگەری

جیهانی ئەو وڵاتەوە سەرچاوەدەگرێت، نەك لەبەرژەوەندی خەباتی چینایەتی جیهانی کرێکاران و سۆسیالیزم.

بەم شێوەیە هەردوو باڵی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی لەسەردەمی نەوەی دووەمی سۆسیالیزمدا، درێژە بە ژیانیان دەدەن و سەرئەنجام لە ساڵانی (1960) بەدواوە رەوت و بزاڤی نەوەی سێیەم لەناو بزوتنەوەی سۆسیالیستی جیهانیدا سەر هەڵدەدات، وەکو رێگەی سێهەمی جیاواز لە کۆمۆنیزمی دەوڵەتی و هەژمونگەر و دیکتاتۆریو سۆسیال دیموکراسی ریفۆرمیست و شێوەیەك لە پاراستنی سەرمایەداری.

## مێژووی سەرهەڵدانی نەوەی سێیەم

دەیەی شەستی سەدەی بیستەم بە سەرهەڵدانی ڕەوتێکی نوێ لە بزاڤی سۆسیالیستی دائەنرێت، کە بەزۆر ناوی جیاوازەوە دێنەمەیدانی خەبات. زەمینەی سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتە بۆ دوو هۆکاری سیاسی و ئابوری و جیهانی گرنگ دەگەڕێتەوە، یەکەم نەیاری و نارەزایی بەرامبەر بە سیاسەتی دەوڵەتانی سەرمایەداری لەبەرامبەر کێشەی نەبوونی دادپــەروەری کۆمەڵایەتی، شەڕی ساردی نێوان هـەردوو ئۆردوگای بەناو سۆسیالیستی لەلایەك و ئۆردوگای ڕۆژئـاوا بەسەرکردایەتی ئەمەریکا و زەمینەی سەرهەڵدانی شەڕی جیهانی و مەترسی چەکی ئەتۆمی و کۆکوژ. دووەم، سیاسەتی هەڵەی هەردوو باڵ کۆمۆنیستی و سۆسیال دیموکراسی سەبارەت بە فەرامۆشکردنی پرسەکانی ئازادی، دیموکراسی، ئاشتی و عەدالەت و خەریك بوونی ئەو دووباڵە لەلایەك بەکێشە و جیاوازیی نێوان خۆیان و لەلایەکی دیکە بە پاراستن و هێشتنەوەی هەژموونی جیهانیان لەسەر حسابی بەرژەوەندی بزاڤی کرێکاری و سۆسیالیستی و عەدالەتی جیهانی.

سەرهەڵدان و بەهێزبوونی خەباتی جەماوەری و دیموکراتی دەرەوەی پەرلەمانەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا لەسەرتای دەیەی (1960) و بڕوانەمان، یان کزبوونی ئومێدەکان بەپارتەکانی سۆسیال دیموکراسی، کە دەبێتە زەمینەیەك بۆ سەرهەڵدانی بزاڤەکانی بەدەستهێنانی مافەمەدەنییەکان (بەتایبەتی لە (USA) و بزاڤەکانی ژنان و فێمێنیستە ئازادی خواز و یەکسانی خوازەکان، ڕاپەرینی خوێندکاران و لاوانی (فەرەنسا) و ئەوروپا و ئەمەریکا لە ساڵی (1968) و بزاڤی ڕزگاری خوازی نەتەوەکان، پاشان سەرهەڵدانی بزاڤی ژینگەپارێزی و سـەوزەکـان و لەسەرەتای دەیەی (1970) و پەیدابوون و بەهێز بوونی نەیاری،

ناڕەزایی لەدژی جەنگ و چەکی ئەتۆمی و دروستبوونی بزاڤی لایەنگرانی ئاشتی، لەکۆتایی دەیەی (1980) و سەرەتای دەیەی (1990)و پاشەکشە و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتانی کۆمۆنیست، دیکتاتۆری تاك حزبی لە سۆڤیەت و ئەوروپای رۆژهەڵات و رووخانی دیواری بەرلین لەساڵی (1989) دەبێتە سیمبول و هێمای سەردەمێکی تازە بۆ سەرهەڵدانی نەوەیەکی نوێ لە سۆسیالیزم. بڕوای ئەم نەوەیە لە بزوتنەوەی سۆسیالیستی بەرامبەر بە وڵاتانی بەناو سۆسیالیست ئەوە بوو، کە ئەو دەوڵەت و پارتانە بە هیچ شێوەیەك سۆسیالیست نەبوون، بەڵکو دەوڵەتی دیکتاتۆری بوون بەسەر پرۆلیتاریا و خەڵکەوە نەك دیکتاتۆری پرۆلیتاریا. راپەرینی لاوان و خوێندکارانی پاریس و کۆنترۆڵکردنی بەشێك لە زانکۆکانی فەرەنسا، ئەمەریکا و هەموو وڵاتانی پێشکەوتوو لەلایەن لاوانەوە لە مانگی ئایاری (1968) و بەرزکردنەوەی دروشم و خواستەکانی سۆسیالیستی و تا رادەیەك ئانارشیستی، بەسەردەمێکی گرنگ لەتەمەنی ئەم نەوەیەی سۆسیالیستی ئەژمار دەکرێت. زۆرترین بەشداربووانی بزاڤەکانی خوێندکاران و لاوان، لایەنگرانی بزاڤەکانی (چەپی نوێ) بوون کەلەسەرەتای (1960) پەیدابووبوون، چەپی نوێ بەشێوەی گشتی زیاتر ئـازادی خواز بوون، تا سۆسیالیستی کەئەمەش کاردانەوەیەك بوو بەرامبەر ئۆردوگای دژی ئازادی و دیموکراسی بەناو سۆسیالیستی و سیاسەتی دیکتاتۆری حزبە کۆمۆنیستی یەکانی سەر بە سۆڤییەت.

ئەوناوەی کە تەواوی لایەنگرانی بزوتنەوە ناوەبراوەکان لەسەری کۆك و هاودەنگ بوون، ناوی سۆسیالیستی دیموکرات یان سۆسیالیست و دیموکرات بوو بۆ خۆجیاکردنەوەیان لە هەردوو رەوتی سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزمی ئۆردوگایی. هەندێك لە سۆسیالیستە مرۆڤدۆستەکان و بەشێك لەلایەنگرانی

(تیۆری ڕەخنەی ئەمەریکایی و بەریتانی لە دیموکراسی لیبراڵی) بوونە قسەکەری ئەم بزاڤە نوێیە. بیریاران و ڕەخنەکارانی بەرجەستەی ئەمەریکایی و بەریتانی وەکو رۆبرت دال، کە بڕوای بەهێزی بە سۆسیالیزم هەبوو، کرافۆرد ماکفرسۆن کە باسی لە دیموکراسی ڕاستەقینە و پلورالیستی دەکرد، ئا.پ. تۆمپسۆن مێژوو نووسی ئینگلیزی و ڕالف میلیباند، کە خاوەنی کتێبی گرنگ و ناوداری (سۆسیالیزم بۆ سەردەمی گومان)ە و یەکێك بوو لە تیۆریسنە ناودار و مامۆستا پڕکارەکانی (کۆلێژی ئابووری و سیاسی لەندەن) لە باس و تیۆرەکانیاندا خۆیان بەلایەنگرانی ئەم ڕەوتە لە سۆسیالیزم دەناساند. لێکۆڵیارانی چەپی نوێ بەبیرو ڕای هاوبەش لەگەڵ دیدگای مارکسی لاو، بەرەو بیرۆرای (لەخۆ نامۆ بوونی)ی مرۆڤی نوێ و نەبوونی ئازادی ڕاستەقینە لە سیستەمی سەرمایەدارییدا وەرچەرخان[8].

بزوتنەوەی مافە مەدەنییەکان لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، کاریگەری فـراوان و بەهێزی ئەو بزوتنەوەیە بۆ ماوەیەکی بەرچاو لەسەر کۆمەڵگە و سیاسەت و بیرکردنەوەی ئەمەریکی وای لە تیۆرمەندانی ئەم بزاڤەی سۆسیالیزم کرد، کە دووبارە گرنگی و ئاڕاستەیان بەرەو پرسی ماف و ئازادییە مەدەنییەکان زیندووبکەنەوە هەندێك لەو سۆسیالیستانە و بەتایبەتی (کرافورد ماکفرسۆن) تیۆر مەندی سیاسی کانادایی لە کتێبی (جیهانی واقعی دیموکراسی)دا نرخاندنی هاوسەنگتر و ڕاستەقینەتری لە دیموکراسی ئازادیخواز خستەڕوو. بەبڕوای ماکفرسۆن دیموکراسی تەنها لە دیموکراسی لیبرالی دا تەسك ناکرێتەوە، بەڵکو دوو جۆری دیکە لە دیموکراسی دەتوانێت فرەیی و بەهرەمەندی دیموکراسی بەرەو ئازادی خوازی واقعی بەدی بهێنێت. ئەو دوو جۆرەی دیکەی دیموکراسی بەبڕوای ماکفرسۆن یەکێکیان دیموکراسی رۆسۆیی یە، کە دەتوانێت

دیموکراسیەکی میللی، یان گشتی (نەك تەنها لیبرالی) بۆ هەمووان بەدەستبهێنێت، دوومیان لە دیموکراسی مارکسی، یان سۆسیالیستی یە کە پەیوەندارە بەپرسەکانی ئازادی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، دادپەروەری دابەشکردن و دارایی و سەرەئەنجام بونیات نانی شێوەیەك لە دامودەزگای سۆسیالیستی (کۆمەڵایەتی هاوبەش) و بەهرەمەند بۆ هەمووان[9]. سەرئەنجام تەواوی سۆسیالیستە دیموکراتەکان بروایان هێنا بە جۆرێکی دیکە لە دیموکراسی، کەجیاوازە لە دیموکراسی لیبراڵیو خۆیان ناوی دەنێن بە دیموکراسی سۆسیالیستی (بەپیرەوی لە ماکفرسۆن و میلیباند)[10].

بزاڤی رزگاریخوازی ژنان کە بووە هۆی سەرهەڵدانی پەیڕەوێك بەناوی (فێمینیزمی مارکسیست) و بە سودوەرگرتن لە دیدگا و نوسینەکانی مارکس، ئەنگلس، ئۆگست بیبل (یەکێك لە رابەرە گرنگەکانی رەوتی مارکسیست لە سۆسیال دیموکراسی ئاڵمان) و سۆسیالسیتەکانی سەرەتا (فۆریە، سان سیمۆن و رۆبرت ئۆین) شێوەیەك لە بیرکردنەوەی سۆسیالیستی و فێمێنیستیان بەئاڕاستەی پلوڕالیزم هێنایە ناو بزاڤی سۆسیالیستی و فیمینستی. هەڵوێستی رابەرانی ئەم پەیڕەوە سۆسیالیستی و فێمێنیستی یە لە بەرامبەر ئەوانەش، کە مارکسیست نەبوون، هەڵوێستی نەیاری نەبوو بەڵکو بڕوایان بە فرەیی لە بیر و باوەڕ و یەکێتی لە کار و ئامانجدا هێنا. بزاڤی فێمێنیستی سۆسیالیستی لەناو پارتە سەوزەکانیشدا، کە ئەوانیش بەشێکن لە نەوەی سێیەمی سۆسیالیستی گرنگ و کاریگەربوون.

پارتە سەوزەکان لەلایەنگرانی ژینگە پارێزی و ئاشتی پەروەری، کە لە ئەڵمانیا و وڵاتانی ئەسکەندەنافی بەهێز و کاریگەرن لە سیاسەت و بیرکردنەوەی ئەو وڵاتانەدا، هەر بەشێوەی پلۆرالیستی نێوان ژینگە پارێزی، فیمینیزم، ئاشتی

پارێزی و سۆسیالیزم بیردەکەنەوە و ئەمانیش بەشدار و هاوبەشن لە دیدگا گشتییەکانی رەوتی (سۆسیال دیموکرات) کە لە شوێنی خۆیدا باسیاندەکەین.

رەوت، یان پەیڕەوێکی دیکەی ناو سۆسیالیزمی دیموکرات ئەوانە بوون، کە دەیانویست پەیوەندی نێوان دیموکراسی و ناسیۆنالیزم و سۆسیالیزم زیندوبکەنەوە. روانگەی میتۆدی و فکری ئەم باڵە دیدگا و زانیاری لە دوو پەیرەوی مارکسی و سۆسیالیستی سەرەتای سەدەی بیستەم وەردەگرت. بڕۆنۆ باوەڕ و کارل رینەر و ماکس ئادلەر، کە بونیادنەرانی رەوتی (ئاسترۆ مارکسیست) یان پەیڕەوانی قوتابخانەی ڤییەننا بوون، بڕوایان وابوو کە دەتوانین دیموکراسی و سۆسیالیزم و ناسۆسیالیزم پێکەوە ئاوێتە بکەین و لەلای ئەوان ناسیۆنالیزم، یان نەتەوە پــەروەری دەبێت بەدیهێنەری ماف و نیازەکانی خەڵکیش بێت. واتە ناسیۆنالیزم (لەپەیڕەوی ئەواندا)تەنها بەدەستهێنانی سەروەری و سەر بەخۆیی نییە بۆ نەتەوەکان، بەڵکو دەبێت بەدیهێنەری سەروەریو سەربەخۆیی و نیاز و ژیانی تاکـــەکـانی ناو ئەو نەتەوەیەش بێت، یـــان هەروەکو خـــۆیان دەڵێن ((نەتەوە هاوچارەنووسی خەڵکەکانیەتی)) [11]. پەیڕەوی دووەم بۆ ئیلهامی (دیموکراسی، سۆسیالیزم و ناسیۆنالیزم) بۆ رەوتی سۆسیالیستی دیموکراتی، بیرو باوەڕەکانی تێکۆشەر و رابەر و تیۆرمەندی بزوتنەوەی سۆسیالیستی فەرەنسی (جان جۆریس)، کە دەیوست گفتوگۆ و ئاوێتە بوونی سۆسیالیزم و دیموکراسی و نەتەوەپەروەری لە بیروڕای ئاشتی خوازی و دژی جەنگ دا بەرهەمبهێنێت[12]. بەم جۆرە نەوەی سێیەم، دەیخواست کە جۆرێکی دیکە لە پلۆرالیزم و یەکتر خوێندنەوەی نێوان ئەنتەرناسیۆناڵیزمو نەتەوەخوازی بەدەستبهێنێت، لەم مەیدانەشدا راستگۆیی پلۆرالیستی خۆیان بسەلمێنن. بزاڤەکانی

رزگاری نەتەوەیی و نیشتمانی لە وڵاتانی روو لەگەشە، وای لە سۆسیالیستەکان کرد کە دووبارە گرنگی بەم باسە کۆنەی ناو دنیای سۆسیالیستی بدەنەوە و هەوڵبدەن، کە بەگرتنەبەری ئاڕاستە و سیاسەتی نوێ پەیوەندی نێوان نەتەوەپەروەری (ناسیۆنالیزم)، سۆسیالیزم و دیموکراسی بخەنەوە ناو سیاسەت و فەرهەنگی بزاڤی سۆسیالیستی.

لە ئەمەریکاو کەنەدا، پەیدابوونی رەوتی سۆسیالیزمی دیموکراتی زیاتر بەشێوەی بزاڤی کۆمەڵایەتی و یەکگرتنی نێوان گروپ و فیدراسۆنە کرێکارییەکان پێکدەهات، نەك بەشێوەی تێۆری و نوخبەیی. (سۆسیالیستە دیموکراتەکانی ئەمریکا) کە یەکگرتنی نێوان گروپە چەپەکان بوو لەساڵی (1983) لەلایەن (مایکل هارینگتۆن) و هاوکارانی دامـەزراو لەکاردا بوون بۆ نەیاری لەبەرامبەر سیاسەتی ناڕۆشنی سۆسیال دیموکراسی ناو پارتی دیموکرات لەبەرامبەر سیاسەتی جیهانی ئەمریکا، ئەوان دەیانویست لە روانگەی خەبات و ئاسۆی سۆسیالیستی جیهانییەوە، داوەری لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا بکەن، نەك لەروانگەی ئەمریکا پەرستی و خەونی ئایدیالیستی هەژموونی ئەمەریکاییەوە.

لە ئاستێکی فـراوانـتردا چەند پـارت و رووناکبیران و تیۆرمەندانی کاریگەر لەناو پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپای رۆژئاوادا و لەسەرەتای دەیەی (1980)کە بەشێکی بەهێزبوون وەکو باڵی دیموکرات، ئازادیخوازی ناو ئەو حزبانە، تەواوی پارتەکانیان لە ئاراستەی سۆڤیەتی دوورخستنەوە و هەرچی زیاتر بەرەو دیموکراسی دەچـوون. ئەم هەوڵانە لە ئیتاڵیا، ئیسپانیا، فەرەنسا، بەریتانیا، یۆنان و (ژاپۆن)سەرکەوتووبوون و ئەم بزوتنەوەیە کە بە (کۆمۆنیزمی ئەوروپی، یان ئورۆکۆمۆنیزم) ناسراوە و بەڕێنمایی بڕواکانی (ئەنریکۆ برلینگۆیر) بەهێزترین و

پایەدارترین ڕەوتی دژی لینینی و سۆڤیەتی بوون لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا. کۆمۆنیستە ئەوروپاییەکان، هەروەکو زۆربەی سۆسیالیستە دیموکراتەکان رویانکردە بەرهەم و نوسینەکانی (ئەنتۆنیۆ گرامشی) کە یەکێك بوو لە تیۆرمەندانی گرنگ و کاریگەری ناوبزاڤی مارکسیستی و رابەری بنیات نەری پارتی کۆمۆنیستی ئیتاڵیا بوو. گرامشی لە ئاوێتەکردنی کارو بەها شۆڕشگێڕییەکان لەگەڵ دیدگای ریفۆرمیستی دەربــارەی پەیوەندی نێوان سەرمایەداری، سۆسیالیزم و پێشڕەوی ئەو ئاوێتەکردنە لەنێو بیرمەندانی  نێونەتەوەیی دووەمــدا بێ هاوتابوو. گرامشی هەر بەوشێوەیەی کە داکۆکی دەکرد لە دیدگای مارکسی سەبارەت بە پێداویستی پارتی شۆڕشگیڕی چینی کرێکار، لەهەمان کاتدا لە خەباتی گشتی  جەماوەری ئانارشی و بێ بەرنامەی خەڵك بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی داکۆکی دەکرد، بەڵام هەندێك لە پارتەکانی ناو کۆمۆنیزمی ئەوروپی، وەکو حزبی کۆمۆنیستی فەرەنسا و ئیتاڵیا، زیاتر دەگەڕانەوە بۆ مارکسیزمی رەسەن (ئەرسەدۆکس) و هەوڵیاندەدا، کە ئەنجام و لێکۆڵینەوەی تازە لە مارکسیزم لەسەردەمی ئێستادا بەدەستبێنن.

دیدگای نەیاری و نارەزایی سۆسیالیستە دیموکراتەکان لەبەرامبەر گەندەڵی، ناکارایی، هــەژاری و دیکتاتۆری کۆمۆنیستی دەوڵەتانی بلۆکی رۆژهەڵات لەلایەکەوە و رەخنەی ئەوان لە سیاسەتی تەواو ریفۆرمیستی و تەسلیم بوونی سۆسیال دیموکراسی بەسەرمایەداری و بەشداری ئەوان لە سیاسەتی دژی مرۆڤانەی سەرمایەداری رۆژئاوا (وەکو جەنگ، پاوانکردن، جیهانگیری، هەژاری، ئالودەکردنی ژینگە) دوو بەرئەنجامی گرنگی لێکەوتەوە: یەکەم، دەبووایە زیاتر ئەوان (واتە نەوەی سێیەم) خەریك بن بەپەیوەندی نێوان سۆسیالیزم و دیموکراتی هەر بۆیەش ناوێکی هاوبەشیان لە نێوان ئەو دوو زاراوەیە بۆ

خۆیان هەڵبژاردووە. دووەم راستی و دروستی دیدگاکانی ئەوان سەبارەت بەهەردوو باڵەکەی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم لەهەموو زەمینەکاندا راستدەرچوو.

زەمینەکانی سەرهەڵدانی بزاڤی سۆسیالیستی دیموکراتی

نەوەی سێیەمی بزاڤی سۆسیالیستی سەرەڕای ئەوەی لە ژینگە و زەمینەی جیاواز و فرەوە سەرچاوەی گرتووە، زۆربەی جیهانی مۆدێرنی لە ساڵانی (1960) و (1970) و (1980) تا ئێستا گرتۆتەوە، بەڵام ئەم بزاڤە لە بناغەدا خاوەنی چەند تایبەتمەندی جیاوازە لە هەردوو باڵەکەی نەوەی دووەم. تایبەتمەندی رادیکالیزمو ئەنتەرناسیۆنالیزم، خەباتی شۆڕشگێری و دادپەروەری سۆسیالیستی و ئازادیخوازی دەبنە ناسنامەی گشتی ئەم بزاڤە و لەهەمانکاتدا بەیانگەری خودی ئەو ژینگە و زەمینانەشە کەتیایدا پەیدابوون. هەر بۆ سەلماندنی ئەوەی، کە ئەم بزاڤە لەژینگە و سەرچاوەی جیاوازەوە پەیدابوون (نەك تەنها خەباتی سیاسی و چینایەتی کرێکاران، وەك مارکسیزمی کلاسیك، سۆسیال دیموکراسی و لینینزم) تێگەیشتنی ئەوان، یان بەشەکانی ئەو بزاڤە لە خودی سۆسیالیزم چوون یەك و هاوتانییە، بەڵکو ئەوان یەکێك لە بەرهەمەکانیان دەبێتە بەدی هێنەری میتۆدی پلورالیستی سۆسیالیستی و پێکەوە ژیانی دیدگا جیاوازەکان لەناو سۆسیالیزمدا.

سەرئەنجام دەبێت ژینگە و زەمینەکانی ئەم رەوتە بناسین و لەو ناسینەدا لە فرەچەشنی و جیاوازی نێوان بەشەکان و ئەو بۆشاییەی، کە ئەم بزاڤە لە ئاستی جیهانیدا پڕیدەکاتەوە تێبگەین و زەمینەکانی سەرهەڵدانی دەبێتە جۆرێك لە ناسینەوەی فرە و ئاڵۆزی ئەم رەوتە:

**یەکەم:** دەیەی شەست دەبێتە ساڵانی زۆر پرس و

کێشەی کۆمەڵایەتی چارەسەر نەکراو، کە لە ئەنجامی گۆڕانکاری کۆمەڵگەی بۆرژوایی دوای جەنگی جیهانی دووەم پەیدابوون لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ناکۆکی، دژایەتی نێوان هەردوو ئۆردوگای رۆژئاوا و رۆژهەڵات مۆری خۆی دابوو لە هەموو پرس و کێشەکانی ژیان لە جیهاندا، هەروەها راگەیاندن و پڕوپاگەندەکانی جەنگی سارد، بەهێزبوونی پێشبڕکێی چەکداربوون، ئەگەری هەڵایسانی جەنگی سێیەم و کاریگەری چەکی ئەتۆمی و کۆکوژ ببوونە تابلۆی سەرەکی و چەند بارەی ژیانی خەڵکی جیهان، لەلایەکی دیکەشەوە کۆنترۆڵی بێ ئەملاولای ئەمەریکا بەسەر جیهانی رۆژئاوا (ئەوروپای رۆژئـاوا، ژاپـۆن، ئوستراليا و ئەمريكای باكور) زەمینەی دژایەتی ئەمریکا و ئۆردوگاکەی لە هەموو جیهاندا هەڵخراندبوو. دژایەتی جەنگی سارد و کێشەی ئەتۆمی و پیس بوونی ژینگە و نەبوونی ژیانی ئابوری و عەدالەت خوازی لە خودی ئەوروپا و ئەمریکاشدا دەبێتە زەمینەی یەکەم و سەرەکی بۆ پەیدابوونی بزاڤەکانی چەپی نوێ و نەوەی سێیەم.

**دووەم:** سەرهەڵدان و بەهێزبوونی بزاڤەکانی رزگاری خوازی نەتەوەکانی جیهانی روو لە گەشە و بەئاکام گەیشتنی هەندێك لەو بزوتنەوانە بۆ بەدەستهێنانی سـەروەری و سەربەخۆیی نیشتمانی و ئاوێتە بوونی سۆسیالیزم و ناسیۆنالیزم دەبێتە یەکێك لە زەمینە و ناسنامەکانی بزاڤی سۆسیالیستی تازە، یان سۆسیالیزمی وڵاتانی داگیرکراو. سەرکەوتنی شۆڕشی چین لە ساڵی (1949) و کوبا لە ساڵی (1959) و شۆڕشی جەزائیر لە (1962) ئەو زەمینانەن، کە سۆسیالیزمی دیموکرات و نیشتمان پەروەری تیا لەدایکبوو.

**سێیەم:** ئەگەرچی لە وڵاتانی ئەمەریکا و رۆژئاوا گەشەی پیشەسازی و تەکنەلۆژی و ئابوری لە دوای جەنگ سەردەمێك لە ژیان پێکدەهێنێت، بەڵام بەهچ جۆرێك لەو وڵاتانەدا نەگۆڕانکاری بەرچاو  لە پەیوەندییە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان دەبینرا، نەبەرهەمەکانی ئازادی و خۆش گوزەرانی بۆ هەمووان بوو. یەکێك لە داوا گرنگەکانی بزاڤی سێیەمی سۆسیالیستی بەدەستهێنان و بەهرەمەند بوونی هەمووان بوو، لە دەسکەوتی ئابوری و گەشەی ئـازادی و سیاسی. گۆرانکارییەکان لە زەمینەکانی ئابوری و سیاسەتدا پێویستی دەکرد، کە شێوەیەکی دیکە لەروانگەی فەرهەنگی و شارستانی و مافداری و ئەخلاقی بۆ چەپی نوێ پەیدا بکرێت و لەم سەردەمەدا بیروباوەڕەکانی مارکسیزمی فەلسەفی، یان مارکسیزمی رۆژئاوایی بەڕێنمایی یەکانی (گرامشی، لۆکاچ، کارل کۆرش و ئەرنست بلۆخ) دەبنە مانیفێستی فەرهەنگی و فەلسەفی چەپی نوێ.

لە کاتێکدا ئەمەریکا گەشتی ئاسمانی دەکـرد، بەڵام هەڵاواردنی نەژادی خەڵکی ئازاد خواز و دادپـەروەری بێدار دەکرد، لەکاتێکدا کە ژنان بەشێوەی فراوان و بەرچاو هاتبونە مەیدانی کار و بەرهەمهێنانەوە، بەڵام هێشتا ئاستی نزمی کرێی ئەوان ویژدانی بریندارەکرد. هەڵاواردنی رەگەزی ببوە یەك واقیع و راستی سەپێنراوی رۆژئاوا. هەموو ئەم رەوش و ژیانانە پێویستی بەوەڵامی ردیکال و ئازادیخواز و دادپەروەر بوو.

**چـوارەم:** لەم سەردەمەدا هیچکام لەبیروباوەڕو بزاڤە نەریتییەکانی دەسـەڵاتـداری وڵاتانی ئەوروپای رۆژئـاوا و ئەمریکای باکور وەڵامی گونجاو، یان رازیکەریان بەخەڵك نەبوو. بێگومان هیچ چاوەڕوانییەك لە لیبرالیزمی بۆرژوایی نەدەبینرا، کە خۆیان بەشێك بوون لە بەدیهێنانی ئەم هەلومەرجانە،

بۆنواندنی هەڵوێستی رادیکالی ئازادیخوازی، یان عەدالەت خوازی. سۆسیال دیموکراسی و پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپاش یا بەئاشکرا داکۆکی، یان لە سیاسەتی رەسمی باڵی دەسەڵاتداری وڵاتانی خۆیان دەکرد، یا بەشێوەی ناپەیگیر و زەبوونانە رەخنەی لاوازیـان دەگرت. پارتەکانی سۆسیال دیموکراسی بەڕەسمی لایەنگرییان لە بەرنامە و هەنگاوەکانی جەنگی ساردی ئەمەریکا لە دژی سۆڤیەت و کەمپی رۆژهــەڵات دەکـرد، کاتێکیش کەخۆیان دەسەڵاتدار بوون ئەو سیاسەتانەیان پیادەدەکرد. پشتیوانی ئاشکرای سۆسیال دیموکراتەکانی فەرەنسا و بەریتانیا لە سیاسەتی ئیمپریالیستی وڵاتەکانیان لەداگیرکردنی وڵاتانی جیهانی سێ، یەکێکە لەو رەخنە پەیگیرانەی کە چەپی نوێ و رەوتی سۆسیالیستی تازە لەبەرامبەریان خستیانەڕوو. داکۆکی ئاشکرای باڵی چەپی حزبی دیموکراتی ئەمەریکا، کە خۆیان بە سۆسیال دیموکراسی دەناساند، لەدەخالەت و جەنگی ئەمەریکا لە کۆریا و ڤێتنام شایستەیی و ئابڕووی سیاسی و مرۆڤدۆستانە و پێشکەوتووخوازی ئەو پارتەی لەکەدار دەکرد، چی دیکە بڕوای سۆسیالستەکانی بۆ خۆی رانەدەکێشا.

تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندی بەپارتە کۆمۆنیستەکانی رۆژئاواوە هەبێت، هەڵبەت راگەیاندن و پڕوپاگەندەی رەسمی دەوڵەتەکانیان سەبارەت بەجەنگی سـارد و دژایەتی، یان لەگەڵ سۆڤییەت و پارتە کۆمۆنیستەکانی ئۆردوگای رۆژهەڵات، هەلومەرجی سنوردار و نایاسایی بۆ ئـەوان پێش هێنابوو، هەروەها سیاسەتی بێ قەید و بەندی ئەو پارتانە بۆداکۆکیکردن لە سۆڤیەت و پارتە کۆمۆنیستەکەی، سیاسەتی ناوخۆیی و جیهانی ئەو ئۆردوگا بەناو سۆسیالیستییە، ئەوانی کردبووە بەشێك لە جەنگی سارد و سیاسەتی سۆڤیەتی. ئەم رەوشە هەرچۆن بووە مایەی رەخنە و نەیاری لەبەرامبەر سۆسیال دیموکراسی لایەنگری

ئەمەریکا و رۆژئـاوا، هەر بەو ئەندازەیەش زەمینەی بێزاری ئازادی خوازان و دادپەروەرانی سۆسیالیستی فەراهەمدەکرد لەبەرامبەر پارتە کۆمۆنیستەکان. سیاسەتی پارتە کۆمۆنیستەکان لە جەنگی ساردا لە جیاتی ئەوەی دژی جەنگ بن و داکۆکی لە ئاشتی جیهانی بکەن، بوونە بەشێك لە داکۆکی کردن لەبوونی چەکی ئەتۆمی و کۆمەڵ کوژ لەدەستی سۆڤێت و پەیڕەوانی بەناوی ئەوەی، کەدەبێت کرێکاران و کۆمۆنیستەکانیش خاوەنی ئەو چەکانەبن لەبەرامبەر هەژموون و دەستدرێژی ئیمپرالیستی ئەمەریکا و ئەوروپای رۆژئاوا. سیاسەتی ئەم پارتە کۆمۆنیستانە لە پێش هەژمونی شورەوی تا ئەو رادەیە نامرۆڤانە و ریسوایی هێنەربوو، کە داکۆکییان لەهێرشی سەربازی سۆڤیەت و پەیڕەوانی دەکرد، تا رادەی داگیرکردنی سەربازی هەنگاریا لەساڵی (1956) و هێرشی سەربازی بۆ سەر چیك و لەناوبردنی بەهاری پراگ لە ساڵی (1968).

رەخنە و نەیاری چەپی نوێی سۆسیالیستی دیموکرات لەبەرامبەر سۆسیالیزمی ئۆردوگایی بەڕادەیەك کاریگەر بوو، کە بووە هۆی کەمبوونەوەی شایستەیی و لەدەستدانی هەژمونی فکری و فەلسەفی و سیاسی بیروڕای سۆڤییەتی لەناو کۆڕو کۆمەڵی ئازادی خوازان و پێشکەوتووخوازاندا. لەم سەردەمەدا زۆرێـك لە روناکبیران و بیرمەندانی پەیگیری ئەوروپی و رۆژهەڵاتی کاریگەر بوون لەئاشکراکردنی رووخساری دژی ئازادی و دیموکراسی و سۆسیالیزمی ئەو ئۆردوگایە. روناکبیرانی وەکو (پۆل سویزی، پۆل باران، سەمیر ئەمین، فرانز فانون، ئیمانوێل والرستاین، رالف میلیباند شارل بتلهایم و مایکل هارینگتۆن) نەخشی گرنگیان هەبوو لەدەرخستنی راستییەکانی پەیوەندی نێوان ئازادی و دیموکراسی، سۆسیالیزم و بێبەری و نامۆیی کۆمۆنیزمی جیهانی بەو راستیانەوە. کاریگەری

ئەم رەخنەو نەیاریانەی رەوتی سۆسیالیزمی دیموکراتی و چەپی نوێ و سەوزەکان بووە هۆی گومان و لەبەریەکترازانی ریزەکانی کۆمۆنیزمی ئەوروپای رۆژئاوا و ژاپۆن، سەرئەنجام ئەو پارتانە هەموویان بەگرتنەبەری رێباز و بیروبارەڕی جیاواز لە کۆمۆنیزمی لینینی و روسی پەیڕەوێکی تازەیان لە کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمی جیهانی بەدەستهێنا بەنێوی (کۆمۆنیزمی ئەوروپایی). رەخنەی سۆسیالستی دیموکراتی لەبەرامبەر کۆمۆنیزم و سۆسیال دیموکراسی جیهانی لەسەر زمانی (ئیمانۆیل و الرستاین) بەم شێوەیە بەیانکراوە. ئەو رەوتانە چیدیکە (بەشێك نەبوون لە چارەسەر) بەڵکو ببونە (بەشێك لە کێشە و گرفتەکان) [13] .

**پێنجەم:** هەژموون و کۆنترۆڵی پارتەکانی سۆسیال دیموکراتی و کۆمۆنیزم لەناو بزاڤی کرێکاری و پیشکەوتوخوازی دا، لەلایەك هۆکارێکی بەهێزبوو بۆ کەم جوڵانەوەی کرێکاری لاوازبوونی نەیاری و ناڕەزایی کرێکاران بەرامبەر ڕەوش و هەلومەرجی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتانە و لەلایەکی دیکەشەوە بووە هۆی ئەوەی، کە بزاڤی کرێکاری لەهەوڵی پەیداکردنی رێگەچارەیەکی دیکە بێت، کە دوور بێ لە سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزمی جیهانی. بەم شێوەیە دەیەی (1960) بزاڤی سەربەخۆ و خۆبەخۆی کرێکاری لە زۆربەی وڵاتانی رۆژئاوا و هەندێك لە وڵاتانی سەر بە بلۆکی سۆڤیەتی پەیدادەبن و لەم نێوەدا بزاڤی کرێکارانی هاوپشتی پۆڵۆنیا لەسەرەتای دەیەی (1980) وەکو یەکێك لە بەهێزترین بزوتنەوەکانی کرێکارانی سەدەی بیست ئەژماردەکرێت، کە دوور بوو لەکاریگەری و هەژموونی سۆسیالیزمی نەریتی ئەحزابی کۆمۆنیست و تەنانەت دژ و نەیاریش بوو لەگەڵیان.

لەدەیەی (1950) و (1960) کە ئەگەرچی بەدەیەی هاوسەنگی و جێگیری سیاسی دادەنرێت لە رۆژئاوا، بەڵام سەرهەڵدانی بزاڤی کرێکاری رادیکال و دوور لە سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزم، دەبێتە زەمینە و سەرچاوەی پەیدابوونی دیدگای نوێی فەلسەفی و فەرهەنگی و سیاسی لە بزاڤی سۆسیالیستی دا و لە هەمان کاتیشدا زەمینەی هاوپشتی و هاوکاری لەگەڵ بزاڤەکانی لاوان، ژنان، ژینگە پارێزی و ئاشتی خوازی و مافەمەدەنییەکان فەراهەمدەکات و ئەمەش دەبێتە باشترین ژینگە و زەمینەی سەرهەڵدانی بزاڤەکانی چەپی نوێ، سەوزەکان، سۆسیالیزمی دیموکراتی، فێمێنیستانی سۆسیالیست و مارکسیست.

**شەشەم:** نەیاری و رێگری چینی باڵادەست و حکومەتەکانی رۆژئاوا و رۆژهەڵات لەبەرامبەر داواکانی بزاڤی سۆسیالیستی دیموکرات و باڵەکانی ئەو بزاڤە لە بزووتنەوەی خوێندکاران و لاوان لە ساڵی (1968) بەدواوە، بزوتنەوەکانی ئازادی و یەکسانی خوازی ژنان لەسەرانسەری ئەوروپای دوای دەیەی (1960)، بەهێزبوونی بزوتنەوەی مافە مەدەنییەکان لەسەرەتای دەیەی (1950) بەدواوە، بزاڤی ژینگەپارێزی و ئاشتی خوازی لە دژی شەڕ و بەهێزبوونی بزوتنەوەی سەروەری، رزگاریخوازی نەتەوە ژێر دەستەکانی لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە توندتربوونەوەی ناکۆکی و دژایەتی ئەمەریکا، شورەوی لەدوای جێگیرکردنی موشەکی ئەتۆمی لە کوبا، کە جیهانی خستە ئاستانەی جەنگی ئەتۆمییەوە و پانتایی و رەهەندی

جەنگی ساردی جیهانی تر و کاریگەرترکرد. هەموو ئەم زەمینانە، نەبوونی وەڵامی چینی دەسەڵاتدار و دەوڵەتەکانیان و بێدەنگی سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزمی رۆژئاوایی دیسان بوونە زەمینەی پەیدابوونی وەڵامی رادیکاڵ، ئازادی خواز و مرۆڤ پەروەری رێبازەکانی سۆسیالیستی دیموکراتی.

## دیدگا و جیهانبینی سۆسیالیزمی دیموکرات

نەوەی سێیەمی بزاڤی سۆسیالیستی ڕەوتێکی بەتەنها سیاسی و حزبی نەبووە، بەڵکو زیاتر بزاڤێکە فراوانی نەیاری و نارەزایی بووە، لەبەرامبەر هەلومەرجی سیستەمی سەرمایەداری و کاردانەوە بووە بەرامبەر هـەردوو باڵی سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزمی ئۆردوگایی. بزاڤێك کە فراوانە و خاوەندارنییە لە حزب و سیاسەتی دیاریکراو، دیارە بەشێوە نامەرکەزی و فرەیی دەبێت. لەم بارەیەوە بوونی باوەڕ و دیدگا و جیهانبینی جیاواز و جۆراوجۆر و تاڕادەیەکیش ناکۆك بەیەك، لەم بزاڤەدا وەکو ڕەوشێکی سروشتی و پەسەند دێتەبەرچاو، بەڵام لەگەڵ هەموو جیاوازی و فرەیی یەکیشدا، کەتارادەیەك ئاماژەم بە هەندێکیان کردووە، هەندێك دیدگا و پرانسیپی دیارکراو لەم بزاڤەدا شێوەیەك لە کۆدەنگی و پابەندبونیان بەخۆوە گرتووە. لێرە بـەدواوە هەوڵدەدەم مانیفێستی گشتی نەوەی سێیەمی بزوتنەوەی سۆسیالیستی بەخاڵ و بەشیکردنەوە بەیان بکەم.

**یەکەم:** ئەم بزوتنەوەیە کـاروان و ڕەوتێکی نەیار و ناڕازییە بەرامبەر بەتەواوی سیستەمی سەرمایەداری و بەتایبەتی ستەم و نایەکسانی ئابووری و سیاسی ئەو نیزامە، بۆیە هەموو ڕەوتەکانیان بڕوایان وایە کە تەنها سیستەمی سەرمایەدارییە، کە ڕێگرە لـەوەی کە ژیان و جیهانێکی باشتری دوور لە بێبەشی، هـەژاری، نـەداری و جەنگ و نەخۆشی بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بێتەدی. لەلای ئەم بزاڤە، سەرمایەداری لەدوای هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی دەبێتە سیستمێکی نا عەقڵانی (عەقڵانیەتی ئامێری وەکو دەربڕینی قوتابخانەی فرانکفۆرت) و دژی مرۆڤایەتی،

چونکە لەو سیستمەدا سەرەڕای بەرهەمی فراوانو زۆرو زەبەندی لە رۆژئاوا، بەڵام هەژاری و نەداری و برسێتی بۆ ملیۆنەها کەس لەوڵاتانی ناسراو بەجیهانی سێیەم دەکاتە شێوەی سەرەکی ژیان. بەبڕوای چەپی نوێ و سۆسیالیستە دیموکراتەکان بەردەوام بوونی مەوداو دووری نێوان ئەم دوو جیهانە، یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی سیستمی سەرمایەداری مۆنۆپۆڵی (بەشێوەی کۆمپانیا فرەنەژادەکان) دوای جەنگی جیهانی دووەم سەردەمی جەنگی ساردە. بەدەربڕینێکی دیکە لەناو بزاڤی ناوبراودا ئەو باوەرە گشتی و باو بوو، کە ئەم سیستمەی سەرمایەداری لەلایەك هەوڵدەدات لە وڵاتانی پێشکەوتوو زۆری و زیادەی بەرهەم، سامان لە هێنانەدی دەوڵەتی رەفا و کۆبوونەوەی سەرمایەداری ئابوری لەبەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی و کۆکوژدا سەرفبکات، لەلایەکی دیکەش لەوڵاتانی ژێر دەستە، یان دواکەوتوودا بە پشتیوانی و هێنانە سەرکاری رژێمە دیکتاتۆرییەکان رووە دزێوو چەوسێنەرەکەی سەرمایەداری دیکتاتۆری پیشاندەدات، لەبەرامبەر هەر بەرگری و نەیاری خەڵکیشدا دەست لە هیچ ناپارێزێ و درێغی لەهیچ ناکات. ژیانی بەشێکی زۆری خەڵکی جیهان، ژیانی کوڵەمەرگی و مەمرە و مەژییە بۆ هەموان لە پێناوی پاراستنی سەرمایەداری و دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە جیهانی سێ و دەسەڵاتی (موداراتی سەرکوت کەر) لە دنیای رۆژئاوا. نوسین و بەرهەمە ئابووریەکانی پۆل سویزی، پۆل باران، گۆندەرفرانك، سەمیر ئەمین و فرانز فافۆن لەم زەمینەدا گرنگ و کاریگەرن.

**دووەم:** هەروەکو باسمان کرد بزاڤی سۆسیالیستی دیموکراتی، هەردوو رەوتی سۆسیالیستی نەوەی دووەم

(سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزم) بەبەشێك لە کێشەکان تەماشادەکات، نەك بەشێك لە چارەسەر و ڕەخنەی یەکەم و سەرەتای ئەم بزاڤە لەهەردوو ئەو دوو ڕەوتە ئەوەیە، کە سۆسیال دیموکراسی وازی لە هێنانەدیو خەبات بۆ سۆسیالیزم هێناوەو بۆتە باڵی ڕاست لە بزاڤی سۆسیالیستی دا، کۆمۆنیزمیش بەپاراستنی سۆسیالیزمی درۆینە و دوور لە سۆسیالیزمی مرۆڤ دۆست و ئازادیخواز، جۆرێك لە سەرمایەداری دەوڵەتی دیکتاتۆری و تۆتالیتاری خستۆتە جێگای ئامانجی سۆسیالیزم. لەم ڕوانگە نەیارییەوە، نەوەی سێیەم بڕوای بە خەبات و تێکۆشانە بۆ هێنانەدی سیستەمێکی جیاواز لە هەردوو نموونەکەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، کە ئەو سیستەمە (سۆسیالیزمە و هێنانەدی چەند نەوەیەك دەخایەنێت و لەوانەشە هەرگیز بە شێوەی ڕەهاو کۆتایی نەتەیەدی، چونکە سۆسیالیزم پێویستی بەگەشە و فروانی هەموو زەمینەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هەیە، کە دەبێت بەردەوام ئەو گەشە و فراوانی یە لە ئامانجەکانیدا ببینرێت)[14]. واتە جۆرێك لە بەیانکردنی دیدگای مارکسی لاو لەسەرەتای لێکۆڵینەوە و نوسینەکان ، کە سۆسیالیزم بەدەستهێنانی یەکسانی یە بۆ هەمووان لە ژیانی شایستە و تێروتەسەلی ئابووری و ئازادی و ڕەهایی تەواو.

**سێ یەم:** بەدیهێنانی دیموکراسییەك، کە تاڕادەیەکی زۆر فراوانترو ئازادترە لەدیموکراسی سەرمایەداری، یان دیموکراسی لیبڕاڵی. دیموکراسی هیوای سۆسیالیزمی دیموکراتیك، کەخۆیان ناوی دەنێن (دیموکراسی سۆسیالیستی) لەسەر چەند پایەیەکی گرنگی مافەکانی مرۆڤ، بڕواهێنان بەتاك باوەڕی سۆسیالیستی (Socialized individualism)، ئازادی سیاسی بەمانا

فراوانەکەی، هەروەها کە ئەمەیان گرنگترین سیفەتی دیموکراسی سۆسیالیستی مەسەلەی بەدیهێنانی یەکسانی یە. یەکسانی وەکو دیدگایەکی دیموکراسی و سۆسیالیستی کەمکردنەوەی ریشەیی‌و رادیکالی هەموو رواڵەت و دیاردەکانی هەڵاواردن و جیاکارییە لەماف، ئازادی، هەلی ژیان، کارکردن، بیرکردنەوە و خۆسەلماندن. دیموکراسی لیبڕالی هەرچەندە لە رووخساردا ماف و ئازادییەکان پەسەنددەکات، بەڵام بەهۆی جیاوازی ئابووری و هەڵاواردنی فرسەتەکانی کارو ژیان، لەو مەیدانانەدا خودی ئەو ماف و ئازادییانەش بۆ زۆربەی خەڵك بەسنووردار و بۆ کەمایەتیش رەهادەکات، سەرئەنجام دیموکراسی تەنها دەبێتە شێوەیەك، یان رووخسارێك لە ئازادی رووکەش. بەشی سێیەمی دیدگای دیموکراسی، یان دەسەڵاتی راستەقینەی خەڵك (خەڵك سالاری) مەسەلەی کۆمەڵایەتکردنی ئابووری یە، یان بەدەستهێنانی خاوەندارێتی گشتی و کۆمەڵایەتی ئەو بەشانەیە لە ژیانی کۆمەڵگە، کە تارادەیەکی زۆر ژیان و چارەنوسی زۆربەی خەڵکی پێوە بەستراوەتەوە. بەدەستهێنانی خاوەندارێتی گشتی لەو زەمینانەدا، نەخشی کاریگەر دەبینێت لەبەدەستهێنانی دیموکراسی و یەکسانیدا. سەرئەنجام ئامانجی گرنگی سۆسیالیزمی دیموکراتیك نزیکدەبێتەوە لە سێ دروشمە گەورەکەی شۆڕشی فەڕەنسی (ئازادی، یەکسانی، برایەتی)، بەڵام لە جیاتی وشەی برایەتی بۆئەوەی هەردوو رەگەزەکە بگرێتەوە وشەی (هاوکاری)بەکاردەهێنن و دروشمیان دەبێتە (ئـازادی، یەکسانی، هاوکاری) لەدەربڕینی (دیموکراسی، یەکسانی، کۆمەڵایەتی).

**چوارەم:** بیروباوەڕی سۆسیالیستی دیموکراتی لە نێوان زاراوەکانی (ریفۆرم) و (شۆڕش) لایەنگیری لە هەڵبژاردنی

زاراوەی (ریفۆرمی رادیكال)، یان چاكسازی لە رەگوڕیشەوە دەكـات. ریفۆرمی رادیكال ئاماژەیە بۆ هەموو ئەو كار و بەرنامانەی، كە دەیانەوێت گۆڕانكاری فـراوان و قوڵ لەلایەنێك، یان چەند لایەنێكی سیستەمی ئابوری، سیاسی، كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەئاڕاستەی هێنانەدی دیموكراسی و یەكسانی و سۆسیالیزەكردن.لەم زەمینەیەدا پێویستە لەسەر هەموو بزاڤەكانی رزگاری و ئازادی كەلەدژی (نەژاد پەرستی ) و (رەگەز پەرستی) بن و لەوگۆڕانانەدا نەخشی گرنگیان هەبێت. هەرچەندە نەوەی سێ زۆر پەیگیر و فراوانە لە پرسەكانی ئازادی، رزگاری، یەكسانی و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە، كەلایەنی زانستی و شارستانی و پێشكەوتووخوازی بەروخسار و بەرنامەی سۆسیالیستی خۆی بـدات، بەڵام سـەبـارەت بە ریفۆرمی ژیانی تەندروستی، رێگاوبان، نیشتەجێكردن، ژینگە، بیمە كۆمەڵایەتییەكان، سیستەمی باجەكان، دەستور و یاسا... هتد بەجێدەهێڵن بۆ هەلومەرجی تایبەتی وڵاتەكان و سازوكاری ئەو ریفۆرمانە بەكات و ئامادەیی خودی ئەو وڵاتانە دەسپێرن.

هەڵوێستی ریفۆرمی رادیكال بەمانای رەتكردنەوەی چەمكی (شۆڕش) و (شۆڕشگێڕی) نییە، بەڵكو لایەنگری ئەوان لەم دوو ماناو چەمكە هەمان دیدگای پارت و بزاڤەكانی سۆسیال دیموكراسی پێش ساڵی (1914). واتە لایەنگیری یە لەو دیدگا شۆڕشگێڕ و ریفۆرمیستی یەی سەردەمی زێرینی ماركسیزم و سۆسیال دیموكراسی یە كە بەم جۆرەیە: شۆڕش كەڵەكەبوونی گۆڕانكاری گرنگ و جەوهەری یە بەشێوەیەكی وەها، كە وەرچەرخانی بەرچاو لە سیستەمی كۆمەڵایەتی و گشتی دا بكات. واتا هەمان هەڵوێستی سۆسیال دیموكراسی پێش جەنگی جیهانی یـەكـەم، كە دیدگا و ئاڕاستەی

ریفۆرمیستیشی لەناوەڕۆکدا هەمان بارگەی شۆڕشگێرانەی هەبوو. هەڵوێستی شۆڕش و ڕاپەڕین بەمانای تۆڵەکردنەوە، یان تەنها گۆڕینی کەسایەتی ناو دەسەڵاتەکان، هەڵوێستی پەسەند نییە و ئەمە جۆرێکە لە بیروباوەڕی ئایدۆلۆژیا و تۆتالیتاری دوژمنکارانە. ئامانج لەوەنی یە کە تەنها دەسەڵاتی کۆن لەناوبچێت، بەڵکو ئامانج بەدەستهێنانی گۆڕانکاری قووڵ و فراوانە، کە لەهەموو زەمینەکانی ژیاندا دیدگای شۆڕشگێرانەی سۆسیالیزمی دیموکراتیك، هەمان دیدگای مارکسە سەبارەت بەشۆڕش و بەمجۆرە: مارکس بڕوای وابوو کە لەو وڵاتانەدا کەبەشێك لەئازادی و دیموکراسی هەیە (وەکو بەریتانیا، هۆڵەندا و ئەمەریکا) پێویست بەشۆڕش و راپەرین ناکات، بەڵکو لە رێگەی خەباتی سیاسی، جەماوەری و ئابووری و بەتایبەتی خەباتی پارلەمانی دەکرێت گۆرانکاری دڵخواز بەدەستبێت، بەڵام ئەو وڵاتانەی کە دەسەڵاتی رەها و دیکتاتۆر و سەپێنراون و لەوێدا ئازادی و دیموکراسی و مافی دەنگدانی گشتی بوونی نییە، شۆڕش و راپەرین و راماڵینی دەسەڵاتی کۆن کارێکی پێویست و گرنگە [15].

**پێنجەم:** هێزی کۆمەڵایەتی و جەماوەری، یان بکەری گۆڕانکاری و ریفۆرم و ریفۆرمی رادیکال لەلای سۆسیالیزمی دیموکراتیك نە تەنها چینی کرێکارە (وەکو لەلای مارکسیزم، سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزم) و نەتەنها رووناکبیران و خوێندکاران و لاوانن (چەپی نوێ و قوتابخانەی فرانکفۆرت) بەڵکو ئەو هێزەیە کە بـەزاراوەی (چەپ) لەلای هەندێك ناودەبرێن (رالـف ملیباند) یان بەهێزی کۆمەڵایەتی و جەماوەری ناودەبرێن، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆژمارەیەکی فراوان لە خەڵك، دیارە لەناونیشاندا سۆسیالیست و چەپەکان

و تەنانەت ئەو کەسانەش کەگومانیان هەیە بەخۆیان بڵێن سۆسیالیست. یان دەتوانین وشـەی (پێشکەوتووخواز) بەکاربهێنن، وەکو زاراوە و سیفەتێکی گشتی ئاماژە بۆ تەواوی ئەو کەس و لایەن و بزاڤانەی کە دەیانەوێ گۆڕانکاری لەبەشێکی زۆری ڕەهەندەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتیدابکەن بەئامانجی رزگاری، یەکسانی و هاوکاری. بێگومان زاراوەکانی پێشوو هەموو ئەو ژن و پیاوانەش دەگرێتەوە، کە بەشێکن لە بزاڤەکانی کرێکاری و بزاڤە کۆمەڵایەتییە تازەکان (بزاڤی ئاشتی، ژینگەپارێزی، فێمینیزم، لاوان، چەپی نوێ، بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان.... هتد) دەتوانین شایستەیی هەموو ئەو هێز و بکەرانە لەوەدا بناسین کە هەموویان بەشێکن لە نیاز و پێداویستی گۆڕانکاری پەیگیر لەسەر ڕێگەی دیموکراسی یەکی باشتر و مرۆڤانەتر، یەکسانی بە مانا فراوانەکەی نەك تەنها چوون یەککردنی خەڵك، سەرەنجام دادپەروەری کۆمەڵایەتی و هێنانەدی هاوکاری گشتی.

**شەشەم:** بەپێچەوانەی سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزمی رووسـی، چەپی نوێ سەبارەت بە تەکنەلۆژی و گەشەی ئابووری چیدیکە دیگای پۆزەتیڤیان نەبوو. بەبڕوای نەوەی سێهەم یەکێك لە هۆکارەکانی کێشە و کارەساتەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن (بەتایبەتی سەدەی بیست) نەبوونی و کەمی پێشڕەوی تەکنیك نەبووە، بەڵکو گەشەی لە رادەبەدەری ئەو تەکنەلۆژی یە بووە، کە لەگەڵ خۆشیدا مەترسی جەنگی ئەتۆمی و ئالودەبوونی ژینەگەشی کردۆتە دیاری دەستی. ئەم هەلومەرجە خەڵکی بێگانە و نامۆکردووە بەهەست و بونیادی مرۆڤانەیان و بوونەتە (یان لەراستیدا کراونەتە) هۆکاری دەستی فاشیزم، نەژاد پەرستی و بەربەریەتی سەربازی و

سوود پەرستی سەرمایەداری. تەواوی زانست و تەکنەلۆژیا و عەقڵانییەت کراوەتە هۆکار و ئامێرێك بە دەسەتی سەرمایەداری باڵادەست (عەقڵانیەتی ئامێری - قوتابخانەی فرانکفۆرت). لەم زەمینەیەدا تیۆرسازانی سۆسیالیزمی دیموکراتیك سودیان وەردەگـرت لە دیدگاو بەرهەمەکانی مارکسیزمی رۆژئاوایی، یان فەلسەفی (گرامشی، لۆکاش، فرانکفۆرت، و سارتەر). دیدگای فەرهەنگی، یان فەلسەفی وای دەڕوانــی کە کۆمەڵگەی مۆدێرن بۆ رزگـاربـوون لە دەسەڵات و هەلومەرجی ئامێریی سەرمایەداری، زیاتر لە هەرشتێك پێویستی بە بزاڤێکی فەرهەنگی، روناکبیرانە و شارەزا و خوێنەوار هەیە[16].

**حەوتەم:** بۆهێنانەدی ئامانجەکانی ئازادی و رزگاری (دیـوکـراسـی)، یەکسانی و دادپـــەروەری کۆمەڵایەتی، هاوکاری و سۆسیالیزەکردن و پەرەپێدانی بزاڤی فەرهەنگی و رووناکبیری، نـەوەی سێهەم بـڕوای بەناوەندێتی یان (سانترالیزمی دیموکراتیك)نەبوو، بەڵکو دروشم و رەوشەکانی سەربەخۆیی و فیدڕالیزم و چالاکی یە ناوچەیی و بەشییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و لەهەمان کاتیشدا گونجاوترین هەلومەرج دەسازێنێت، بۆ رێگەگرتن لە مەترسی پەیدابوونی گەشەی بیرۆکراسی. نموونەی خودگەردانی (خۆبەڕێوەبردنی) کرێکاری مۆدێلی یوگسلافی (بێگومان بەبێ کۆنترۆڵ و هەژموونی حزبی دەسەڵاتدار) کۆمۆنەکانی جوتیاری و کشتوکاڵی لەسەرەتای شۆڕشی چین لەلایەن روناکبیران و خەباتکارانی سۆسیالیزمی دیموکراتەوە پێشوازییان لێدەکرا. بۆ ئەم مەبەستە نووسین و بەرهەمەکانی سۆسیالیستە سەرەتاییەکانی سـەدەی نـۆزدە و بەرهەمی بیرمەندانی

ئانارشیزم و نوسینەکانی بیرمەندانی کۆمۆنیزمی شورایی سەرەتای سەدەی بیست (روزا لۆکسمبۆرگ، کارل کۆرش، پانەکۆك) چەند جارێکی دیکە وەردەگێران و چاپدەکران.

رەخنەی گشتی رەوتی سۆسیالیزمی دیموکراتیك لە دیدگای حزبی سۆسیال دیموکرات و کۆمۆنیزمی رووسی ئەوە بوو: کە (باڵی سیاسی) هەردوو رەوتەکە لە جیاتی (باڵی ئابوری و چینایەتی) کرێکارانیش بڕیاریان دەدا، سەندیکا و یەکێتی یەکانی کرێکاران کرابوونە پاشکۆی پارتەکان و بەم شێوەیە بزوتنەوەی کرێکاری کەوتبووە حاڵەتی دیفاعی و نەیدەتوانی پێشڕەوی بکات[17]. ئامانج لەم رەخنە و نەیارییە ئەوەیە کە دەبێت حزبیەت بەومانا سەنتڕالیستی و پێشڕەوی و کۆێخایەتییە لەنێوبچێت، لەجیاتی ئەوە دوو گۆڕانکاری گرنگ بێتەدی: یەکەم، حزب دەبێت بـەرەو پلورالیزمی سیاسی بچێت و دەکرێت و دەشێت، کە زیاتر لە حزبێك بۆ سۆسیالیزمی دیموکراتی هەبێت، لەناو خودی ئەو حزبانەشدا زیاتر لە دیدگا و بیروباوەڕ و بیرکردنەوەی فەلسەفی و سیاسی هەبێت. پارتەکانی سۆسیالیستی دیموکراتی وابیردەکەنەوە کە دەکرێت دیدگای فرە و جۆربەجۆریان هەبێت، بەڵام دەتوانن و دەبێت لەکرداردا هاوبەشبن و سەرئەنجام ئەوان بڕوایان بە فرەیی دیدگا و هاوبەشی کار هەیە.

دووەم، تێڕوانین بۆ پارتەکان تێڕوانینی (ناوەند) و (پێشڕەو) نی یە، کەگوایە پارتەکان ناوەند و پێشڕەوی بزوتنەوەی چینایەتی و جەماوەریین و هەربەو بۆنەیەشەوە سیاسەت بەتەنها کاری مۆنۆپۆڵ کراوی حزب نییە، بەڵکو سەندیکا و بزاڤەکانی کرێکاری و جەماوەریش دەتوانن کاری سیاسی بکەن و تەنانەت کاریگەر و کارامەش بن لەو زەمینەیدا. باشترین نموونەی ئەم بڕوایە دەوری سیاسی و کاریگەری

بزوتنەوەی (1968)ی خوێندکاران و لاوان، بزوتنەوەی مافە مەدەنیەکان، بزاڤەکانی فیمیسنیتی و بزوتنەوەکانی ئاشتی خوازی و ژینگە پارێزی یە، کە سەرئەنجام لە پارتە سەوزەکاندا خۆیان بەرجەستەکرد. سەرئەنجام نەوەی سێیەم بەو رادەیەی، کە بڕوایان بە کاروکاریگەری بزاڤی سیاسی و حزبی هەیە، هەربەوڕادەیەش لایەنگیری لە خەباتی خەڵك و جەماوەری و نەخشی سیاسی ئەو بزاڤانە دەکەن، ئەگەر چی خۆبەخۆ و ناحزبی و نارێکخراویش بن.

**هەشتەم:** هەروەکو چۆن لە دیدگا و جیهانبینی ئەم نەوەیەدا دیموکراسی تاپۆی سەرمایەداری و لیبراڵیزم نییە و سۆسیالیزمیش دەتوانێت شێوەیەکی فراوانتر و بەهرەمەندتر لە دیموکراسی بەدەستبهێنێت، هەر بەو ئەندازەیەش هەموو پرسەکانی پەیوەندیدار بەدیموکراسییەوە (واتە مەسەلەی نیشتیمانی و نەتەوایی، پرسی ژنان، لاوان، ماف و ئازادییەکان) دەکرێت و دەبێت بەشێك بن لە بزاڤی سۆسیالیستی. دیدگای سۆسیالیزمی دیموکراتیك لەهەوڵی ئەوەدایە ژیان و جیهانێکی باشتر و مرۆڤانەتر لە هەموو زەمینەکاندا بەدەستبهێنێت، واتە کاری بیرو باوەڕی خۆی سنوردار ناکات تەنها بەپرسەکانی یەکسانی، دادپەروەری و سۆسیالیزمەوە. سێ پرسی گرنگ کە فراوانی و کارایی زۆری لەسەر ژیانی تەواوی جیهان هەیە، لەلای نەوەی سێیەم بوونەتە بەشێك لە دیدگای دیموکراسی سۆسیالیستی، کە ئەوانیش مەسەلەی نەتەوەکان، ژنان، لاوان، بەبڕوای ئەوان چارەسەری مەسەلەی نەتەوەکان و بەدەستهێنانی سەرەوەری و سەربەخۆیی و یەکسانی نێوان نەتەوەکان، تەنها بەشێك نییە لەگەشە و پێداویستی سەرمایەداری و سەرهەڵدانی بۆرژوازی نەتەوەیی

و دروستبوونی بازاڕی نیشتمانی، بەڵکو پرسێکی مرۆڤانە و دیموکراسی و ئاشتی خوازی و ئازادیخوازییە، کە سەرئەنجام دەبێت بەپێوەری یەکسانی نێوان نەتەوەکان چارەبکرێت، نەك تەنها یەکێك لە مەسەلە دیموکراتییەکان (وەکو بڕوای لینینی)، بەڵکو ئـەوان فراوانتر دەڕۆن لەم دیدگایە و لە بڕوای مارکسیزمی رەسەن (ئەرسەدۆکس)، کە نەتەوایەتی و نیشتمانی بوون، وەکو پێداویستییەکی سیاسی بازاڕ و ئابووری سەرمایەداری و مۆدێرنیزم دەبینین، دەربازدەبن و دەگەڕێنەوە بۆ دیدگای ئیمانوێل کانت لە کتێبی (ئاشتی بەردەوامی جیهانی) کە بناغەکەی سەروەری و سەربەخۆیی بۆ نەتەوەکانە، یان دیدگای سالآنی (1860)ی مارکس سەبارەت بەمەسەلەی ئێرلەندا کە دەڵێت: (هەرنەتەوەیەك نەتەوەیەکی دیکە بچەوسێنێتەوە، زنجیرەکانی چەوسانەوەی خۆشی بـەهـێـزدەکـات)[18]. لێرەوە لە پرسی نیشتمان و نەتەوەکان سۆسیالیزمی دیموکراتی جارێکی دیکە لەدوای مارکسیزم لەهەوڵی زیندوکردنەوەی پرانسیپ و دیدگای ئەنتەر ناسیۆنالیزمی جیهانییە، ئەو دیدگایەی کە هەم سۆسیال دیموکراسی، لینینزم و مارکسیزمی ئۆردوگایی خیانەتیان لێکرد، لە پێناوی پاراستنی دەسکەوتی ناسیۆنالیستی خۆیان. بڕوای ئەنتەر ناسیۆنالیستی سۆسیالیستی دیموکراتی هەر بەتەنها لە جیهانبوونی سەرمایەداری و چینی کرێکارو ماف و ئازادی و یەکسانی جیهانییەو سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو هێنانەدی جیهانێکی ئاشتی و ئاسایش لەزەمینەی ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەکانیشدا، پرسێکی کاریگەر و چارەنووس سازی سۆسیالیزمی هاوچەرخە.

پرسی ژنان، هەر بەو شێوەیە لە سنورەکانی دیموکراسی نەریتی، سەرمایەداری، ئـازادی، یەکسانی یاسایی تێپەری

کــردووه، بووەتە پرسێکی یەکسانیخواز و دادپــەروەی لەزەمینەکانی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیشدا. بڕوای سۆسیالیستەکانی نەوەی سێیەم سەبارەت بە پرسی ژنان لەدوو هۆکار و تێڕوانیندا خۆی دەبینێتەوە، یەکەمیان دەکرێت و دەبێت دیدگا و بڕوای پلۆرالیستیمان هەبێت، بۆ گفتوگۆی نێوان بیروباوەڕەکانی فێمێنیزم، واتە گفتوگۆ و جیاوازی و فرەیی، نەك شەڕو ناکۆکی نێوان فێمێنیزمەکانی (لیبڕاڵ، مارکسیزم، سۆسیالیستی، رادیکاڵ یان ئانارشی و سەرئەنجام پۆست فێمێنیزم) و جۆرێك بەرئەنجامی ئازادتر و یەکسانی تر و فرەتر بەدەستبێت، خۆمان سنوردار نەکەین بەشێوەیەکی دیاریکراو لە دیدگای فێمێنیستی. دووەم، چارەسەری پرس و کێشەی ژنان، هێنانەدی ســەروەری و سەربەخۆیی و یەکسانی نێوان ژن و پیاو لەسنورەکانی دیموکراسی یاسایی، رەسمی دەربازدەبێت و دەچێتە ناو زەمینەکانی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی. هەتا یەکسانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەهۆی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە نەیەتەدی، هەڵاواردنی رەگەزی نێوان ژن و پیاو بەردەوام دەبێت، دیارە بە قازانجی پیاوان و زیانی ژنان.

هەمان دیدگای نەتەوەیی و ژنانەی نەوەی سێ یەمی سۆسیالیزم، بۆ پرس و کێشەی لاوانیش راستە، بەڵام دەبێت بەردەوام لە هەموو کۆمەڵگەکاندا جگە لەوباسانەی سەرەوە، دوو پرسی چارەنووس ساز بۆلاوان فەراهەمبکرێت: پرسی ماف و ئازادییەکانی هەموو تاکێك و پرسی پــەروەردە و فێرکردنی زانستی و مرۆڤانەی ئازادیخواز، پێشکەوتووخواز و دادپەوەر.

**نۆیەم:** سەرئەنجام دەگەینە یەکێك لەدەستکەوتە گرنگەکانی فکری سیاسی و فەلسەفی مـۆدێـرن، کە ئەویش پلۆڕالیزمە. دیموکراسی، لیبڕالیزم و مارکسیزم یان (سۆسیالیزم) لەو بیروباوەڕانەن، کە زۆرترین پلوڕالیزمی فکری و فەلسەفییان لەخۆیاندا بەرهەمهێناوە، هەموو ئەم بەرهەمانەش بەشێکن لەئاوێنەی حەقیقەتی جیهانی و دەسکەوتی مرۆڤایەتی، کە بێگومان مەبەست لەوەنییە کە هەرهەموو، یان هەموو بەشێکیان راستبن، بەڵام دیدگایەکی گرنگی سەوزەکان دەڵێت (ئێمە لە پێناوی ژیان و پێشکەوتن و ئازادیدا دەتوانین سود لەهەموو بیروباوەڕەکان وەربگرین، هەر لەو روانگەو لەو پێناوەشدا دەتوانین و دەبێت رەخنە لەو بیروباوەڕانە بگرین)[19] و یۆرگن هابرماسی فەیلەسوفی ئەڵمانی دەڵێت (گفتوگۆی نێوان بیروباوەڕەکان، ئاستێکی باڵایە لە حەقیقەت)[20]. سۆسیالیزمی دیموکراسی کە بڕوای تەواوی بە پلورالیزمی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی هەیە، بۆ ئەم مەبەستە یـادەوەری لە دوو نموونەی سیاسەت و دەسەڵاتی سۆسیالیستی وەردەگرێت، کەیەکێکیان ریزبوون و کۆبوونەوەی پلورالیزمە لەناو هەردوو ئەنتەر ناسیونالی یەکەم و دووەم، ئەوی دیکەشیان دەسەڵاتی پلورالیستی سیاسییە لە کۆمۆنەی پاریس کە هەموو رەوتەکانی ئازادی خوازی، دیموکراسی، دادپەروەری، مارکسی، سەندیکالیستی، ئانارشی و لایەنگرانی بلانکێ کە بە هەموویان حکومەتی کۆمۆنی پاریسیان پێکهێنا (هەرچەندە کەمخایەن بوو) ئەم دەسەڵاتە کرێکاری و پلورالیستی یە ، تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ دەسەڵاتی تاك حزبی و تۆتالیتاری حکومەتی سۆڤیەتی لە هەردوو سەردەمی لینین و دوای لینین.

سۆسیالیزمی دیموکراتی لە سێ زەمینەی گرنگدا بڕوای بە پلورالیزم هەیە و ئەوسێ زەمینەیەش کاریگەر دەبن لەبڕیاری ئایندە بۆ ئازادیخوازی پلورالیستی. زەمینەکانی دروستبوون و پێکهاتن و پەیدابوونی هەموو ئەو بزاڤانەی، کە هاوکارن لەسەرهەڵدانی نەوەی سێیەم دواتر بزاڤەکانی سەوز، چەپی نوێ، ئاشتی خواز، فێمێنیزم، پرسی نەتەوەکان، لاوان، بزوتنەوەی کرێکاری و سەندیکایی بەهەموو شێوەکانییەوە، بزاڤی ماف و ئازادییەکان، خەبات دژی چەکی ئەتۆمی و کۆکوژی و هەژموونی جیهانی ئیمپریالیستی)دەبێتە ژینگەو زەمینەی پلورالیستی ئەم ڕەوتە. زەمینەی دووەم، یەکتر خوێندنەوەو گفتوگۆی نێوان بیروباوەڕەکان و کاریگەری ئەو بیروباوەڕانەیە لەسەر بزاڤی نەوەی سێیەم، ئەگەر چی هەندێکیان لەدەرەوەی خودی ئەو بزاڤەش بن (وەکو لیبڕالیزم، ناسیۆنالیزم، کاریگەری ئاینی و فەرهەنگی ناوچە و نەتەوەکان، یان تەنانەت شێواز و فەرهەنگە کۆن و دێرینەکانیش). زەمینەی سێیەم، ڕووی لەئایندەیە و سۆسیالیزمی دیموکراتی دەیەوێت سیستمێکی فرە، ئازاد، فیدراڵ واتە نامەرکەزی، ئۆتۆنۆم (خود موختاری و سەربەخۆیی) و تێکەڵا و دروستبکات، کەهەموو تاکێك تیا بەشدارو بەهرەمەندبێت. جێگای خۆیەتی کە ئەگەر بە خاڵیش بێت ئەو پلورالیزمە ئایندەیی یەی سۆسیالیزمی دیموکراتی، بەیان بکەم:

*دیموکراسی، ماف و ئازادی و دادپەروەری، یەکسانی و هاوکاری.

*تاك باوەڕی بە هەردوو مانای لیبڕاڵی و سۆسیالیستی.

*سۆسیالیسته دیموکراتەکان لەبەرامبەر چەمکی ململانێدا دەخـوازن سـەرو سامان بـدەن بەجیاوازی و رێکەوتنەکان و بۆ ئەم مەبەسته داکۆکی لە دیموکراسی خەڵکی دەکـەن. لەلای ئـەوان دیموکراسی دەبێت هەم جـیـاوازی و هـەم رێکەوتنی نێوان بەرژەوەندییەکان پەسەندبکات و خۆشی لەگەڵیان بگونجێنێت.

*دوورنمـــا و ئایندەی تیۆری سـەبـارەت بەکێشە و جیاوازی نێوان دیدگای رۆشنگەری، کە دیدگای ئەخلاقی، یان عەقڵانییەتی ئەخلاقی رۆشنگەری سـەدەی هەژدە، جۆرێك لەگەشبینی سەبارەت بە ئایندەی مرۆڤایەتی لەگەڵ بەهاکانی سۆسیالیزمدا بگونجێن. یان پەسەندکردنی دیدگای پۆست مۆدێرنیستی بۆ گومان و رەخنە لەو بیروباوەرە گەشبینەی رۆشنگەری، بەڵام دیسان گونجان و سازان لەگەڵ سۆسیالیزمدا.

*ئـابـوری تێکەڵاو: سـەرمـایـەداری، سۆسیالیستی، هــەرەوەزی، هاوکاری و تەوافوقی نێوان خاوەندارێتی تایبەتی و گشتی یان سۆسیالیستی.

*پـەیـوەنـدی و کاریگەری نێوان کـاری سیاسی و جەماوەری، بونیادی حزبی و بزاڤی خەڵك، فەرهەنگی تێکەڵاو بەهەموو مانا و ئاڕاستەکان، بەڵام کۆدەنگ بوون لەسەر ئاسۆ و ئامانجەکانی:

ئازادی، رزگاری، سەربەخۆیی، یەکسانی، دیموکراسی، دادپــەروەری کۆمەڵایەتی و خێر و بەرژەوەندی گشتی (هاوکاری و سۆسیالیزم)

## سەرچاوەکان:

1.هیغل (اصول فلسفه الحق)،ترجمه د.امام عبد الفتاح امام،دار التنویر،بیروت.
2.ئەکرەمی میهرداد (جیهانی فیمینیزم)، سەنتەری راگەیاندن و روناکبیری ژنان ،سلێمانی
3.الان تورین(نقد الحداپه)،ترجمه انورمغیپ ،المجلس الاعلی للپقافه،.
4.دایره المعارف دیموکراسی،زیر نڤر سیمور مارتین لیپست، تهران.
5.هـ.س.پ
6.لشك كولا کوفسکی (جریان های اصلی در مارکسیزم)، جلد دووم (عصر گلایی)، ترجمه عباس میلانی، انشارات أگاه، تهران 1385 چاپ دوم.
7.أدام شاف (چشم انداز سۆسیالیزم مدرن)، ترجمه فریدون نوائی، نشر أگا، تهران 1376.
8.دایر المعارف دموکراسی، جلد دوم.
9.کرافورد .ب. ماکفرسون (جهان واقعی دیموکراسی)، ترجمه علی معنوی تهرانی، نشر أگه، تهران 1379.
10.رالف میلیباند (الاشتراکیه لعصر شکاك)ـ ترجمه نوال لایقه، داری المدی الگبعه الاولی 1998، دمشق و بیروت.
11.میشل لووی (درباره تغییرجهان)، ترجمه حسن مرتچوی، انتشارات روشنفکران و مگالعات زنان، چاپ اول 1376، تهران.
12.مصگفی رحیمی (مارکس و سایه هایش)، انتشارات هرمس، تهران 1383.
13.ایما نویل و الرشتاین (سیاست و فرهنگ درنگام متحول جهانی، ترجمه پیروز ایزدی ، نشرنی، تهران 1377.
14.رالف میلیباند، هـ.س.پ.
15.دایره المعارف دموکراسی، جلد سوم.
16.جعفر رسا (أرمانها و توهمات)بررسی مختصر تاریخ سۆسیالیسم، انتشارات پویا، چاپ دوم 1370.
17.ایستوان مزاروش (یاسۆسیالیسم یا بربریت) ازقرن أمریکا تا دوراهی سرنوشتـ ساز، ترجمه مرتچی محیگ، نشر اختران، چاپ دوم 1385.
18.میشل لووی، هـ.س.پ.
19.أندرو دابسون (فلسفه و اندیشه سیاسی سبزها)، ترجمه محسن پلاپی، نشر أگه، چاپ اول 1377، تهران.
20.رابرت هولاب (هابرماس، نقد درحوزه عمومی) ، ترجمه د.حسین بشیریه، نشرنی، چاپ دوم 1378، تهران.

# سەروەریو ستراتیژی سۆسیالیستی

## "خوێندنەوەی بیروباوەڕەکانی ئێرنستۆ لاکلاو، تیۆریسییەنی سیاسیی پۆست مارکسیزم"

ئێرنستۆ لاکلاو لە ئەرجەنتین هاتۆتە دنیاوە. لە زانکۆی بۆینس ئایرس و ئۆکسفۆرد خوێندوویەتی و لە ساڵی 1972 بە دواوە، لە بەشی تایبەت بە زانستی دەوڵەت لە زانکۆی ئێسکس وانەی وتۆتەوە. لە ساڵی 1971، لە دوای نووسینی رەخنەی توندی خۆی لە نووسینەکانی «گۆندەر فرانك» لە وتارێکدا بە ناوی «درەبەگایەتی و سەرمایەداری لە ئەمەریکای لاتین» ناوی لاکلاو لە ناو کۆڕ و کۆمەڵە مارکسیستییەکاندا کەوتە ناو ناوان. لەم وتارەدا لاکلاو هەژاریی شیکردنەوەی تیۆریی مارکسیستەکانی پێشووی راگەیاند، کە سەرمایەدارییان تا رادەی دیدگای «سەدەی نۆزدەهەم»ی بازاڕ و ئابووری دەهێنایە خوارەوە. لاکلاو رایگەیاند کە ئەم بیروبۆچوونانە لاوازن، بەتایبەت سەربارەت بە تێگەیشتنی تایبەتمەندیەکانی ئەمەریکای لاتین، ئەو کۆمەڵگە سەرمایەداریانەی کە فەرهەنگ و سیاسەت و ئیدیۆلۆژی بە ئەندازەی بازاڕ گرنگییان هەیە.

ئێرنستۆ لاکلاو بە هاوکاریی «شانتاڵا مۆف» لە کتێبی «سەروەری و ستراتیژی سۆسیالیستی، بەرەو سیاسەتی دیموکراتی رادیکاڵ» ساڵی 1985 دەستپێشخەرییەکی تیۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی باسدەکات، کە ئامانجەکەی ژیانەوەی چەمکی چالاکیی سیاسییە.

لاکلاو بەهۆی زاراوە و چەمکەکانی «ئەگەری توانایی» امکانیت»، ناکۆکی و نەیاری Antagonism و سەروەری Hegemony دەڵێت: «هیچ بونیادێکی کۆمەڵایەتی بە تەواوی تاك رەهەند و داخراو نییە، بەپێچەوانەوە تایبەتمەندیی سەرەکی هەر بونیادێك ئەوەیە، کە جێگۆڕکێ Dislocation دەکات، تایبەتمەندیەك کە رێگە بۆ چالاکی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی خۆش دەکات». لاکلاو، هاوشێوەی

ئـالان تۆرین، ئاڕاستەیەکی گەشبینی و ئومێدەواری بە سیاسەت هەیە. ئەمەش دروست لەو کاتەدایە کە نائومێدی پۆست مودێرنە گەلێك شتی لە هەستی نەتوانیندا نوقمکردووە. لاکلاو هەر لەو کاتەدا کە دەڵێت: هیچ کەسێك نییە کاریگەری بونیاد و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی لەسەر نەبێت _تا ئەوکاتەی کە ئەم بونیاد و پەیوەندیانە بەشێك لە ناسنامەی کەسەکان دیاری دەکات_ لە هەمان کاتیشدائەوەی لەبیرناچێت کە ناسنامەکان بە تەواوی لە لایەن ئەو بونیادەوە دیارینەکرێن، بەڵکوو بۆشایی، یان کەلێنێك بۆ (خودسالاری) بوونی هەیە. ئەگەرچی ئەم بۆشاییە بەهۆی جێگۆڕکێی هەمان بونیادەوە پێکدێت. لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ناسنامەکان لە ڕێگای کارە سیاسییە بەهێزەکانەوە شێوەدەگرن، کە ئەوانیش نوێنەری ناکۆکی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆرن و هەر بەو شێوەیەش پێکەوە پەیوەندیدارن، یان بە یەکتری دەبەسترێنەوە. لاکلاو ئەم کارانە بە «سەروەری» یان هەژموون ناو دەبات، لەسەر ئاستی کۆمەڵگە دەتوانین بڵێین کە سەروەری، ناسنامەیەکی کاتییە بۆ بونیادی کۆمەڵایەتی.

لاکلاو لە ناودارترین کتێبی خۆی کە هەمان کتێبی «سـەروەری ستراتیژی سۆسیالیستی»یە، پێش هەموو شتێك بە شیکردنەوەی ڕەخنەگرانەی میراتی مارکسیستی دەستپێدەکات و بەتایبەتی لێکۆڵینەوەی ناسنامە و لایەنی مەعریفەناسی چینی کرێکار.

دیدگای پرسی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و پاشان فەرهەنگی، کە دیدگای ڕەسـەن، یان مەکتەبیە لە ناو مارکسیزمی نێونەتەوەیی دووهەم، کە کارڵا کائۆتسکی تیۆرسازی ئەم ڕوانگەیەیە و سۆسیالیزم بەرئەنجامێکی

مێژوویی و داهاتوویەکی حەتمییە لە یاساکانی مێژوو. لاکلاو ئەم تیۆرو دیدگایە بە جەبرگەرایی ناودەبات و دەیداتە بەر رەخنە. هەر بەو جۆرە نەیاران و رەخنەگرانی ئەم جەبرگەرایییەش رەخنەدەگرێت و رەوتە جیاوازەکانی مارکسیزمی ریفۆرمیست (کە پارتی کرێکاران نوێنەری ئاشکرای ئەم رەوتەیە) یان مارکسیزمێك کە دەیویست نوێکاری (تجدید نقر) لە بڕوا و ئامۆژگاریەکانی مارکسدا بەدیبهێنێت (کە بێگومان ناودارترین قسەکەری ئەم شێوە تازەیەی بیرکردنەوە ئیدوارد برنشتاینە) یان سەندیکالیزمی شۆڕشگێڕ (کە جۆرج سۆریل نوێنەری دیاری ئەو رەوتە بوو لە فەرەنسا). ئەمانە هەموویان لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە بەدیهێنانی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی بە هۆکاری سیاسی، یان ئیدیۆلۆژیك ببەستنەوە، واتە ئەمان دەیانویست دیدگای فەرهەنگی یان (سەرخان) بکەنە هۆکار و بیرکردنەوەی بڕیاردەر بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

پاشان لە ساڵانی دەیەی 1920، گرامشی بە نوێکردنەوەی پەیوەندیی نێوان (ژێرخان_سەرخان) دەستپێکرد، دەوری بڕیاردەر و کاریگەری بۆ فەرهەنگ و رووناکبیران لە دۆزینەوەی گۆڕانکاری مێژوییدا پەسەندکرد. لە بەرامبەر هەموو ئەم دیدگا سیاسی و ئیدیۆلۆژیکانەدا لاکلاو نیشانیدا، کە مارکسیزمی کلاسیك (یان رابردوو) جەبرگەرا و خودگەرایە. هۆکاری ئەمەش تەنها ئەوە نییە کە رۆڵی نایاب، یان پێشڕەو دراوە بە ئابووری، بەڵکوو بەوجۆرەشە کە ئاڵتۆسێر دەڵێت: ئەوەی کە سەرچاوەی گۆڕانی سەرمایەداری بە چینی کرێکار داوە، مارکسیزمی ئابووریگەرا و مارکسیزمی فەرهەنگ گەرایيشە، کە بێگومان شێوەیەکە لە دیدگای خودگەرایی، چونکە

هەروەکوو لاکلاو دەڵێت: «رووناکبیرانی سۆسیالیست، ناسینی بابەتیی دڵخوازی خۆیان لە چینی کرێکاردا بەدیدەکەن و هەر بەو پێیەش خۆیان و کارەکەیان بەو چینە دەبەستنەوە».

بۆ وەڵامدانەوەی جەبرگەرایی و خودگەرایی مارکسیزمی رابردوو، دەبێت چوارچێوەیەکی تیۆری نوێ پەیدابکەین. واتە دەبێت هەوڵێك بدەین کە بتوانێت لایەنە شاراوە بەهێزەکانی ئازادی بەخشی ئاشکرابکات، کە ئەمەش جۆرێکە لە گۆڕان و (ناجێگیر بوون)ی رێژەیی کە بەهۆی «گۆڕان و ناجێگیری هەر ناسنامەیەکی کۆمەڵایەتی ئاڵوگۆڕ دەکات». ئێستا هەر تیۆرێکی بەرهەمدار دەبێت لەم جێگایەوە دەستپێبکات، ئەویش ئەوەیە کە هیچ پەیوەندیەکی جەبری و ناچاری لە نێوان سۆسیالیزم و کارگەرانی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا (نموونەی چینی کرێکار) بوونی نییە و هیچ پرسێکی نایاب، کە دەبێتە هۆی بە پەراوێز بوونی پرسەکانی دیکە، ناتوانێت ببێتە سەرچاوەی سیاسەتێکی پێشکەوتووخواز. هەموو شتێك لە پەیوەندی نێوان بکەرە جیاوازەکانەوە پەیدادەبێت، کۆمەڵگە دەبێت لەمەودوا کۆمەڵێك بۆچوونی وا نەبێت، کە بەهۆی یاسا ناچارییەکانەوە دیارییبکرێت.

ئەگەرچی لاکلاو، لایەنی جەبرگەرایی دیدگای بونیادیی ئاڵتۆسێر دەربارەی ئابووری وەکو هۆکاری کۆتایی پەسەندناکات، بەڵام چەمکی «ئەوپەڕی بڕیاردان» Over Determination، کە ئاڵتۆسێر بە قەرز لە فرۆید وەریگرتووە، دەکاتە دیدگای خۆی. بڕیاردانی ئەوپەڕ، شێوەیەکی نمادین دەدات بە چەمکی ناسنامەکان، بەڵام ئێستا دەتوانرێت چەندین سەرچاوە بۆ ناسنامەکان

بناسین. چەمکی ئەوپەڕی دیاریکردن و شێوەی روخساریی ناسنامەکان ئەوە لەخۆدەگرن، کە بکەری کاریگەر لە سـەرووی ئەمانەوە لە فرە سەرچاوە و فرە وتارەکان رەوایی خۆی وەردەگرێت. سەرئەنجام ناسنامە، یان بکەری کۆمەڵایەتی کاریگەر لە لای لاکلاو دەبێتە: «بەگشتی کردنی ئەو بیرۆکەیە لە ئاراستەی فرە و جیاوازدا، کە بەرهەمەکەی دەبێتە بەشداری و هاوبەشی لە پرسی هاوچەرخدا کە گرامشی ناوی دەنێت «جیهانی بچووککراوەی هەژموون». مەبەست لەمەش بوونی چەندین ناوەندی هاوکار و پێکەوە بەستراوە، کە هەر یەکەیان ئامانجێکی دیاریکراو، یـان سـنـووورداری دەبێت، بـەڵام لەسەر ئاستی نیاز و خەیاڵی بە کۆمەڵ جۆرێك، یان شێوەیەك لە سەرلەنوێ پێکەوە گرێدان و پلۆرالیزم بەرهەم دەهێنێت. دەبێت ئەوەمان لەبیرنەچێت کە سەرەڕای هاوکاری و پلۆرالیزم، هیچ نیاز، یان بانگەوازێکی کۆتایی ناتوانێت نەخش و هیوای بەشە پێکهێنەرەکان لە قاڵب بدات، یان تووشی کەمایەسییان بکات. چونکە ئەم ناوەرۆکە هاوبەش و هاوکارە بەردەوام لە گۆڕاندایە. ئەنگیزەی ئەم گۆڕانەش لە نیاز و پێداویستیەکاندایە. پەیوەندی و هاوکاریی نێوان توخمە هاوبەشەکان بەرهەمێکی دیکە دەبێت کە دەتوانێ بۆشایی کۆنترۆڵنەکراو پڕبکاتەوە، ئەم بەرهەمەش ناوی هەژموونە کە دەبێتە سەرچاوەی پێکهێنانی ناسنامەی بە کۆمەڵا و پلۆرالیستی».

سەرئەنجام چەمکی سەرەکی لە تێگەیشتنی سیاسەت لای لاکلاو دەبێتە پرسی پەیداکردنی سەروەری (هەژموون)، کە پرسی سازماندانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی ئەو سازماندانەیە بە سیستمی سیاسییەوە. لە کۆمەڵگەکانی

ڕۆژئاوادا، ئەم پرسە لە کۆمەڵی مەدەنیدا دەردەکەوێت، کە مەبەست لە ڕێکخستن و پەیداکردنی سیستم، یان نەریتی تایبەتی و سەربەخۆیە لە کایەی سیاسی یان (کۆمەڵی سیاسی)، بەڵام لە دنیای ڕۆژهەڵات، یان (جیهانی باشور)دا خەباتی مەدەنی و جەماوەری، یان (شۆڕشگێڕی) وەکوو ئەڵتەرناتیڤی کۆمەڵی مەدەنی خۆی دەنوێنێت. لە هەردوو جیهانی باکور و باشور، یان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، تێگەیشتن لە نەخشی ناسنامەی بە کۆمەڵە (بەو شێوەیەی کە لاکلاو باسی دەکات) لە زەمینەی کۆمەڵی مەدەنی، یان لە بواری خەبات و شۆڕشگێڕیدا، ئەم دوانە ناتوانن بەهرەمەند بن لە خۆسازماندانی تـەواو، یان گشتی، ئەگەرچی شێوەیەك، یان هەندێك لایەنی سیستماتیك، یان نەریتی سەربەخۆ، یان ڕێکخستنی خودی هەبێت. سەرئەنجام پرسی نوێنەرایەتیکردنی سەرجەمی کۆمەڵگە (کە دەبێتە پەیوەندیەکانی هەژموون و سـەروەری) دەبێتە پرسی سەرەکی لە چالاکی سیاسیدا، بەڵام لەو کۆمەڵگەیانەی کە کەوتوونەتە ئاستانەی گۆڕانەوە (وەکوو باشووری کوردستان) یان ئومێدی شادبوون بە ئاستانەی گۆڕان بەشێکە لە نیاز و خەیاڵی خەڵك (وەکوو کوردستانی باکوور و ڕۆژهەڵات) ریفۆرم و گۆڕانکاری رادیکاڵا واتە دابڕانی تەواو لەگەڵا رابردوو دەبێتە زەمینەی بڕیاردەر بۆ پرسی سەروەری و هەژموون، یان سیاسەتی پڕکردنەوەی بۆشایی سەپێندراو. زۆرانبازی و کێشەکان لەسەر هەژموون هەتادێت بەردەوام دەبێت، هەموو لایەکیش لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت کە بۆشایی دەرەوەی کۆنترۆڵی ناسنامە و هەژموونی خۆی پڕبکاتەوە، کە هەندێکجار لە ڕێگای هێزی دیاریکراوی ناچاوەڕوانکراو (فاشیزم و نازیزم) یان بەرنامەی

دیاریکراو و هەندێك جاریش ڕێککەوتی مێژوویی، یان زۆرانبازی بە ڕێککەوت دەتوانێت ئەم بۆشاییە پڕبکاتەوە. سەرهەڵدانی ڕەوتی ئیسلامی لە کوردستانی باشوور، یان دەنگدانی کوردی باکوور بە حزبی عەدالەتی ئیسلامیی تورکی، شێوەیەکن لەو ڕێکەوتە، یان زۆرانبازییە ڕێکەوتانە کە لە ئەنجامی بۆشایی سیاسی سیاسەتی ناسیۆنالیستی کوردییەوە پەیدابووە.

هەلومەرج و توانای سیاسی، یان ئەگەری بوون و نەبوونی ئیمکانییەتی سیاسی پەیوەستە بە ناسین و پڕکردنەوەی بۆشایی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لە لایەن سەروەری و هەژموونەکانەوە. هەلومەرجی هەژموونیش، یان سەروەریش بەندە بە بوونی بۆشایی سیاسی لە کاتێکی دیاریکراوی مێژووییدا، کە لەلایەن کۆمەڵ یان هێزە سیاسییەکانەوە، بەشێوەیەك لە شێوەکان، هەوڵی پڕکردنەوەی دەدرێت. یەکێك لە پێداویستییە گرنگەکانی هەلومەرج و توانای سیاسی (ئیمکانیەت) پەیوەستە بە ئەفراندنی زمان و وتاری سیاسی کە پەیوەندیی نێوان خەڵك (بۆشایی سیاسی) و نوێنەری سیاسی (کاراکتەر، یان چالاکوانانی سیاسی). ئەم پەیوەندیەش دوو لایەنەیە بە لۆجیکی پەیوەندی و کاریگەری نێوان هەردوو لا. وتار و زمانی سیاسی (یان مێژوویی بە دەربڕینی مارکسیستی) پەیوەندیدارە بەو ئاست، یان ئاستانەی کە تا چ ڕادەیەك ئەو وتار و زمانە سیاسییە دەتوانێت داواکارییە جیاوازەکان لەخۆبگرێت و بەشێوەیەکی فکری و تیۆری فۆرمۆلەی بکات. باڵاتر بوونی وتار و زمانی دیموکراتی بەسەر دیدگای سۆسیالیستیدا لەم زەمینەیەدا شایانی بیرکردنەوە و ڕەخنەگرتنە لە ناسنامە و وتاری سیاسی سۆسیالیستی

رابردوو.

تێگەیشتن و ئەفراندنی ناسنامەی بەکۆمەڵ، پەیداکردنی وتار و زمانی سیاسی (مێژوویی) و پێویست لەکاتی خۆیدا و گۆڕانکاری لەو زمان و وتـارەدا لە سەردەمی گۆڕاندا بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی سیاسی و داهێنانی سەروەری و هەژموون، دەمانگەیەنێتە سنوورەکانی ئەوپەڕی دیاریکردن و بڕیاردان و خوداتمان دەکات لە هەلومەرج و توانای سیاسی (امکانیت) و لێرە بەدواوە لەو چەمکە گرنگەی مارکس باشتر تێدەگەین کە (ئازادی) دەبێتە تێگەیشتن لە دنیای پێداویستی (چرورە) و رزگاربوون لە هەژموونی یاسا ناچارییەکان. ئەم رەوشە یان هەلومەرجە دەتوانێت شتێك بەرهەم بهێنێت، یان دابهێنێت کە ناوەکەی دەبێتە ئیرادەی گشتی (وەکـوو راپەڕینی باشووری کوردستان، یان بەشداریی خەڵکی رۆژهـەڵات لە خەباتی سیاسی و پێشمەرگانەی کۆتایی دەهەی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی هەتاوی، یان پابەندبوونی خەڵکی باشوور بە خەباتی سیاسی و نهێنی لە دەیەی 1980) ئەم ویستە گشتی و جەماوەریە دەبێتە سوژە و بکەری مێژوویی کە بێگومان پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە لە هێزەکان، یان «جیهانی بچووککراوەی دەسەڵات_گرامشی». ئەم وتار و پێکهاتانە دەتوانێ ئاڕاستەیەکی شاد و ئومێدەوار بە سیاسەت ببەخشێت، یان هەروەکوو لاکلاو بیردەکاتەوە سەروەری و هەژموونی سۆسیالیستی و شۆڕشگێڕ دەتوانێت ستراتیژێکی نوێ بەرەو سیاسەتی رادیکاڵا بسازێنێت.

نوسەرانی «سـەروەری و ستراتیژی سۆسیالیستی» لەو بڕوایەدان کە هەرچەند دەبێت ئەوە بزانین کە لە زەمینەی پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا هیچ بوونێك نییە کە

لایەنی نمادین یان (وتـاری) نەبێت، بەڵام نابێت راستی و واقعیاتی ژیان تا رادەی نماد و وتار کەمبکرێتەوە. لە مەیدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا هیچ جیاوازییەك لە نێوان کارەکانی وتار و جیا لە وتار بوونی نییە، واتە مەبەست لەوەیە کە ئایا دەتوانین لە بواری مەعریفەناسیدا لەسەر خاڵێك، یان پرسێك بە رێکەوتن بگەین یان نا. ئامانجی هەژموون و سەروەری سۆسیالیستی هەوڵدانە بۆ دەربازبوون لە دیدگای خودگەرایی و چون یەککردنی سیاسەت و کۆمەڵگە، خودگەرایی زەمینەی پەیدابوونی رژێمە بونیادگەرا و تۆتالیتارەکانی نازیزم و کۆمۆنیزمی رووسییە.

پرسێکی دیکەی دیدگای لاکلاو مەسەلەی چۆنیەتی پەیدابوونی ناسنامەکانە، کە ناسنامە نە دیاردەیەکی نەگۆڕە ـواتە نابێت نزم بکرێتەوە بۆ ئاستی خودسالاریـ و نە یەکسانیشە بە بونیادی کۆمەڵایەتی. ناسنامەی واقعی نە بە تـەواوی نەگۆڕە و نە بە تـەواوی گـۆڕاوە، بەڵکوو بەرهەمی ململانێ و ناکۆکی نێوان بوون (بونیادی کۆمەڵایەتی) و توانایيە (خودسالاری). کۆڵەکەی ناکۆکییە کۆمەڵایەتیەکان، پەیوەندی نێوان ناسنامەکان دیاریدەکات. ناوەرۆکی کتێبی «سـەروەری و ستراتیژی سۆسیالیستی) ئەوەیە کە ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان تەنها بە بەڵگە و کاریگەری ژێرخانی دیـاری ناکرێن، بەڵکوو سـەروەری و کاریگەری هەژموونەکان لە فۆرمی ئیرادەی گشتیدا دەتوانێت نەخشی دیاریکەری هەبێت، بەڵام دیسان ئەم نەخشەش کاتییە و لە سەردەمی گۆڕاندا دەکەوێتە بەر هێرشی ئاڵوگۆڕەکان.

ئامانجی باڵای لاکلاو لە شیکردنەوەی سیاسەتی رادیکاڵ

و بزاڤی سۆسیالیستی ئەمڕۆدا ئەوەیە کە نیشانیبدات کە پرسەکان و بزووتنەوە هاوچەرخەکانی (فێمینیزم، ژینگەپارێزی، فرە فەرهەنگی و پلۆرالیزمی سۆسیالیستی، بزوتنەوەکانی ئاشتیخوازی دژی جەنگ و چەکی ئەتۆمی و کۆکوژ، بزوتنەوەکانی کرێکاری دەرەوەی کۆمۆنیزم و سۆسیال دیموکراسی، بزاڤەکانی لاوان و خوێندکاران و سەرئەنجام بزوتنەوە رادیکاڵەکانی رزگاریخوازی نەتەوەیی و نیشتمانی) دەبێت وا لێیان تێبگەین کە بەشێوەی پەیوەندی و کاریگەری نێوان بونیادی کۆمەڵایەتی و خودسالاری پەیدابوون. ئەم بزاڤانە نابێت وەکوو دیاردەی خەباتی چینایەتی، یان پرسی ئابووری پەتی لێکبدرێنەوە، هەروەکوو بە هەمان شێوەش ناتوانین و نابێت، کە ئەو بزوتنەوانە لە جێگای خەباتی چینایەتی کرێکاران دابنێین. واتە ئەڵتەرناتیڤی خەباتی کرَکاری نین لە زەمینەی خود، یان بکەری مێژووییدا، بەڵکو بکەر و خودی مێژوویی ئاڵوگۆڕ هێنەر، چەند خو و بکەری فرە و بە کۆمەڵن، کە هەروەکوو ئاماژەمان پێدا بەدیهێنەری ناسنامەی بە کۆمەڵ و ئیرادە و ســەروەری گشتین. لە هەمانکاتدا دەبێت ئەوەش بزانین، کە هیچکام لەم بزاڤانە نوێنەری گشتیی کۆمەڵا و مێژوو نین، هەروەکوو چۆن چینی کرێکار، یان دیدگایەکی دیاریکراوی سۆسیالیستی (بۆ نموونە مارکسیزم) نوێنەری گشتی و بێ ئەملاولای کۆمەڵگا و گۆڕانکاری نییە. ئەفراندنی ناسنامەی بەکۆمەڵا لە زەمینەی بونیاد_خودسالاریدا، دەتوانێت شێوەیەك لە پلۆرالیزمی سۆسیالیستی، یان پلۆرالیزمی (سۆسیالیستی دیموکراتی) پەیدابکات، کە دەبێتە ناسنامەی رادیکاڵا و مرۆڤدۆستی ئەم سەردەمە.

لاکلاو مژدەی ئەوەمان دەداتێ کە سەردەمی ئێستا، کاتی بەسەرچوونی جەبرگەراییە و سیاسەت (کە ناوەکانی دیکەی

دەبێتە سەروەری، توانایی، دەسەڵات، هەژموون و ئیرادە) دەتوانێت وەکو چالاکی خودسالاری دەوری راستینەی خۆی لە خزمەتی مرۆڤدا ببینێت و هەر بۆ ئەم مەبەستەش لاکلاو دەڵێت: پەیداکردنی ناسنامەی بەکۆمەڵا، کاری سەروەری و هەژموونە و ئەم ناسنامەیەش لە دەورەیەکی دیاریکراودا هەر هەمان هەژموون و دەسەڵاتە، بەڵام یەکێك لە ئاکامە نێگەتیڤەکانی یەکسان و چون یەککردنی ناسنامەی گشتی و دەسەڵات (دەوڵەت) مەسەلەی پەیدابوونی خودسالاری و تاکگەرایی ئەمەریکاییە، کە ناڕاستەوخۆ بڕیاری ئەوەدەدات، کە تاك لە پێش کۆمەڵەوەیە و تاك (مۆناد) ی خودسالار و دابەشکراو بڕوا بەو پێش مەرجە دەکات، کە بونیادی کۆمەڵایەتی هیچ نییە جگەلەوەی کە تاك باوەڕی تاکەکان دیاری دەکات، بەڵام لە بەرامبەردا فرەگەرایی، یان پلۆرالیزمی ناسنامەی بە کۆمەڵا، بڕوای بەوەیە کە بناغەی تاك گەرایی خودسالار بە تـەواوی بەرئەنجامی دروست و تـەواوی نوخبەگەرایی سەرمایەدارانەیە. بەمشێوەیە نوخبەگەرایی و تاکگەرایی دوو رووی سکەیەکن (پارەیەکن) کە ئەو سکەیەش جەبرگەراییە. هەردووکیان بەشێوەی خۆیان کۆتایین بۆ سیاسەت و زیندووکەرەوەی ئەفسانەکانی رابردوون. ئەفسانەی تاکگەرایی ئەمەریکایی و ئەفسانەی پرۆلیتاریای رزگاریهێنەر و ئەفسانەی رۆحی خودئاگای هێگڵا، هەموویان ئیلهام لە جەبرگەرایی سەرمایەداری، یان جەبرگەرایی و دیترمینیزمی ئابووری، یان جەبرگەرایی ئایدیالیستی وەردەگرن. لاکلاو دەخوازێت کە کۆتایی بەم ئەفسانانە بێت، چونکە بە رۆشنی دیارە کە ئەفسانە و سیاسەت بە رادەیەك دژ بە یەکن، کە ئەفسانە دەیەوێت سیاسەت لە کارنامەی رۆژگاردا نەهێڵێت.

**سەرچاوەکان:**

1_ جان لچت، پنجاه متفکر بزرگ معاصر (از ساختارگرایی تا پسامدرنیته)، ترجمه محسن حکیمی، انتشارات خجسته، چاپ اول 1377.

2_ مابعد الماركسيه، اعداد فالح عبدالجبار، منشورات دارالمـدى، الگبعه الاولى 1998. وتارى «الماركسيه و جژور الهيمنه)ى ارنستو لاكلاو.

3_ رالف ميليباند، الاشتراكيه لعصر شكاك، ترجمه نوال لايقه، منشورات دارالمدى، الگبعه الاولى 1998.

# سۆسیالیزمی مرۆڤایەتی
# (هیومانیزم)

«ئەو کەسانەی کە بانگەوازی کۆتایی مێژوو دەکەن و سەبارەت بە پیرۆزبوونی دیموکراسیی لیبراڵی و ئابووری ئازاد، زیاد لە پێویست توندڕەوی دەکەن و نازانن تا ئێستا بیروباوەڕە دژەکانی دیموکراسی لیبراڵی بەتەواوی لە مەیدان دەرنەکراون. تا ئێستاش لایەنگرانی دەسـەڵات و دەوڵەتێك لە هەموو دنیادا زۆرن کە دەیانەوێت شایستەیی و خۆشگوزەرانی هەر لە لانکەوە تا گۆڕ زەمانەت بکەن و «سۆسیالیزمی خاوەن روخساری مرۆڤایەتی» تا ئێستا لە واشنتۆن و پایتەختەکانی دیکەی جیهانی رۆژئاوا، قبووڵدەکرێن. مارکسیزم تا ئێستا لە زۆربەی زانکۆکانی ئەمەریکا و رۆژئاوا چالاك و زیندووە»[1].

ئەم وتانەی سـەرەوە، نە هی ئێمەیە و نە هی هیچ کەسێکە لە سۆسیالیستەکان و لایەنگرانی مارکسیزم، بەڵکو قسەی یەکێکە لە چاکترین و سەرسەختترین تیۆریسێن و سەرکردەکانی باڵی راستی سیاسەتی ئەمەریکا، کە ئەویش ریچارد نیکسۆن، سەرۆکی ئەمەریکا لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستە. ئەم وتەیە هێندەی ئـەوەی کە بەیانێکی راسـت و دروستی پەسەندکردن و شایستەیی «سۆسیالیزم و مارکسیزم»ە لە ئەمەریکا و رۆژئاوا، هەر بەو ئەندازەیەش هۆشداریدانە لەسەرهەڵدانەوەی «سۆسیالیزمی خاوەن روخساری مرۆڤایەتی» هەروەکو خودی نیکسۆن ناوی لێناوە، لە هەمانکاتیشدا خستنەڕووی لایەنی زانستی و مرۆڤایەتی مارکسیزمە، هەر بەو پێیەش رەخنەیەکی راسـت و بەسوودە لە بزاڤی سۆسیالیستی و سیستەمە بەناو سۆسیالیستەکانی سەدەی بیستەم، بەتایبەتیش لە سەردەمێکدا کە بەسەردەمی قەیران و ئاستەنگی سۆسیالیزم ناودەبرێت. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر ئاشکراکردنی لایەنی گەوهەری و مرۆڤایەتیی سۆسیالیزم و مارکیسزمە، کە ئەویش هەوڵدانە بۆ هێنانەدی ئەو دەسـەڵات و دەوڵەتانەی کە

خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن هەر لە لانکەوە هەتا گۆڕ بۆ مرۆڤایەتی بەدیدەهێنن، واتە سەرەڕای رەخنە و هۆشداری نیکسۆن و شکستی سۆسیالیزمی سەدەی بیستەم، بەڵام یەکێك لە کارە گرنگەکانی سۆسیالیزمی مرۆڤایەتی هێنانەدی ژیانی شایستەیە بۆ مرۆڤ و گەڕانەوەی لایەنی مرۆڤانەیە بۆ جیهان.

سۆسیالیزمی خاوەن روخساری مرۆڤایەتی، یان لێکدانەوەی ئەم سەردەمە بۆ سۆسیالیزم، یەکێکە لە گرنگترین و چارەنووسسازترین رێگاکانی تێگەیشتن بۆ دەربازکردنی ئاستەنگ، شکستی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم سەبارەت بە سۆسیالیزم. سۆسیالیزمی مرۆڤایەتی دەتوانێت گەلێك ماناو لێکدانەوەی بەهێز و رەخنەگر لەخودی بزاڤی سۆسیالیستی جاران بەیانبکات، ئەگەر بێت و سۆسیالیزم و بزاڤی سۆسیالیستی هاوچەرخ رەوتی لۆجیکی سەردەم پەسەندبکات، کە ئەویش دیاریکردنی سەرجەم چارەنوسەکانە (ئازادی، مافی مرۆڤ، پێشکەوتن، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، پرسی نەتەوەکان و کێشەکانی ستەمی نەتەوایەتی، سەروەری و سەربەخۆیی تاك، مەسەلەی ئاشتی و ژینگەپارێزی، پرسی ژنان و لاوان و...) لە رێگای ئازادی و دیموکراسی بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم. واتە تێگەیشتنی رەوتی بەهێزی ئازادی و دیموکراسی بۆ گەیشتن بە رزگاری تەواو، یان رزگاریەکی شایستەتر بە مرۆڤی ئەم سەردەمە، جا ئەو پرس و چارەنووسە خودی ئازادی و رزگاری کۆمەڵایەتی بێت، یان سۆسیالیزم و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بێت بەرەو ئاسۆیەکی گەشتر. هەر بەو بۆنەیەوە، جێگای خۆیەتی یەکێك لە وتە گرنگەکانی «کارڵا مارکس»ی مەزن لەساڵی1881 و لەپێشەکی بەرنامەی «پارتی کرێکارانی فەرەنسا» بە نموونە بێنینەوە، کە دەڵێت: «دەبێت ئێمەش سۆسیالیستەکان، وەکو تەواوی

کۆمەڵگە، دیموکراسی و هەڵبژاردن بکەینە ڕێگای سەرەکی بۆ پەیداکردنی هێز و گۆڕینی هاوسەنگیی ناو کۆمەڵا. ئێمە دەتوانین مافی هەڵبژاردنی گشتی و دیموکراسی لە ئامرازێکەوە بۆ فریودان (کە ئێستا لە دەستی بۆرژوازی و سەرمایەداریدا بەو شێوەیە بەکاردێت) بکەینە ئامرازی دەستی چینی کرێکارو تەواوی مرۆڤایەتی چەوساوە بۆ رزگاری».(2)
سۆسیالیزمی مودێرن، یان بزاڤی سۆسیالیستی لەسەر دەستی نەوەی تازە دەتوانێ لە ڕێگای دیموکراسییەوە بۆ دیاریکردنی چارەنووس، گەلێك ئاسۆی فراوانترو بەهێزتر و کاریگەرتر لە خودی دیموکراسی نەریتی، یان دیموکراسی مەوجوود پەیدا بکات. واتە بەو رادەیەی کە سۆسیالیزمی مرۆڤایەتی و هێزە پێشکەوتووخوازەکان لە مەیدانی ئازادی و دیموکراسیدا بەهێز و کاریگەربن، هەر بەو ئەندازەیەش چارەنووسەکە هەرچی زیاتر بەرەو ئازادی، رزگاری، پێشکەوتن و عەدالەت مسۆگەرتر دەبێت، هەر بەو پێیەش کاریگەری فریودەرانەی کۆنەپەرستان و چەوسێنەرانی سەرمایەداری لەسەر مرۆڤایەتی و خودی دیموکراسیش کۆتاتر دەبێت. مەبەستم ئەوەیە هەروەکو چۆن دەبێت سۆسیالیزم لە گەرد و تۆزی بۆرژوازی پاکبکەینەوە (سۆسیالیزمی سەدەی بیستەم لە هەر دوو ئاراستەی سۆسیال دیموکراسی و لینینیزم و کۆمۆنیزمی رووسی و ئۆردووگایی) هەر بەو شێوەیەش دیموکراسی بکەینە سەنگەری بەهێزی کرێکاران و مرۆڤایەتی ستەم دیدە و لە ئاستەنگ و سنورداری بۆرژوایی رزگاربکەین. ئەم شێوەیە لە دیموکراسی لە فەرهەنگی سۆسیالیزمی مودێرندا پێی دەوترێت «دیموکراسی سۆسیالیستی» [3] و لە فەرهەنگی دیموکراسی رەخنەگر لە دیموکراسی لیبراڵی و سەرمایەداری پێی دەوترێت «دیموکراسی راستەقینە» یان «دیموکراسی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی».[4] بەکارهێنانی دیموکراسی و

کاریگەری سۆسیالیزمی مرۆڤایەتی لەسەر دیموکراسی، دەرگا لەسەر چەند پرسێکی گەورەی سەرجەم مرۆڤایەتی دەکاتەوە و دەتوانێت دوورنمایەکی روونتریش بۆ خودی بزاڤی سۆسیالیستی و مرۆڤایەتی بنەخشێنێت.

## پرسی یەکەم:

کاتێك کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیا لەساڵی 1917 وەکوو گەورەترین و کاریگەرترین شۆڕشی رزگاری روویدا، ئەم شۆڕشە نەیتوانی یان لەڕاستیدا رابەرانی نەیاندەویست لە رێگای چارەنوسی ئازادی و دیموکراسیەوە، وڵات بەرەوپێش بەرن. راستە شۆڕشی ئۆکتۆبەر، شۆڕشی کرێکاران و سەرجەم هەژاران و زەحمەتکێشان و میللەتانی چەوساوە بوو، بەڵام دەبوایە سەردەمداران و کاربەدەستانی باش ئەوەیان بزانیایە کە پێویستە ئەرکەکانی قۆناغی رزگاری و دیموکراسی بە ئاکام بگات و هەر بۆیەش پلیخانۆف دەڵێت: «راستە ئەم شۆڕشە کرێکاران لە ئەنجامی لاوازی و بودەڵەیی بۆرژوازی روسیا کردوویانە، بەڵام سەبارەت بە ئەرك و پێداویستیەکانی قۆناغی ئازادی و دیموکراسی نابێت بێکار و بێ بەرپرسیاری بێت، دەبێت ئەرکەکانی قۆناغی دیموکراسی لەسەر دەستی کرێکاران و هەژاران و گەلانی ستەمدیدە بێتەدی و ئەم شۆڕشە بە بێ ئازادی و دیموکراسی بێگومان ناتوانێت سۆسیالیزم بەدی بهێنێت».[5] دیموکراسیی ئەوکاتەی روسیا چەند ئەرکی گرنگی لە ئەستۆ بوو، کە بەشی هەرەزۆری خەڵکی روسیا پێویستیان پێی بوو.

**یەکەم:** زۆربەی جەماوەری فراوانی خەڵك لەجووتیاران و زەحمەتکێشان پێکهاتبوون، هەر بۆیەش لە دروشمە گرنگەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، دروشمی داواکاری زەوی بوو.

**دووەم:** بەشی زۆری گەلانی روسیا، نەتەوە

چەوساوەکانی ژێر زەبر و زەنگی تێزاریزم بوون و ئەوکاتە بە روسیایان دەوت «زیندانی گەلان»، واتە دەبێت یان دەبوایە ئەم شۆڕشە ئازادی و رزگاری گەلانی بەدی بهێنایە، بەڵام بەداخەوە ستەمی تزار لەسەر ئەو نەتەوانە گۆڕدرا بە ستەمی دەسەڵاتی بۆلشەویکەکان.

**سێیەم:** مەسەلەی ماف و ئازادییەکان بۆ سەرجەمی خەڵك و تاکەکان لەفەرهەنگی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو بەلشەفیزمدا بێگانەبوون و سەرئەنجام شۆڕش لەجێگای دەسەڵاتی تزارەکان، دیسان خەڵکیان بێ ماف و بێ ئازادی کرد.

**چوارەم:** شۆڕشی روسیا یەکێك لە داواکاریەکانی مافی ژیانی ئابووری شایستەبوو بۆ هەموان، بەڵام هەژاری، یان ئاستێکی نزمی دەرامەتی ئابووری کرایە دیاری ئۆکتۆبەر و بۆلشەفیزم بۆ تەواوی خەڵکی روسیا. لەکاتێکدا یەکێك لەسەرەتاییترینو بەڵگە نەویستترین بیروباوەڕەکانی مارکس دەربارەی سۆسیالیزم شادبوونی مرۆڤە بەژیانێکی تێروتەسەل و خۆشگوزەرانی[6]، بەڵام لەروسیا لەدوای ئۆکتۆبەر(هەر وەکو پێش شۆڕش) هەژاری کرایە قەدەر و ژیانی هەموان.

شۆڕشی ئۆکتۆبەر و ئەزموونە بەناو سۆسیالیستییەکانی وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵاتی پاشکۆی کرێملین لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی، ئەگەر کێشەی ئازادی و بەدەستهێنانی رزگاری و ژیانێکی شایستەی بۆ مرۆڤەکان چارەسەر بکردایە، بێگومان ئێستا روسیا و ئەو وڵاتانە دەبوونە سەرزەمینی ئازادی و دیموکراسییەکی فراوانتر و گەشتر بۆ مرۆڤ و دیموکراسیش لە بەرینایی جیهاندا دەبووە، یان سۆسیالیستەکان دەیانکردە سەنگەرێکی بەهێزی چینی کرێکاران و سۆسیالیزم و سەرجەم مرۆڤایەتی چەوساوە. ئەزموونی ئۆکتۆبەر لەسەر دەستی بەلشەفیکەکان و

سۆسیالیزمی ئۆردووگایی (ئەوروپای رۆژهەڵات و چین) یەکێك لە دەستکەوتە گرنگەکانی مرۆڤایەتییان لەو زەمینەدا (ئازادی، دیموکراسی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، مافەکانی مرۆڤ و ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەکان) لە دەستی سۆسیالیزم کردە دەرەوە، هەر لەسەرەتاکانی سەدەی بیست تا نزیکەی کۆتایی ئەو سەدەیە.

سەبارەت بە گرنگی و کاریگەری ئازادی و دیموکراسی لە روسیا، مارکس وتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێت: «روسیا تەنها یەك دوژمنی هەیە، ئەویش هێزی تەقینەوەی بیروباوەڕی دیموکراسییە، واتە ئارەزووی سروشتی مرۆڤەکانییەتی بۆ گەیشتن بە ئازادی».[7] شکست و هەڵوەشانەوەی سۆڤێت و ئۆردووگا پاشکۆکەی یەکێك لەگەورەترین هۆیەکانی نەبوونی ئازادی و دیموکراسی بوو، بێگومان لەگەڵا هۆیەکانی نەبوونی مافی مرۆڤ و ژیانی شایستە بۆ تاکەکان و مافی نەتەوەکان. مێژوو گەواهی ئەوە دەدا کە پاشەکشەو هەڵوەشانەوەی سۆڤێت و ئۆردووگا بەناو سۆسیالیستیەکەی لەئەنجامی هێرشی سەرمایەداری رۆژئاوا نەبوو، بەڵکو لە ئەنجامی خەباتی ئەو کرێکار و زەحمەتکێشانە بوو کە ساڵانی ساڵا دیل و کۆیلە و برسی و بێ ماف کرابوون.

## پرسی دووەم:

پرسی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی و سەربەخۆیی تاك و کۆمەڵ، تەنانەت خودی مرۆڤیش لەبیروباوەڕی سۆسیالیستی و مارکسیزمدا و بەتایبەتی خودی بیروباوەڕی مارکس و ئەنگلس، بنکەیەو هەموو شتێك لە ئەنجامی ویستی مرۆڤ بەرهەمدێت. هەربۆیە ئەوەی بەهای مرۆڤ نەزانێت و نرخی پێنەدا، ناتوانێت بڵێ من سۆسیالیستیم. سۆسیالیزمی بنیاتنراو، یان سۆسیالیستی سەدەی بیست بە سۆڤێتی و

غەیرە سۆڤێتییەوە ئەوەندەی بایەخی بەچوارچێوە، ئەلگۆ و رژێمەکان و دەسەڵات و ئابووری دەوڵەت دەدا، ئەوەندە لایەنی گەورەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی نەدەبینی. سۆسیالیزمی شکستخواردوو، هەموو مەبەستەکەی گەورەکردن و بەهێزکردنی رژێم و دەسەڵاتی دەوڵەتی بوو، هیچ لەبیری ئەوەدا نەبوو کە خودی ئەو بیروباوەڕە بۆ ئازادی و سەرفرازی مرۆڤەکانە، نەك رژێم و تەنانەت بیروباوەڕەکانیش. بەم بۆنەیەوە پەنا دەبەمە بەر دوو وتە، یان بیروباوەڕی گرنگی خودی مارکس کە بنیاتنەری سۆسیالیزمی مرۆڤایەتییە و لە هەموو پەیڕەو و مەکتەبەکانی دیکەی ناو مارکسیزم و سۆسیالیزمیش خاوەن روخسار و ناوەڕۆکی مرۆڤانەیە:

**یەکەم:** «ئێمە لە رۆژگارێکدا دەژین، کە دابڕانی مرۆڤ لە سروشتی مرۆڤایەتی، یان بە دەربڕینی فەلسەفی (لەخۆ نامۆ بوون)ی مرۆڤ گەیشتۆتە رادەیەك کە بە ناچاری دەبێت بە گۆڕانێکی شۆڕشگێڕانە کۆتایی پێ بهێنرێت. رەگ و ریشەی ئەم ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییە بە توندی گرێدراوە بە بەرژەوەندی چینایەتی چینی کرێکارانەوە، کە زیاتر لە هەموان لە واقعیەتی دابڕانی مرۆڤایەتیدایە، یان لە خۆی بێگانەکراوە، بەڵام ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییە سەرلەنوێ مرۆڤایەتی بۆ تەواوی خەڵك دەکاتەوە بە ئامانج».[8]

**دووەم:** «مرۆڤ هەتا هاتووە پێداویستیەکانی لە خواردن، شوێنی ژیان و جلوبەرگ بەرهەمهێناوە و بۆ بەرهەمهێنانی ئەم نیازانە پێویستی بە بەرهەمهێنانی بیروباوەڕ هەبووە، پاشان بیریش بووەتە یەکێك لە پێداویستییەکان و ئەویش وەکوو نیازەکانی دیکە چۆتە دەرەوەی مرۆڤ (کە مرۆڤ خۆی سەرچاوەی هەموو بیرەکانە) و بووەتە شتێکی سەربەخۆ لە مرۆڤ، هەروەکو چۆن پێداویستییەکان دەبێت بەدەستبهێنرێن، ئاواش دەبێت بیریش بەدەستبهێنرێت، واتە

بیریش وەکو نیازەکانی دیکە لە دەرەوە و سەربەخۆ لە مرۆڤ کاریگەری و دەسەڵاتی دەبێت بەسەر خودی مرۆڤدا، تەنانەت لەوانەشە ببێتە ڕێگر لەبەردەم بەدەستهێنانی پێداویستیەکانی دیکە (وەکوو بیروباوەڕی ئایینی)، بۆیە پێویستە بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی سەربەخۆ و ئازاد، دەبێت لە دژی بیروباوەڕەکان شۆڕش بەرپابکەین».[9]

یان زۆرجار دەیوت بیروباوەڕەکانی من دۆگمایەکی نەگۆڕ نییە، بەڵکوو ڕێبازی کارکردنە، یان لە بەرامبەر پۆل لافارگ و سۆسیالیستە فەرەنساییەکان کە خۆیان بە مارکسیست دەناساند، دەیگوت ئەوەندەی پەیوەندی بە خودی خۆمەوە هەبێت، من خۆم بە مارکسی نازانم، بۆ ئێوە خۆتان بە مارکسی لە قەڵەم دەدەن. هەموو ئەم وتە و بەڵگانە هێمان بۆئەوەی کە لەمارکسیزمدا بیروباوەڕەکان ئامانج نین و نەگۆڕ و پیرۆز نین، بەڵکو تەنها مرۆڤ و هیوا و مافەکانی مرۆڤ پیرۆز و مەزنن، بەڵام لە زۆربەی بزاڤ و حکوومەتە سۆسیالیستی و بەناو مارکسیەکاندا بیروباوەڕەکان و دەسەڵاتی ناو ئەو بیروباوەڕانە کرانە پەرستگایەکی دڵڕەق و چەوسێنەر و نەگۆڕ.

سەرئەنجامیش کێشەی نێوان دنیای ڕۆژئاوای لیبراڵی، کە هەندێك یان چەند ئاستێکی لە ئازادی و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ فەراهەمکردبوو، لە بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی سۆسیالیزمی سەدەی بیستەم کە دژی ماف و ئازادییەکان و هێرشەکەش ئەو جەماوەر و خەڵکە ئەنجامیدا، کە بە ناوی گشتی سەپێندراوی سۆسیالیزمەوە سەرکوتو چەوساوە دەژیان.

هەر سەبارەت بەپرسی ماف و ئازادییەکانی تاك و مەسەلەی تاك باوەڕ و ڕەسەنایەتی تاك لە مارکسیزم و سۆسیالیزمدا، (لشك کۆلاکۆفسکی) کە یەکێکە لە مامۆستا و

تیۆرێسێنە ناودارەکانی تیۆر و فەلسەفەی سیاسی لە زانکۆی ئۆکسفۆردی بەریتانیا دەڵێت: «بە پێچەوانەی بانگەواز و رەخنەی بەردەوامی نەیارانی مارکس، بەرنامەی سۆسیالیزم هەر لە سەرەتاوە تا ئەنجام، هەرگیز نابوودی ئـازادی و سەربەخۆیی تاکەکانی رانەگەیاندووە، یان لە هەوڵی ئەوەدا نەبووە. هاوئاستکردنی هەمووان، یان چوونیەککردنی تاکەکان لە (بەرژەوەندی گشتی)دا پیادەبکات. بێگومان ئەم هەڵوێستە لە پەیڕەوەکانی سۆسیالیزمی سەرەتایی، یان لە لای سۆسیالیستەکانی پێش مارکس هەبووە و بەتایبەتی لە لای یۆتۆپیاکانی سەردەمی رێنیسانس و رۆشنگەری، کە ئیلهامیان لە نەریتی کۆمۆنیزمی ئایینی (مەسیحی) وەردەگـرت، یان لە دیدگای سۆسیالیستەکانی دەیەی 1840دا ئەم رەهەندە دەبینرا، بەڵام لە بیروباوەڕی مارکسدا، سۆسیالیزم بە مانای رزگاری تەواوی تاکەکانە لە رێگای نابوودکردنی ئەو دەنگ و ئاوازە ناڕۆشنانەی، کە ژیانی کۆمەڵایەتیان لێکردۆتە بێگانە و نامۆ و لەو جیهانەشدا، کە بۆرۆکراسی دەبێتە سەرچاوەی نامۆبوون، ئامانجی مارکس ئەوەیە کە مرۆڤەکان بە یەکجاری لە سروشتی خۆیان بە ئاگابێن، وەکو بوونێکی کۆمەڵایەتی هۆشیار و لە هەمان کاتیشدا بەهۆی ئەو هۆشیاریەوە بتوانن تواناکانی خۆیان لە هەموو بوارەکاندا بەرەو تەکامول بەرن. مەسەلەی کەمکردنەوەی تاك تا رادەی بوونەوەرێکی گشتی بە تەواوی لەلای مارکس پەسەند نییە. مارکس خوازیاری کۆمەڵێك بوو کە لەوێدا سەرچاوەی هەموو دژایەتیەکانی نێوان تاکەکان لەنێو ببرێت. بە بڕوای ئەو، ئەم دژایەتی و ناکۆکیانە کاتێك روودەدەن کە ژیانی سیاسی لە کۆمەڵی مەدەنی جیابکرێتەوە، بە ناچاری دەبێتە ئاکامی گۆشەگیری نێوان مرۆڤەکان، هەر بۆیە دەڵێت بونیادی خاوەندارێتی تایبەتی بەو مانایە دەبێت، کە خەڵك تەنها بتوانن حاڵەتی

تاکێتی خۆیان له‌ به‌رامبه‌ر ئه‌وانی دیکه‌ بسه‌لمێنن، به‌ڵام ئامانجی مارکس ئه‌وه‌یه‌ که‌ تاکه‌کان بتوانن تاکایه‌تی خۆیان له‌گه‌ڵ که‌سانی دیکه‌دا (نه‌ك دژ به‌وان) بپارێزن و به‌رده‌وام بکه‌ن».(10)

ره‌خنه‌ی مارکس و سۆسیالیزم له‌ کۆمه‌ڵی سه‌رمایه‌داری، له‌ زه‌مینه‌ی تاك باوه‌ڕیو ماف و ئازادییه‌کانی تاکدا، ته‌نها له‌ چوارچێوه‌ی وێنای ئه‌و له‌ جیهانی نوێ، یان له‌کۆمه‌ڵگه‌ی ئاینده‌ به‌ ئاکام ده‌گات، که‌ له‌و جیهانه‌دا گرنگی و کاریگه‌ری کۆمه‌ڵایه‌تی ژیانی هه‌ر تاکێك به‌ هیچ هۆکارێك بۆ خودی ئه‌و تاکه‌ رۆشن ده‌بێت، که‌ بێگومان له‌وێدا تاکێتی و تاك باوه‌ڕی ئه‌و له‌ چونییه‌ککردنی بێڕه‌نگدا غه‌رق نابێت. پێشمه‌رجی ئه‌م ئه‌ندێشه‌یه‌ ئه‌وه‌یه‌ که‌ یه‌کبوون، هاوئاهه‌نگی نێوان به‌رژه‌وه‌ندی تاك و کۆمه‌ڵ له‌به‌رچاوگیراوه‌ و زه‌مینه‌ و هۆکاره‌کانی (ویستی تاك) ده‌کرێت ببێته‌ جۆرێك له‌به‌رژه‌وه‌ندی گشتی. مارکس بڕوای به‌وه‌ بوو کۆمه‌ڵگایه‌ك که‌ تیایدا سه‌رچاوه‌ی هه‌موو دژایه‌تی و چه‌وسانه‌وه‌ و توندوتیژیه‌کان له‌ناو بچێت، نه‌ك ته‌نها شایانی وێناکردن و خه‌باتکردنه‌، به‌ڵکو ده‌توانین بیخه‌ینه‌ ده‌ستوور و به‌رنامه‌ی رۆژگاری خۆمان، که‌ بێگومان تاك تیایدا سوودمه‌ند ده‌بێت.

## پرسی سێیه‌م:

پرسی فره‌یی و پلۆرالیزمی سیاسی و کۆمه‌ڵایه‌تی یه‌کێکه‌ له‌ مه‌سه‌له‌ گرنگه‌کان، که‌ مرۆڤایه‌تی توانیویه‌تی به‌ده‌ستیبهێنێت. هه‌ر خودی پلۆرالیزم و فره‌یی شێوه‌یه‌که‌ له‌ ئازادی و رزگاربوونی مرۆڤایه‌تی له‌ ده‌ست تاك جه‌مسه‌ری و تاك هه‌ژموونی. ئه‌گه‌ر رژێمێك، یان وڵاتێك له‌ رێگه‌ی گه‌شه‌کردنی دیموکراسی و ئازادییه‌وه‌ به‌ چاره‌نوسی بگات، بێگومان یه‌کێك له‌پرسه‌ گرنگه‌کانی به‌رده‌می ئه‌و

چارەسەرەیە، مەسەلەی ئاستەکانی گەشەکردنی ئابووری و پرسی تاکەکان و ڕەوشی نەتەوە و ناسنامەکانە. ئەمانەش سەرەڕای بوونی چینەکان و نوێنەرە سیاسیەکانیانە، کە پارتەکانن. مادام سۆسیالیزم (هەروەکوو مارکس بڕوای وابوو) گێڕانەوەی ڕەوش و شایستەیی مرۆڤایەتییە بۆ مرۆڤ و بۆ جیهان. هەربۆیە دەبێت مرۆڤەکان و ناسنامە و تاکەکان لەو زەمینەیەدا ئازادبن و هەرچۆنیان بوێت بەوجۆرە دیسان شاد ببنەوە بە مرۆڤایەتی لەدەستچویان. لێرەدا تەنها یەك پێوەر هەیە کە ئەم ئامانجەیان لە دژی لایەنێکی دیکە (تاك، ناسنامە، ڕەوشی ئابووری کەسێکی دیکە) بەکار نەهێنێت و دەبێت مرۆڤ و ئازادی و خۆشبەختیەکانی بکرێتە ئامانج. بێگومان ئەم ئامانجەش دەبێت لە دەستی ئەو لایەنانە بێت، نەك هێزێك، یان دەسەڵاتێك، یان بیروباوەڕێك بۆی دیارییبکات یان سنووورداری بکات.

دیدگای فرەیی و پلۆرالیزمی سیاسی و ناسنامەیی، کە بەشێکە لە بەرنامە و ناسنامەی نەوەی سێهەمی بزاڤی سۆسیالیستی کە بە «سۆسیالیستی دیموکراتی» ناسراون، بەشێوەیەك کراوەتە ڕەوش و ئامانج کە بەراستی پەیڕەوکردنی ئەو بەرنامەیەی مارکسە، کە ئەویش هەوڵدانە بۆ گێڕانەوەی شایستەیی بۆ مرۆڤایەتی و لەناوبردنی لەخۆنامۆبوونی مرۆڤە. ئەم نەوەیە هەر بەو شێوەیەی کە زەمینەی پەیدابوونیان دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ بیروباوەڕی پلۆرالیزمی، یان هەر بەو ڕادەیەش ئەم پلۆرالیزمە دەکەنە بەرنامەو پەیڕەوی سیاسی و مرۆڤایەتییان. سۆسیالیستە دیموکراتەکان کە لە بزاڤەکانی (چەپی نوێ، فێمینیزم، بزوتنەوەی مافە مەدەنییەکان، بزاڤی لاوان و خوێندکاران، پرس و بزووتنەوەی نەتەوەکان، بزووتنەوەی کرێکاری دەرەوەی حزبەکانی کۆمۆنیست و سۆسیال دیموکرات، بزوتنەوەی ڕووناکبیرانی ناڕازی لە

سەرمایەداری و کۆمۆنیزم و سۆسیال دیموکراسی) پەیدابوون لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە ئەم بەرنامە و ئەلتەرناتیڤانە بکەنە بەشەکانی بەرنامەی سۆسیالیستی خۆیان و لەو روانگانەوە (نەك یەك روانگە) مرۆڤایەتی ستەمدیدە رزگاربکەن.

بەشێکی دیکە لە دیدگای پلۆرالیزمی سۆسیالیزمی مرۆڤایەتی هەوڵدانە بۆ گفتوگۆی نێوان بیروباوەڕەکان (دیموکراسی وسۆسیالیزم)، (ناسیۆنالیزم و ئەنترناسیۆنالیزم) و (تاکباوەڕی و کۆمەڵایەتی گشتی)، (گفتوگۆی نێوان فەرهەنگەکان) و ئەم رەهەندە هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە ئاستە باڵاکانی حەقیقەت و کرانەوەی بونیاد و ناسنامەکان بە رووی یەکتردا و پەیڕەوکردنی ئەو دیدگایەی، کە دەڵێت: «یەکەمین مەرجی دادپەروەری خوێندنەوە و بڕواهێنانە بە بەرامبەر. (ئیمانوێل لویناس)».

رەهەندێکی دیکەی سۆسیالیزمی مرۆڤایەتی بۆ بڕواهێنان بە پلۆرالیزم، پەیوەندارە بە هاوئاهەنگی و یەکتر خوێندنەوەی ناو خـودی بزوتنەوەی سۆسیالیستی و مارکسیستی، لە نێوان پەیڕەو و بیروباوەڕەکانی ناو ئەو بزاڤە کۆمەڵایەتیی و جیهانییەو مەکتەبە فکری و فەلسەفی و سیاسییە. بێگومان مارکسیزم و سۆسیالیزم لەو مەکتەبە فکریانەن کە زۆرترین دیدگا و روانگەی فرەیی و پلۆرالیستیان تیا پەیدا بووە (دیارە ئەگەر بەراوردبکرێت بە مەکتەبە فکرییەکانی دیکە، نەك بەشێوەی رەها) و ئەم دیدگا و پەیڕەوانە، یان لە روانگەی جیاوازەوە پەیدابوون، یان زادەی سەردەم و مێژووی جیاوازن، بەڵام هەر یەکەیان توانیویەتی نەخش و کاریگەریی هەبێت. گفتوگۆ و یەکتر خوێندنەوەی نێوان ئەو پەیڕەوانە (مارکسیزمی رەسەن، مارکسیزمی سونەتگەرایی ئەڵمانی(کاوتسکی)، مارکسیزمی تازەکردنەوەی بیروڕا (تجدید نقر گلب) ئیدوارد برنشتاین، مارکسیزمی رادیکاڵا و شۆڕشگێر (رۆزا لۆکزامبۆرگ)، مارکسیزمی لینینی و روسی، مارکسیزمی

ڕۆژئاوایی (فەلسەفی و هیگڵی)، گرامشی و لۆکاچ، مارکسیزمی ڕەخنەگر (مەکتەبی فرانکفۆرت)، مارکسیزمی بونیادگەرا (ئاڵتۆسێر و نیکۆس بۆلانزاس)، مارکسیزمی وجوودی (ژان پۆل سارتەر)، مارکسیزمی لێکۆڵینەوەی دەوڵەت لە سەرمایەداری (مارکسیزمی دانشگایی ئەمەریکایی)، مارکسیزمی جیهانی سێ، پۆست مارکسیزم و سەرئەنجام نەوەی سێهەم لە بزاڤی سۆسیالیستی، کە بەشێك لەوان کۆمۆنیزمی ئەوروپاییە)[11] دەتوانرێت و دەبێت بکرێتە زەمینەیەك بۆ گفتوگۆی فکری و میتۆدۆلۆژی نێوان خودی بزوتنەوەی سۆسیالیستی، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت زۆرێك ڕێگای فکری و فەلسەفی و سیاسی و ئابووری دەستەبەر بکرێن، بۆ بونیاد نانەوەی بزاڤی سۆسیالیستی و هەوڵدان بۆ سازدانەوەی سەردەمێکی دیکەی زێڕین لەنێو سۆسیالیزمدا.

ئەگەر سۆسیالیزمی نوێ و مرۆڤایەتی ئاینده بتوانێت، وەها گۆڕانێك لە خۆیدا بەدی بهێنێت، یان بە وتەی مارکس نەبینە کۆیلە و دیلی دۆگما و بیرو باوەڕە کۆنەکان و ڕێبازەکەمان بکەینە ڕێبەری کارکردنی مرۆڤایەتی لە سەدەی نوێدا، ئەوکاتە دەتوانین بڵێین دەبێ پشتمان لەژێر کاریگەری شکستی سۆسیالیزمی شێوێندراو ڕاستبکەینەوە، کە سۆسیالیزمێکی تاك ڕەنگ و هەژموندار و دیکتاتۆری بوو.

## پرسی چوارەم:

پرسی ئاییندەی مرۆڤ و جیهانە لە بەرامبەر، یان لە سەردەمی جیهانگیریدا. پرسی بەدەستهێنانی ژیانێکی بەهرەمەند لە هەموو نیاز و پێداویستییەکان و بەدیهێنانی ئاستێکی شایستەو باڵاتر لە خۆشگوزەرانی. بیروباوەڕی سۆسیالیستی و بەتایبەتی ئامۆژگاریەکانی مارکس هەمیشە لە بیر و هەوڵی ئەوەدا بووە کە یەکسانی بۆ تەواوی مرۆڤایەتی

بەدەستبهێنێت، بەڵام ئەم یەکسانییە دەبێت مرۆڤایەتی بە تەواوی لێی بەهرەمەندبێت، هەمووان لە ئاستێکی باڵادا بژین، نەك هەموان لە هەژاریدا یەکسان بژین.

لایەنگرانی بەجیهانیکردن باس و خەیاڵی ئەوە دەکەن، کە دنیا دەبێتە گوندێکی گەردوونی و فەرهەنگی باکووری باڵادەست بە تەواوی زاڵا دەبێت (یان لە هەوڵی ئەوەدان کە زاڵبکرێت) و دنیا دەبێتە یەکەیەکی سیاسی و ئابووری. ئەگەر ئەم یەکبوونە لەئاستی جیهانیدا بتوانێت ژیانێکی بەهرەمەند و یەکسان و ئازادی بە دیاری بهێنێت، ئەوا بێگومان هەموو دنیا (مەبەستم خەڵکی دنیایە، نەك رژێمەکان) لایەنگری لێدەکەن و جیهانگیریش جێبەجێ دەبێت، بەڵام ئەگەر نەتوانێت ئەو ئاواتە بەدەستبهێنێت، ئەوا چارەنووس و ئایندەی ئەویش لە سۆسیالیزمە جیهانیەکەی سەدەی بیستەم باشتر نابێت و خەڵك پەسندی ناکەن.

بۆ چاکتر رۆشنکردنەوەی دیدگای سۆسیالیستی و مارکسیستی سەبارەت بەجیهانیبوون، دوو نموونە لە فەرهەنگی خودی مارکسیزم باس دەکەم کە بێگومان باشترین دوورنمای ئایندەیان بۆ مرۆڤایەتی تێدایە:

یەکەم: سۆسیالیزم تەنیا لەرێگای نابوودی خاوەندارێتیی تایبەتی نایەتە دی. هێنانەدی ئەو ئامانجە پێویستی بە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی بەردەوام هەیە. ئاکامی ئەم خەباتە تەنها لە ئەنجامی پێشکەوتنی مێژوویی و ئابووری دێتە دی. پێشمەرجی سۆسیالیزم، پێشکەوتنی بەرهەم و ئابووری و زانست و هونەرە، لەگەڵا بوونی بازاڕێکی جیهانی.[12]

دووەم: «لایەنگرانی راستەقینەی سۆسیالیزم بێگومان لایەنگری جیهانیبوونن لە زەمینەکانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی تەواوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بەڵام بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە بەبێ یەکسانی واقعی و تەواوی مرۆڤەکان نایەتە دی. (ستیفان مزارۆش).»[13]

**سەرچاوەکان:**

1ـ ریجارد نیکسون، فرصت را دریابیم (وڤیفه أمریکا در جهانی با یك ابرقدرت)، ترجمه حسین وفسی نژاد، تهران 1371،ل 14.

2ـ کـارل مارکس و فریدریك انجلس، بصدد الپوره الاشتراکیه، مجموعه من المقالات المختاره، دار التقدم، موسکو.

3ـ رالف میلیباند، الاشتراکیه لعصر شکاك، ترجمه نوال لایقه، دارالمدی، الگبعه الاولی 1998.

4ـ دایره المعارف دموکراسی، زیر نڤر سیمور مارتین لیپست، کتابخانه تخصصی وزارت امور خارجه، تهران 1383، ل 1352، جلد سوم.

5ـ افکار بلیخانوف الآخیره، مجله النهج، العدد 28، خریف 2001.

6ـ کارل مارکس، الایدیولوجیه الالمانیه، ترجمه د.فؤاد ایوب، دمشق یان چاپی موسکو، دارالتقدم.

7 ـ هەمان سەرچاوەی ژمارە 1.

8 ـ لشك کولاکوفسکی، جریانهای اصلی در مارکسیزم، جلد یکم (بنیانگزاران) ترجمه عباس میلانی، نشر اگاه، چاپ دوم 1385، ل 312.

9ـ سەرچاوەی ژمارە 6.

10ـ هەمان سەرچاوەی ژمارە 8، ل 159.

11ـ حسین بشیریه، اندیشەهای مارکسیستی در قرن بیستم، نشر نی، تهران، چاپ ششم 1384.

12ـ هەمان سەرچاوەی 8، ل 217.

13ـ ایستوان مزاروش (یا سوسیالیزم یا بربریت) از قرن امریکا تا دوراهی سرنوشت ساز، ترجمه دکتر مرتچی محیگ، نشر اختران، تهران، چاپ دوم 1385، ل 12.

# هەڵەکانو هیواکان

## "نیگایەك لە رابردو و ئایندەی چەپ"

ئەگەر سەرنجێکی خێرا بە رابـردووی بزوتنەوەی چەپ و سۆسیالیستیدا بگێڕین، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم بزاڤە لە سەد ساڵی رابردوو، یان کۆنتر، سێ بەرهەمی گرنگ و کاریگەری هەبووە، کە نەخشی گرنگیان هەبووە لەسەر هەموو مرۆڤایەتی بەگشتی و خودی بزاڤی چەپ و سۆسیالیستی بەتایبەتی. ئەم سێ بەرهەم و رەهەندەش ئەمانەن: بیروباوەڕ و پەیڕەوی فکری، سیاسی، فەلسەفی و کۆمەڵایەتی، پارت و رێکخراو و دەسەڵاتە سیاسییەکان و بزاڤە کۆمەڵایەتی و جەماوەرییەکانی چینی کرێکار و بەشێك لە جەماوەر و خەڵکی جیهانی.

سەبارەت بە بیروباوەڕو پەیڕەوە بیرپارییەکان دەتوانین ناوی ئەو پەیڕەوە فکریانە بێنین، کە لە ژێر کاریگەری مارکس و بیروباوەڕەکانی ئەودا لە سەردەم و شوێنی جیاوازدا شیکردنەوە، لێکدانەوەی جۆراوجۆر و فرەیان لەسەر مارکسیزم و سۆسیالیزم و پرسەکانی دیکەی بزاڤی چەپ و سیاسەت فکریان بەرهەمهێناوە.

بێگومان پێش مـارکـس، بـیـروبـاوەڕی چـەپ و سۆسیالیستی لە لای سۆسالیستە سەرەتاکان، یان ئەوانەی هەندێك بە سۆسیالیزمی خەیاڵی دەیانناسن هەبووە، بەڵام ئەم بیروباوەڕانە زۆر سەرەتایی و کەمبوون و نەشبوونە خاوەن هێزی جەماوەری و کرێکاری، وەکو پـەیـڕەوی فکری و سیاسی و فەلسەفی بەردوامیش نەمانەوە.

لـەسـەر دەسـتـی مـارکـس بـیـروبـاوەڕی چـەپ و سۆسیالیستی دەچێتە قۆناغێکی بەهێز، پڕ بەرهەم لە هەموو بوارەکانی فکر، فەلسەفە، سیاسەت، ئابووری، کۆمەڵناسی، تەنانەت لـە ئـەدەب و هونەریشدا.

بیروباوەڕە تەوەرەکانی مارکس بۆ بزوتنەوەی چەپ و سۆسیالیستی لەم پرسانەدا کە دەبێتەوە: پرسی مرۆڤبوون و هیومانیزمێکی جیاواز لە هیومانیزمی رۆشنگەری و لیبراڵی، پرسی شۆڕشی سۆسیالیستی و هێنانەدی دەسەڵاتی کرێکاری و حزبی سۆسیالیست و هێنانەدی قۆناغی یەکەمی کۆمۆنیزم کە سۆسیالیزمە، هێنانەدی کۆمەڵێکی ئازاد و یەکسان بە هۆی حکومەتی کرێکاری و سۆسیالیزمەوە، شیکردنەوەی چینایەتی بۆ جیهان و مێژووی هەتا ئێستا، پاشان بیروباوەڕەکانی دیکە لە ژێر کاریگەری ئەم تەوەرانەدا پەیڕەوی فکری و فەلسەفی دیکە بۆ مارکسیزم و بزوتنەوەی چەپ بەرهەمدەهێنن.

لەبەرئەوەی کە رانان و شیکردنەوەی ئەم بیروباوەڕ و پەیڕەوە سیاسی و فکریانە کاتێکی زۆری دەوێت و ئەم نووسینەش تەرخان نییە بۆ ئەو باسە، بۆیە چاکتر وایە تەنها ناوی ئەو پەیڕەوە فکری، فەلسەفی و سیاسیانە و داهێنەران و رابەرانی ئەو پەیڕەوانە بنووسم:

مارکسیزمی ئەرسەدۆکس؛ لەسەر دەستی کارل کاوتسکی و جۆرج بلیخانۆف.

مارکسیزمی پێداچوونەوە یان نوێکردنەوە، لە لایەن ئێدوارد برنشتاین.

مارکسیزمی رادیکاڵ یان شۆڕشگێڕ، لە لایەن رۆزا لۆکسمبۆرگ و کارڵ هیلفردینگو پانەکۆك.

مارکسیزمی رووسی، یان لینیزم، لە لایەن ڤلادیمێر لینین، ستالین.

مارکسیزمی رۆژئاوایی، یان هیگڵی و فەلسەفی لە لایەن گرامشی و لۆکاچ و کۆرش.

مارکسیزمی رەخنەیی یان فەلسەفەی نەفی، لە لایەن

قوتابخانەی فرانکفۆرت.

مارکسیزمی بونیادگەرایی، لە لایـەن ئاڵتۆسێر و نیکۆس پۆلانزاس.

مارکسیزمی بوونگەرایی (وجودی)، لە لایەن جان پۆڵ سارتەر.

مارکسیزمی شیکردنەوەی دەوڵەتی، لە لایەن راڵف میلیباند و کلاوس ئۆفە.

مارکسیزمی جیهانی سێ، یان وڵاتانی داگیرکراو. ماوتسی تۆنگ، گیڤارا و فرانز فانۆن.

مارکسیزمی هیومانیستی لە لایەن ژان ژۆرس و پارتی سۆسیالیستی فەرانسەری جاران.

سەرئەنجام هەموو ئەم رەوت و پەیڕەوە فکری و سیاسی و فەلسەفیانە توانییان هەم لە ناو مارکسیزم، هەم لە دەرەوەی مارکسیزم و لە ناو کۆڕو کۆمەڵەی فکری جیهانیدا بەرهەمی گرنگی فکری بۆ بزوتنەوەی چەپ و سۆسیالیستی پەیدابکەن. مخابن کە خودی حزب و رێکخراو و دەسەڵاتە سیاسییەکان زیاتر لەم بیروباوەڕانە دووربــوون، زۆرتـر لە لایـەن کۆمەڵێکی کەم لە پیاوانی سیاسی و موحتەریف بەڕێوەدەبران و بەرژەوەندی سیاسی ئاڕاستەی ئەو حزب و دەسەڵاتانەی دەکرد. کێشەی گەورەی سیاسەتی زاڵی ناو بزوتنەوەی چەپ و سۆسیالیستی بە هەموو ئاڕاستە سیاسیەکانی سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزمی روسی و چینی و تەنانەت رێکخراوەکانی چەپی نوێش ئەوە بوو، کە زۆر دوور بوون لە کاریگەری ئەو رەوت و پەیڕەوە فکریانە و کەمتر لە ژێر کاریگەری جیهانبینی و شیکردنەوەکانی ئەواندا بوون.

زۆربەیان هەموو ئەم حزب و دەسەڵاتە سیاسییانە لە لایەن پرەنسیپی بـەرژەوەنـدی سیاسی سـەردەم و دەسەڵاتی سەنترالیزمی پیاوانی سیاسی بەڕێوەدەچوون، سەرئەنجام دەسـەڵات و بـەرژەوەنـدی و هەژموون و تەنانەت زوڵم و چەوسانەوە و هەڵە بەردەوامەکانی ئەو هێز و حزبە سیاسیانە تابلۆی گشتی ئەو حزب و دەسەڵاتانەی دەنەخشاند. بێ کاریگەریی فکرو پەیڕەوی سیاسی و فەلسەفی لەسەر ئەو هێزە سیاسیانە وایکرد، کە بەردەوام و هەمیشە دووربن لە ئامانج و ڕەوشەکانی بزاڤی سۆسیالیستی و کرێکاری و جەماوەری، نزیکبن لە بـەرژەوەنـدی و دەسەڵاتی سیاسی ئەو سەرکردە سیاسیانەی، کە زیاتر ناوبانگی خراپیان هەبووە لە مێژووی چەپ و بزاڤی سۆسیالیستدا.

لە دوای نەمان و شکست و داڕمانی ئەو حزب و دەسەڵاتە سیاسیانەش تەماشادەکەی، کە هیچیان لە پاش بەجێنەما جگە لە یادەوەریی هەژموون و بەرژەوەندی و چەوسانەوە.

بەرهەم و ڕەهەندی سێهەمی بزووتنەوەی چەپ و سۆسیالیستی بریتیە لـە: بزوتنەوەی کرێکاری و سەندیکایی و جەماوەری ئەو خەڵکانەی کە بەشێك بوون لە بزاڤی چەپ و سۆسیالیستی. بەشێکی زۆریی ئەو بەرهەم و دەسکەوتە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیانەی، کە جیهان بەدەستیهێناون لەسەردەستی ئەم بزاڤانە بوون، بەڵام بەداخەوە بڕیاری سیاسی و بەرژەوەندی و دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە لە دەستی ڕابەرانی حزبی و سیاسیدا بـووە، نەك بە ئاڕاستەی بەشداری ئەم بزاڤە کرێکاری و جەماوەریانەی، کە هێز

و بەدەنی هەموو بزاڤە چەپ و سۆسیالیستەکان بوون. لە باشترین حاڵەتدا ئەم بزاڤ و سەندیکا و ڕێکخراوە جەماوەریانە پەراوێزی ناو خەڵکی ئەو سیاسەت و بەرژەوەندیانە بوون، کە لە لایەن حزب و دەسەڵاتە سیاسییەکانەوە بەڕێوەدەبران. واتە ئەم بزاڤانە تەنها باسك و هێزی جەماوەری ئەو بەرژەوەندیو دەسەڵاتە سیاسیانە بوون کە ناوم هێنان. هەرچەندە هێزە سیاسی و حکومییەکانی ناسراو بەچەپ و کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم لەناو چوون، یان بێهێزو توشی شکست بوون، بەڵام ئەو بزاڤ و سەندیکا و ڕێکخراوە کرێکاری و جەماوەریانە لەناو نەچوون و هەتا ئێستا لە کارو چالاکیدان.

کێشەی هەنوکەیی ئەم بزاڤە کرێکاری و جەماوەریانە ئەوەیە، کە لە لایەن بیروباوەڕ و ئەڵتەرناتیفێکی گشتی سیاسی و فکری وەها ڕێنمایی و بەشداری ناکرێن، کە لە دوای شکست و لاوازی بەشێك لەو هێز و حزبە سیاسیانە بەرە و هیواو ئاراستەیەکی ڕوونتر و ئایندەیی تر بڕۆن.

لەم زەمینەیەدا کێشەی گەورە و هەڵەی مەزنی بزاڤی چەپ و سۆسیالیستی لەوەدا بوو، کە نەیتوانی یان نەیویست لەم سێ مەیدانە گرنگ و کاریگەرە سەرکردایەتیەکی بەکۆمەڵ (جەماعی) بۆ ئەم بزوتنەوە چەپ و سۆسیالیستییە دروستبکات، هەمیشە پیاوانی کەمینەی سیاسی هەموو هێز و ڕەوت و ئاراستە سیاسی و گشتییەکەیان لەبەردەستدا بووە، بیروباوەڕ و پەیڕەوی سیاسی پەراوێزیان فەرامۆشکراوە و هێز و ڕەهەندی جەماوەریش تەنها باسك و هێزی ڕۆژانەی ئەوانە بووە، بەبێ ئەوەی بەشداربن لە نەخشاندنی سیاسەت و ئایندە و بەرژەوەندی و ئاراستەی هەموو بزوتنەوەی چەپ.

## نەیاری بەرامبەر رابردوو، رامانێك بۆ ئایندە

### یەکەم، سیاسەت و دەسەڵات بەدەست کێوە دەبێت؟

ئەفلاتون پێشمەرجی بەدەستهێنانی دادپەروەری و گۆڕین بەرەو کۆمەڵێکی باشتر، بە دەسەڵاتی فەیلەسوفان دەزانێت. ئەو بـڕوای وابـوو لەجیاتی پاشاکان دەبێت فەیلەسوفان دەسەڵاتدار بن، یان ئەو کەسانەی کە بەشێکن لە دەسەڵات و وڵاتان بەڕێوەدەبەن بەڕاستی دڵ بە فەلسەفە نەسپێرن و ئەگەر فەلسەفە و دەسەڵات هاوڕێ و هاوکارنەبن، کۆمەڵ و بەشێوەی گشتی هەموو مرۆڤایەتی بە ئامانجە دڵخوازەکانیان ناگەن. لەم روانگەیەدا باشترین کۆمەڵ کاتێك دێتە دی کە فەیلەسوفان دەسەڵاتدار، یان دەسەڵاتداران فەیلەسوف بن.

چەندین سەدە لەم دیدەی ئەفلاتون تێدەپەڕێت و ئێستا تەکنۆکرات و پسپۆران و بەکارهێنەرانی زانست و تەکنیك بڕوایان وایە کە سەردەمی کاریگەری فەلسەفە لە سیاسەتدا بەسەرچووە و نەخشی ئایدیۆلۆژیا و تیۆرە سیاسیەکان کۆتایی هاتووە، بەڵام ئێستا شکستی تەکنۆکراتی لە ئەوروپا بووەتە زەمینە و هۆکاری سەرهەڵدانەوەی فەیلەسوفانی سیاسی و بیرمەندان و روناکبیران بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی وڵاتان شێواز و مۆدێلی سیاسی تەواوی بزوتنەوەی چەپ و سۆسیالیستی لەم زەمینەیەدا لە دوو ئاڕاستەدا کۆدەبێتەوە: یەکەمیان ئەوەی کە مارکس و سۆسیالیستەکانی پەیڕەوی ئەو دەڵێن چینی کرێکاری رێکخراو دەتوانێت دەسەڵاتی سۆسیالیستی بەرێوەبەرێت و بە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا کۆمەڵێ سۆسیالیستی دامەزرێنێت. ئەم بۆچوونە دوو هەڵەی گەورەی تێدایە: چینی کرێکاری رێکخراو مانایەکی رۆشن و گونجاو و عەمەلی نادات بەدەستەوە و هەتاهەتایە ئەم

تێزە لە واقعی پراتیکیدا پەیدا نابێ، هەورەها لەسەردەمی مۆدێرن و دیموکراسیدا هیچ پێویست ناکات و زۆریش زۆردارانە و دواکەوتوانەیە کە وشەی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بەکاربێت. سەرمایەداری بەم هەموو ناشیرینی و زوڵم و چەوسانەوەیە بە ناوی دیموکراسی حوکم دەکات و دەسەڵات و دەوڵەت دروستدەکاتەوە، زۆر سەیرە سۆسیالیستەکان شێوازی دەسـەڵات و دەوڵـەت بە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بناسێنن. بە بڕوای من لەمەودوا سۆسیالیست و چەپەکان دەبێت لە بەرامبەر دیموکراسی نوێنەرایەتی و لیبراڵیدا باس لە دیموکراسی و دەسەڵاتی راستەوخۆی خەڵك بکەن لە ژێر ناوی دیموکراسی سۆسیالیستی، تەنانەت دیموکراسیی کرێکاری شێوازێکی گونجاو نییە بۆ هێنانەدی بەدیلێکی دیکە لەبەرامبەر دیموکراسیی نوێنەرایەتی یان لیبراڵی. دووەمیان، ئەو شێوازە حوکمڕانییە بوو کە لە لایەن لینین و کۆمۆنیزمی روسی دوای لینین خرایەڕوو لە دەسەڵاتی حزب و شورا و حکومەتدا، کە ئەویش دەسەڵاتی نوخبەی سیاسی ناو حزبە کە لینین لە کتێبی «چی بکەین؟» ناوی دەنێت» رێکخراوی شۆڕشگێرە موحتەریفەکان». هەموو شێوازی دەسەڵاتی بە ناو سۆسیالیستی سۆڤیەت و ئەوروپای رۆژهەڵات و چین و کۆبا و هەموو ئەو دەوڵەتانەی دیکەش کە هاوپەیمان یان لە ژێر کاریگەری سۆڤیەتدا بوون بەو شێوازە حزبی و نوخبەییە دەسەڵات و وڵاتانیان بەڕێوەبردووە. خەوشی سەرەکی ئەم شێوازە لە دەسەڵات لە ناو حزب، رێکخراو، سەندیکاکان، حکومەت و کۆمەڵدا ئەوە بووە، کە هەمان حوکمڕانی پێشووی چینایەتی و بۆرژوازییان بە ناوی سۆسیالیزم و کرێکارانەوە دووبارە و چەند بارە کردۆتەوە، کە ئەویش دەسەڵاتی رەهای کەمایەتییە بەسەر زۆرینەی خەڵك و کۆمەڵدا.

پەیوەندی نێوان سەرمایەداری و دیموکراسی نوێنەرایەتی لە دوو سەد ساڵی رابردوو بەمشێوەیە بووە: یان دەسەڵاتدارانی سیاسەت و حکومەت خۆیان سەرمایەدار و دەوڵەمەند بوون، یان شەریك بوون لەگەڵ سەرمایەدار و دەوڵەمەندەکان و سەرئەنجام، یان دەسەڵات و حکومەت پارێزەری سوود و بەرژەوەندی سەرمایەداری بووە. بۆیە سەرمایەداران و سەرمایەداری باکیان بەوە نییە، کە خۆیان و هەموویان حوکم بگرنەدەست، ئەوەی ئەوان مەبەستیانە کەمینەیەك، بەشێوازی هەڵبژاردن و نوێنەرایەتی دەسەڵات بەرێوەبەرن و ئەو دەسەڵاتەش بەرژەوەندی و سودی ئەوان بپارێزێت. شێوازی دەسەڵاتی نوێنەرایەتی و حکومەتی کەمینە ئەو شێوازە لیبراڵی و نیولیبراڵیەیە، کە بەردەوام سەرمایەداری بانگەشەی بۆ دەکات. کێشەی بزوتنەوەی چەپ و سۆسیالیستی، بەتایبەتی لەسەر دەستی لینین و کۆمۆنیزمی رووسی، ئەوەیە کە ئەوانیش بە ناوی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم و کرێکارەوە هەمان مۆدێل و شێوازی دەسەڵات، بەڕێوەبردنی دەوڵەت و وڵاتیان دایەوە دەست و کۆمەڵێك سیاسەتمەداری موحتەریف و سەنتراڵیست، ئەوان تەواوی بڕیار و چارەنوسی بزوتنەوە و دەسەڵاتەکانیان لەدەستدابووە و تەنانەت لە بۆرژوازی و سەرمایەداریش خراپتر ئەوەیان کردووە، کە دەسەڵاتی پۆلیسی و سەربازی ئەمان لەوەی سەرمایەداری و رۆژئاواش ناوەندێتی و سەرکەوتگەری زیاتر بووە. سۆسیال دیموکراسی و دەسەڵاتی کۆمۆنیزمی چینی و لایەنگرەکانیشان هەمان شێوازی دەسەڵات و حزب و بزوتنەوەیان بەڕێوەبردووە، کە ئەویش حوکمی کەمینەیەك بووە لە سیاسەتمەدارانی موحتەریف.

ئەڵتەرناتیفی چەپ و سۆسیالیستی لە کۆن و ئێستاشدا

بەرامبەر شێوازی سیاسەت و دەسەڵاتی کۆن و بۆرژوازی و سەرمایەداری و هەموو ئەوانەش، کە بە ناوی سۆسیالیزم و مارکسیزمەوە حزب و دەوڵەت و بزاڤەکانیان بەڕێوە بردووە، بە بڕوای من لە دوو پرسی گرنگدا کۆ دەبێتەوە:

أ-دەبێت جارێکی دیکە بزانێت چەپ و سۆسیالیستی بزاڤی و بتوان، کە شیکردنەوە و داڕشتنەوەی ئەم سیاسەت و بزاڤە بە کەسانی بیرمەند و شارەزا و بەتوانا دەکرێت لە بواری فکر و مەعریفە و سیاسەت، نەك بەو زاراوە ناڕۆشن و نادیارەی کە چینی کرێکاری رێکخراو دەتوانێت سیاسەت و فەلسەفە و سۆسیالیزم بەرهەمبهێنێت. کێشەی سەرەکی بزاڤی چەپ و سۆسیالیستی لە سەد ساڵی رابردودا ئەوەیە، کە هەمیشە دوور بوون لە رەوش و کاریگەری بیرمەندانی سیاسی و فیکری خۆیان و هەمیشە هەندێك سەرکردە و سیاسەتمەداری بەرژەوەندی خواز پاوانی حزب و بزوتنەوە و دەسەڵاتە چەپەکانیان کردووە.

ب-شێوازی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی ناو حزب و بزاڤ و دەسەڵاتەکان دەبێت بە شێوەی شورایی، یان سۆسیالیستی (واتە هاوبەشی) بێت. وشەی سۆسیالیزم بە مانای کۆمەڵایەتی و هاوبەشیکردن دێت و دەبێت هەموو شتێك بە شێوازێکی بەڕێوەبردنی بەشداری دروستبکرێتەوە. دەسەڵاتی کەمینە، یان سیاسەتمەدارانی موحتەریف ئەو بۆسە و ئاستەنگە بەهێزە بوو، کە بزووتنەوە و حزب و دەسەڵاتی چەپ و سۆسیالیستی جارێکی دیکە بردەوە بۆ ناو دەسەڵاتی هەژمونخواز و بەرژەوەندی خوازی ستەمکار و دیکتاتۆری، بەڵام بە ناوی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم. هەتا بزاڤی چەپ و سۆسیالیستی ئەڵتەرناتیڤێکی دیکەی باشتر، فراوانتر، ئازاد و یەکسانتر لە بەرامبەر دیموکراسیی نوێنەرایەتی و دیکتاتۆری

خۆرهەڵاتی و هەژمونخوازی و ستەمکاری دەسەڵات و حزب و بزووتنەوەکانی سەد ساڵی رابردوو نەخاتەڕوو، ناتوانێت وەکو بەدیلێکی باشتر بێتە مەیدان بۆ دەسەڵات و حوکم و سیاسەت. ئەمەش ئەو پرسە گرنگەیە کە بزوتنەوەی چەپ لە ئاینده دا بیکاتە یەکێك لە تەوەرەکانی بیروباوەڕ و سیاسەت و کۆمەڵناسی و فەلسەفەی سۆسیالیستی لەمەودوا.

**دووەم، هەوڵدان بۆ دەسەڵات یان ئۆپۆزیسیۆن بوون، یان هێنانەدی رەوتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی گشتی بۆ گۆڕینی هەموو شت.**

هەموو سەردەمەکانی بزوتنەوەی چەپ و سۆسیالیستی جگە لە سەردەمی مارکس و ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم و دووەم و سەردەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ئیدی ئەم بزاڤە تەنها لە سنوری کۆمەڵێك حزب و سیاسەتمەدارا قەتیس کراوە، واتە وەکو رەوت و بزاڤێکی کۆمەڵایەتی پان و بەرین کاریان نەکردووە. زۆربـەی حزب و لایەنە سیاسیەکانی چەپ لە دوای جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی، یان لە دەسەڵاتدا بوون، یان لە ئۆپۆزیسیۆن، بەڵام لە هەوڵی ئەوەدا نەبوون کە بزاڤەکە لە سنووری سیاسەت و چالاکانی سیاسی فراوانتر بکەن. لەم زەمینەیەدا یەکێك لە کێشە سەرەکیەکانی چەپ ئەوە بووە بەردەوام بۆ رەخنە و نەیاری خۆی لە پۆپۆلیزم لە خەڵك دوورکەوتۆتەوە، چۆتەوە ناو رەهەندە تەسکەکانی ناو کۆمەڵێك سیاسەتمەدار و چالاکوانی موحتەریف و پیشەیی و لە هەوڵی جەماوەری کردن دوور کەوتۆتەوە. واتە هەمان سیاسەتی نوخبەیی و کەمینەیی بۆرژوازی و چینە چەوسێنەرەکانی دیکەی پیادە کردووە.

پرسێکی دیکە لەم زەمینەیەدا ئەوەیە، کە بەهۆی ئەوەی

چەپ تەنها لە سیاسەتدا ئامادەیی هەبووە، بۆیە نەیتوانیوە یان نەیویستووە لە پرسەکانی دیکەی کۆمەڵدا بەتایبەتی لە پرسی فەرهەنگ و پـەروەردە و ئەخلاقدا بوونی هەبێت، لەکاتێکدا خودی بیروباوەڕی مارکس و گرامشی و هەموو پەیڕەوە فکری و فەلسەفییەکانی دیکەی دوای گرامشی ئەوە بووە، کە چەپ و بزاڤی سۆسیالیستی لە مەیدانی دروستکردنی بەدیلێکی دیکەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ئاکاریدا ڕێبازێکی دیکەیان خستۆتەڕوو، کە دژ و نەیارە بەرامبەر بە سنوورە تەسکەکانی بەرژەوەندی و هەژموونی کەمینە سیاسی و دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارەکان. چەمکی هیومانیزمی مارکس و چەمکی هەژموونی گرامشی، چەمکی نەیاری بەرامبەر پیشەسازی فەرهەنگی سەرمایەداری لەلایەن بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت هەموو ئەو چەمکانەن، کە چەپ و سۆسیالیستەکان دەتوانن ئەڵتەرناتیڤێکی فەرهەنگی و پەروەردەیی و شارستانی دیکەی مرۆڤانەتر و ئازاد و یەکسانتر بەرهەمبهێنن، بەڵام هەمیشە سیاسەتی چەپ و هەتا ئێستاش لەم چەمك و بیروباوەڕانە دوور بووە. ئەمەش یەکێکی دیکەیە لەو تەوەر و بیروباوەڕانەی کە دەبێت بزوتنەوەی چەپ و سۆسیالیستی بتوانێ فۆرمۆلەی بکات و بەدیلێکی دیکەی ئازادیخوازی و یەکساندۆستی مرۆڤانە تر بکاتە تەوەری شارستانییەتەکەی.

ئێستا نـەیـاری و نـاڕەزایـی خەڵك، یـان خواست و داواکارییەکانی زۆرینەی خەڵك و لە زۆربەی جیهان لە دژی سەرمایەداری و حکومەتە بە ناو دیموکراتیکەکانە و ئەمەش بۆتە بەشێك لە هەست و بیروڕای گشتی (بێگومان لە زۆر شوێن هێشتا نەبۆتە بزاڤی چالاك و کاریگەر)، بە پەیڕەوی لە ڕێبازە فکری و سیاسییەکانی ناو بزوتنەوەی چەپ و

سۆسیالیستی (بەتایبەتی لە ڕێبازی گرامشی و ئەرنستۆ لاکـلاوی ئەرجەنتینی) و بە پێی ئەزموونی دیاریکراوی ئەوروپاش کە سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی سۆسیال دیموکراتەکان و موحافەزەکان جیاوازی ئەوتۆیان نییە، ئەم بزوتنەوەیە کێشەی سنوورەکانی سیستەمی دیموکراسیی لە دەوڵەتی بۆرژوازییدا دەخاتەڕوو:

أ-ڕەوتـــی دیموکراتیك لـەو شوێنەدا کۆتایی دێـت کە بەرژەوەندییەکانی سەرمایەی گەورە، کە پیش هەموو شتێك لە بانکەکانەوە دەستپێدەکات، ڕاستەوخۆ دەبێتە دژی خەڵك و زیانەکانی ئەم سەرمایانە بە کەمکردنەوە و خراپکردنی باری ژیانی خەڵك دەسپێرن. لە هەلومەرجی قەیراندا وەکو ئێستاش کوردستان و عێراق و ئەوروپای باشور، حکومەتەکان بە قازانجی بەرژەوەندییەکانی سەرمایە گەورە و بانکەکان کاردەکەن و باری گرانی ئەم قەیرانە دەخەنە سەر شانی خەڵك بە گشتی. ئێستا بەرژەوەندی و قازانج و دەسەڵاتی سەرمایەداری گەورە و سیاسەتی ئۆلیگارشی ئەوان کەوتۆتە بەرامبەر و دژی بەرژەوەندی زۆربەی خەڵك، نەك تەنها کرێکاران و هەژاران، بەڵکو چینی ناوەڕاستی نوێش لەم هەژارکردن و قەیرانە بێبەش نەبووە.

ب-هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆربەی وڵاتان ئەوەشی نیشانداوە، کە خودی حزبە سیاسییەکان و چینی سیاسی کۆن ئاستەنگی سەرەکین لەسەر ڕێگەی ئازادی و دیموکراسی. لەدوای پەیدابوونی ئەم خەڵکە سیاسییەی کە لە زاراوەی گشتیدا بە(چینی سیاسی) ناسراون، تایبەتمەندی ئەو کەسانە دەبێتە ئەوەی کە بە پیشە ببنە سیاسی (موحتەریف) و هەموو بڕیارەکانیان لەدەستدا بێت و سەرئەنجام دەبنە ئەو گروپانەی، کە ستراتیژی تایبەتی سامان و دەسەڵات لە دەستیان دەبێت.

ج-لەم هەلومەرجەدا خستنەڕووی بەدیلی دیموکراسیی سۆسیالیستی و فراوان کردنی ژیانی سیاسی بەرەو شوێنی کار و ژیانی خەڵك دەبێتە ئەو سەرەتا و زەمینە گشتی و فراوانەی، کە خەڵك و هێزە سیاسیە تازەکان بێنە مەیدان و تەنانەت رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانیش جارێکی دیکە لە هەژموون و دەسەڵاتی بیرۆکراسی رزگاریان دەبێت، هەموو ئەو کەس و لایەنانەش کە لە حزب و سیاسەتەکانی خۆیان ناڕازین دەبنە بەشێك لەم بزاڤە کۆمەڵایەتییەی، کە شوێنی کار و ژیان دەیانگرێتەوە. ئەم بزاڤانە ئەوەش ئاشکرا دەکەن کە زۆرینەیەکی کۆمەڵایەتی فراوانتر لەودیوی دەزگا سیاسەکان بوونیان هەیە، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە سیستەمی دەسەڵاتی کۆن و کاستی سیاسی رابردوو ناتوانێت نەیاری و نارەزایی کۆمەڵایەتی بەبێ کێشە فەرامۆش بکات. پرسێکی دیکەش ئەوەیە کە دەبێت ئەم بزوتنەوە نوێیانە بەتەواوی دوور بن لە توندوتیژی و بەکارهێنانی هێز، بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەتوانن لەناو خۆیاندا نەخشی ئۆرگان و رێکخراوی سیاسی نوێش پەیدا بکەن.

د-لـــەم هـەلـومـەرجـەدا ئـەم پـرسـە بـۆ بـزووتـنـەوە کۆمەڵایەتییەکان دێتە پێشەوە، کە چۆن دەتوانن هاندان و کۆکردنەوەی هێزی خەڵك بکەنە هێزێکی هەمیشەیی، کە لە خوارەوەی کۆمەڵ و لەناو خەڵکدا زیندو بێت. ئامانجی بیرمەندان و چالاکەکانی چەپ لەم زەمینەیەدا تەنها پێکهێنانی حزبێکی نوێ نییە، ئەم خاڵەش چەپی نوێ، یان ئەم روانگەیە بۆ چەپ لە رێکخراوە چەپەکانی دیکەی ئەوروپا و جیهان جیادەکاتەوە. پرسێکی دیکە، یان کێشەیەکی دیکە ئەوە بوو کە مەترسی هاوڕەنگ بوونەوە لەگەڵ دامـەزراوە و پارتە کۆنەکان لەلای ئەم بزاڤە نوێیە دەبێت لەناو ببرێت. کێشەی

زۆرێك لە پارت و رێکخراوە چەپەکانی ئەم دوو دەیەی دوایی ئەوە بوو، کە سەوزەکانی ئەڵمانیا و کۆمۆنیستەکانی کوردستان و ئێران پێیدا تێپەڕێن و لەئاکامیشدا پێش ئەوەی سیاسەت بگۆڕن، خۆیان گۆڕان.

بەرەنگاری لە دژی دامودەزگاکان، یان نەیاری بەرامبەر نەریت و فەرهەنگی سیاسی کۆن ئەبێت لەم بزاڤەدا بەهێز بکرێت و بتوانن نەیار و بەدیلی فەرهەنگ و نەریتی سیاسی کۆن بن. لەم زەمینەیەدا دەتوانین ئاماژە بە ئەزموونی ساڵی رابردووی بزوتنەوەی پۆدیمۆس (ئێمە ئەتوانین) بکەین کە بە بزاڤی (دەستپێشکەری) لە بەرشەلۆنەوە هاتنەمەیدان و بناغەی کاری ئەوان بریتی بوو بە هێنانەدی ڕەوتەکانی ئاڵۆگۆڕ لە ناوچە و گەڕەکەکاندا و ئامانجەکەشیان ئەوەبوو، کە لە رێگەی کۆبوونەوە و دیداری ئەو شوێنانە بزوتنەوەیەکی بنەڕەتی و خەڵکی بۆ سیاسەت و رێوشوێنەکانی ناوچەکان بەڕێبخەن، کە کاری بنەڕەتیان بەڕێوەبردنی شوێنی کار و ژیانی خۆیان بوو. ئەم بزاڤە زۆر لە شورا سەرەتاییەکانی روسیا و ئەڵمانیا و ئیتاڵیای سەدەی بیستەم دەرچوو. ئامانجی بزوتنەوەی دەست پێشکەری بە ئاشکرا دەرکەوت، کە هەوڵنەدان نەبوو بۆئەوەی گروپە چەپەکان بکات بە یەك، بەڵکو ئەوەبوو کە لە رێگەی هێنانەدی بزووتنەوەیەکی بنەڕەتی خەڵکی، لە چەپی پارچە پارچە خۆی رزگاربکات. لە روانگەی میتۆدەوە هۆشیارانە رێگایەکیان هەڵبژارد، کە دەبێتە ئەڵتەرناتیفی هەموو شێوازەکانی نوێنەرایەتی نەریتی و کۆن، یان نوێنەرایەتی هەتا ئێستا. پرسی سەرەکی و ناوەندی ئەوان ئەوە بوو، کە نەیاری و ناڕەزایی کۆمەڵایەتی و گشتی بگۆڕن بۆ یەك سەرکردایەتی سیاسی و ئەڵتەرناتیفی نوێ و لەم رێگەیەشەوە هاندان و کۆکردنەوەی هێز و

خۆئامادەکردن رێکخرا بوو، کە دەیتوانی سنور و ئاسۆ فراوانەکان ببڕێت. ئەمەش جیاکەرەوەیەکی دیکەی پۆدیمۆسە لە بزاڤە پۆپۆلیستەکانی دیکە کە هەموو سەرکردایەتی و دامەزراوەکانیان تەنها لە ئاپۆرە و ئاکسیۆنەکاندا دەبێت.

ڕەوشی نوێی سیاسەت و نوێنەرایەتی نەیار بە سیاسەتی نوێنەرایەتی کۆنی چەپ و ڕاست لەوەدایە ئاڵۆگۆڕی سیاسی لە زۆرێك لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین نە ئەنجامێکی سادەی سەرکەوتن بوو لە هەڵبژارنەکان و نە شۆڕش و کودەتا، بەڵکو بریتییە لە پەیوەندی نێوان دابڕانی رادیکال، بەردەوامی و گۆڕان. نەیاری و یاخی بوون لە دژی رژێمی نیولیبراڵ و سەرهەڵدانە جەماوەرییەکان توانییان ئەو رژێمانە بلۆك بکەن، کە ئەویش بریتی یە لە ئاڵۆگۆڕی حکومەت لە ناو هەمان سیستەمی سیاسی جاران، بەڵام دابڕان و گۆڕانی ئەمجارە بریتی یە لەوەی کە هێزێکی کۆمەڵایەتی بەردەوام و چالاك دەبێتە ئەڵتەرناتیفی سیاسی و دەبێت ئەم ڕەوشەش بەردەوام بکرێت. پرسی چارەنوس سازی ئەم ئاڵۆگۆڕە لە نوسینەوەی دەستورەکانیشدا دەرکەوت کە بریتییە لە بەشداری فراوانی کۆمەڵایەتی لە باس و گفتوگۆکان دەربارەی پەیمانی کۆمەڵایەتی نوێ. بەرنامەی ئایندەی چەپ لە زەمینەی نوێنەرایەتی و پەیمانی کۆمەڵایەتیدا بەم ئاڕاستەیە دەتوانێت کۆمەڵایەتی تر و سۆسیالیستی تر بێت.

### سێهەم، پرۆژەو ئەڵتەرناتیفی ئومێدبەخش

بزوتنەوەی چەپی ئایندە دەبێت لەو تێزەوە دەست پێبکاتەوە، کە بوونی پرۆژەیەکی ئومێدبەخش بکاتە ئەڵتەرناتیف، هەر لەبەرئەوەش دەبێت کە سەرەتای کار و ناوەڕۆکی پرۆژەکەی هاندان و کۆکردنەوی سیاسی ئامانجدار

بێت. وزەی سیاسیی ئەم بزاڤە دەبێت لە بەرامبەر سیستەمی سیاسی کۆن و کاستە حزبی و سیاسیەکەیدا بێت. لەم سەردەمەدا و لە قۆناغی یەکەمدا بەدەستهێنانی پێگەی پەرلەمانی و سیاسی رەسمی دەتوانێت پێگەیەکی باش و گونجاو بێت بۆ کاری ئایندە، هەرچەندە ئەم پێگەیە تەنها لەگەڵ پرسەکانی دیکەی باسکراو دەتوانێت کاریگەری و لایەنی پۆزەتیفی هەبێت، چونکە بە بێ بوونی ئەڵتەرناتیف و پـرۆژەی ئومێدبەخشی دیموکراتی سۆسیالیستی تەنها سیاسەت و بەشداریی پەرلەمانی هەر دەتوانێت رابردوی سۆسیال دیموکراسی و کۆمۆنیزمی ئەوروپایی و چەپی نوێ دووبارە بکاتەوە.

ئامانجی پـڕۆژەی ئایندەی چەپ و بە گرنگیدان بە بیروباوەڕەکانی گرامشی و ئەرنستۆ لاکلاو دەبێتە ئەوەی، کە زۆرینە کۆمەڵایەتییەکان کە لە رەوت و کارەکانی و بڕیاردان و بەشداری سیاسیدا بێبەشن، لە هەلومەرجێکی نوێدا سیاسی بکاتەوە. خاوەندارێتی لە نەیاری و ناڕەزایی خەڵك و دروستکردنی ئۆرگانەکانی هۆشیاری و خۆبەڕێوەبردن و بڕیاردانی گشتی ناو خەڵك ئەو پرۆژە ئومێدبەخشەیە، کە چەپی ئایندە دەبێت کاری لەسەر بکات و دەبێت جگە لە خەباتی چینایەتی پیشەیی و فکری و سیاسی مەیدانەکانی دیکەی خەباتی گشتی نەك تەنها رابەرایەتی بکرێت، بەڵکو دەبێت ئەو رابەرایەتییە لە ناو خودی شوێنی کار و ژیانی خەڵکدا بێت و ئۆرگانەکانیش خۆیان دروستیان کردبێت.

یەکێکی دیکە لە پرسیار و گومانەکانی چەپی ئایندە، یان رەخنە و نەیاری بەرامبەر رابردوی سەد ساڵەی بزوتنەوەی چەپ و کرێکاری و سۆسیالیستی لە هەموو شوێنەکانی دنیا ئەوەیە: هەرچەندە ئەو چەپە کۆنە و بە هەموو باڵە

کۆمۆنیست وسۆسیال دیموکراسی و چەپە تازەکانیشەوە نەیانتوانی یان نەیانویست بانگەوازی سەرهەڵدانی دژی سیستمی سیاسی زاڵبکەن، چونکە خۆشیان بەشێك بوون لەو سیستمە یان لە زۆربەی روخسار و بەرژەوەندییەکانی ئەو سیستمەدا بەشدار بوون. هەموویان ئەوەندەی کە نزیك بوون لە پێگە و بەرژەوەندییەکانی سیستمی دەسەڵاتدار، هێندە نزیك نەبوون لە ئامانجەکانی ئاڵۆگۆڕ لە بەرژەوەندی خەڵکدا، چەپی نوێی ئەوروپی هەر بەو شێوەیە بوون و هەمیشە هاوکار و یەدەگی سۆسیال دیموکراتەکان بوون.

پێکهاتەی رێکخراوی چەپ کۆن (کۆمۆنیست، سۆسیال دیموکراسی، چەپی نویّ) لە هەلومەرجی بابەتیانەدا نەیار و دژی هەموو ئەو هەوڵە دیموکراتیکە رادیکاڵانە بوون، کە بە دەروونی کۆمەڵدا دەهەژان و خوازیاری گۆڕینی سیستمی سیاسی بوون. کاری سیاسی چەپی کۆن و چەپی نویّ لەسەر ئەو لۆجیکە نوێنەرایەتییە نەریتییە دامەزرابوو، کە بەهێزیی رێکخراوەکانیان و بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمان گرنگترە لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی خەڵك. ئەوانەی خۆیان بە هێز و هۆکارەکانی گۆڕان دەناساند، یان حزب و رێکخراوەکانیان بوونە، یان کرانە شتێکی خۆپەرست و خۆپەسەند. چەپی رابـردو بونەتە یەك ئەنجومەن، کە تەنها خەریکی کاری ناوخۆی خۆیانن و هەقیان بەسەر کێشە و پرسەکانی خەڵکەوە نەبووە.

هێنانەدی رێکخراوی سیاسی وەکو رەوتی کۆمەڵایەتی و بۆ خزمەتی ئەو رەوتـە، کە سیاسەت و حزب بتوانێت پەیوەندییەکانی نێوان سەرهەڵدانی جەماوەری و دیموکراتیك و شێوازی دامـەزراوەیـی خۆی بەڕێوەببات. هەرچەندە ئەمەش بەو مانایە نییە کە هەموو کار و پرسەکانی چەپی

رابردو هەڵە بوون، لەوانەشە چەپ لە ئایندەدا هەمان کێشە و هەڵەکانی رابردوی تیا پەیدا بێتەوە، بەتایبەتی لەو شوێنەدا کە چۆن بتوانێ هاوسەنگی نێوان رەوتە سیاسییەکان و ئەو رەوتانەش، کە لە ئایندەدا سەرهەڵدەدەن بپارێزێت و بەبێ ئەوەی کە روانگە و بەرژەوەندییە تایبەتییە حزبییەکان رێگربن لە بەرامبەر رەوتە جەماوەری و گشتییەکان. هەتا جارێکی دیکە چەپ نەبێتەوە بەشێك لە بزاڤی گشتی و بەردەوام لەو بزاڤەدا نەمێنێتەوە و خۆی جیابکاتەوە، دیسان دەبێتەوە بەشێك لە بیرۆکراسیەکەی جاران و ئەو بۆچوونە دۆگمایەی کە پێشڕەوی شۆڕش و چینی کرێکار و ئاڵۆگۆڕن. لەکاتێکدا بوونی بزوتنەوەی سیاسی و تیۆری چەپ بەشێکە لە بزاڤی گشتی بۆ گۆڕان و ژیانێکی باشتر.

## بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە  جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل / مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط / سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشییاکان | ئەنوەر حسێن | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 101 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلّح شێخ ئیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گرگرتوو | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | هەڵگورد جەلال | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 111 | چین و سیستەمی بازرگانیی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 112 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرەتاوی من | سەرهەنگعەبدولڕەحمان | 2016 |
| 114 | ئازدی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 206 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کوردو ئیسلام لە یەکتربڕدا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارڵ مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردەتاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتیی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کوردو مێژووی جەژنی نەورۆز | د. کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف، هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندویی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەر و پرۆلیتاریا | پێشڕەو محەمەد و هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کار دەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | ئەکرەم میهرداد | 2016 |
| 134 | نامیلکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵڵا | 2016 |